

## وێنەگرێک پێیگوتم بەڕاستی جوانی

**تایبەت بە رووداو**

گۆرانیبێژی کوردی نیشتەجێی ئەڵمانیا، نازدار دەڵێ ئەو هەمیشە خوێندکارێکی زیرەک بووەو، ئێستاش زۆر پەیوەستە بە خوێندنەکەیەوە. نازدار کە لەباکووری کوردستان لەدایکبووەو بەهۆی چالاکییە سیاسییەکانی باوکییەوە ئاوارەی ئەڵمانیا بوونە و ئێستاش لە شاری بیلەفیلد درێژە بە خوێندنەکەی دەدات، دەڵێ " ئێستاش مامۆستایەکانم من بەکەسێکی زیرەک و سەرکەوتوو دادەنێن". نازدار، دەڵێ زۆرجار داوای پەیوەندی خۆشەویستی لێکراوە "زۆر جار ئەوە روویداوە کە چوومەتە شوێنێک هەندێ کەس پێم سەرسام بوونەو داوای پەیوەندییان لێکردووم، بەڵام رەتم کردووەتەوە، جارێکیش وێنەگرێک کە وێنەی گرتم گوتی بەڕاستی جوانی، هەرکەسێک بتبینێت حەز دەکات تۆ بۆ ئەو بیت ".

17



## سیاسەتی نەوتیی عێراق چەوتە

**تایبەت بە رووداو**

د.ئیبراهیم بەحرولعلوم،وەزیری پێشووی نەوتی عێراق و ئەندامی پەرلەمانی عێراق، لەهەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) رەخنەی لە سیاسەتی نەوتی عێراق گرت و بە "سیاسەتێکی چەوت و هەڵە"ی ناوبردو، گوتی " هەندێ کۆمپانیا گرێبەستیان لەگەڵ هەرێمی کوردستان کردووە بەغدا سزایداون و لەلیستی رەش دایناون، ئەو کۆمپانیانە نەوتیان لەئێمە دەکڕی، ئێستا نایکڕن، ئەمە پێی ناگوترێ سیاسەت، ئەمە سیاسەتێکی چەوتە" .گوتیشی وەزارەتی نەوت نەیتوانی سوود لەهەڵەکەیساڵی رابردوو وەربگرێ کە نەوتێکی زۆر بفرۆشێت. هەروەها گوتیشی لەکێشەی گرێبەستە نەوتییەکانی نێوان بەغدا و هەرێمی کوردستاندا تەنیا وەزارەتی نەوتی عێراق هەڵە نییە بەڵکو حکومەتی کوردستانیش هەڵەیە، چونکە سیاسەتی کوردستانیش لەسەر کاردانەوەی بەغدایە.

4



## پاڤێل نەختێک عەسەبییە و قوباد باشترە

**تایبەت بە رووداو**

شێخ جەنگی زڕبرای مام جەلال سەرۆک کۆماری عێراق، لە هەڤپەیڤینێکدا لەماڵەکەی خۆی لە کۆیە لەگەڵ (رووداو) گوتی، باوی بەجێهێشتنی کورسی حوکمڕانی لە باوکەوە بۆ کوڕ نەماوەو، سەبارەت بە دوو کوڕەکەی مام جەلال دەڵێ " پاڤێل نەختێک عەسەبیەتی تێدایە، بەڵام قوباد کوڕێکی لەسەرخۆتر و باشترە، بەڵام هیچ حەدیان نییە جێگەی باوکیان بگرنەوە"،گوتیشی "ئەو رەزالەتەی مام جەلال بینیویەتی بە منداڵەکانی ناکرێت". شێخ جەنگی باسی ژیانی منداڵی مام جەلال دەکات و دەڵێ مامۆستاکانی دەهاتنە لای ئەو پێیاندەگوت پێی بڵێت بەو تەمەنە منداڵییەی تێکەڵاوی سیاسەت نەبێت بۆ ئەوەی دوارۆژی ئەو خوێندکارە زیرەکە نەفەوتێت، شێخ جەنگی دەڵێ شانازی بەوەوە دەکات کە" کە بە هۆی ئێمەوە نەگەیشتووەتە ئەو پلەیەو، تەنها بە هەوڵی خۆی بووە".

9


Rûdaw
رووداو

ژمارە (52)
دووشەممە 2009/4/20
31ی نەورۆز 2709
(750) دینار

www.rudaw.net
خوێنەری رووداو زۆرتر دەزانێت


## رووداو ناوی قەوارە بەشدارەکانی هەڵبژاردن ئاشکرا دەکات و لیستەکەی نەوشیروان 25 ملیۆن دینار دادەنێت

# سلێمانی لەژێر مەترسی دروستبوونی شەڕی لیستەکاندا دەژی

**رووداو- سلێمانی**

هەندێک لە هاووڵاتیان و چاودێرانی سیاسی لە سلێمانی هەست بە مەترسی دروستبوونی توندوتیژی و شەڕەکەن لە هەڵبژاردنی چاوەڕوانکراوی پەرلەمانی کوردستاندا، ئەندام مەکتەب سیاسییەکی دەست لەکارکێشاوەی یەکێتیش دەڵێت "ترسی روودانی شەڕمان هەیە".

بەپێی لێدوانی بەرپرسەکانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان بۆ (رووداو)، تا ئێستا زیاتر لە 30 قەوارەی سیاسی بە مەبەستی تۆمارکردنی ناوی قەوارەکانیان سەردانی هەردوو ئۆفیسی هەولێر و سلێمانی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانیان کردووەو فۆرمیان پڕ کردووەتەوە، 5 قەوارەش فۆرمەکانیان گەڕاندووەتەوە (4 قەوارە لە سلێمانی و قەوارەیەکیش لە هەولێر)، هەریەکەشیان 25 ملیۆن دیناری وەک بیمە (تامین) داناوە. کە لەنێویاندا لیستی گۆڕانی نەوشیروان مستەفا و لیستی هەڵۆی برایم ئەحمەد و لیستێکی گەنجان لەشاری هەولێر هەیە.

هەندرێن عەبدولقادر، بەرپرسی نووسینگەی هەولێری کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆیی هەڵبژاردنەکان، ئەو بڕە پارەیەی بە زۆر دانا و گوتی "زۆر خەڵک سەردانی ئێمەیان کردووە، بەڵام لەبەرئەوەی دەبێت 25 ملیۆن دیناری تەئمینات دابنێن پەشیمان دەبنەوە، دکتۆرێک هات گوتی پارەکەی زۆرەو نایدەم". هەر لیستێک نەتوانێ بگاتە پەرلەمان پارەکەی نادرێتەوە.

فەرەیدون عەبدولقادر، ئەندامی پێشووی مەکتەبی سیاسی یەکێتی کە لەساڵی 2005ەوە دەستی لەکارکێشاوەتەوە، لەو باوەڕەدایە کە ململانێی هەڵبژاردنی ئەمجارە زادەی ململانێی و ناکۆکییە سەختەکانی نێو یەکێتیەو پێشیوایە ململانێکان بۆ شەڕن لەسەر دەسەڵاتی نێو یەکێتی "ئەمەش دەبێتە شەڕ لەسەر دەسەڵات".

لەدرێژەی لێدوانەکەیدا بۆ (رووداو) گوتی باڵی ریفۆرم ئەمجارە بەختی خۆی لە رێگەی سندووقەکانی دەنگدانەوە تاقیدەکاتەوە، پێشبینی دەکات کە "هەر یەک لە دوو حیزبە سەرەکییەکە کەمتر لە 40 کورسی دێنن و یەکێتی لە سلێمانی 20 کورسی بەردەکەوێت، بۆیە ململانێ لەسەر ئەم 20 کورسییە بۆ یەکێتی، ململانێیەکی سەخت دەبێ".

فەرەیدون عەبدولقادر لە هەڤپەیڤینێکی پێشوویدا لەگەڵ (رووداو)، داوایکرد نەوشیروان مستەفا لیست دروستنەکات، بۆئەوەی سلێمانی نەکەوێتە بەر هەڕەشەی شەڕ.

هێشتا رۆژی هەڵبژاردن رانەگەیێندراوەو، رۆژی دەستکردن بە هەڵمەتی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنیش دەستی پێنەکردووە، بەڵام هەڵمەتەکە لە ئێستاوە هەستپێدەکرێت، بەتایبەتی لەنێوان باڵی ریفۆرم و یەکێتیدا، ئەوەش مەترسی دروستبوونی توندوتیژی بەتایبەتی لەشاری سلێمانیدا دروستکردووە.

بەڵام بەرزان ئەحمەد کوردە، بەرپرسی مەڵبەندی سلێمانی، لەو بڕوایەدایە کە"پرۆسەکە زۆر ئاسایی بەڕێوەدەچێت". ئەو لەدرێژەی لێدوانەکەشیدا سەبارەت بە ئەگەری دروستبوونی توندوتیژی لەنێوان یەکێتی و لیستی نەوشیروان مستەفا گوتی "باوەڕ ناکەم شتێکی وا روودات، مەگەر حاڵەتی وا لای ئەوانەوە رووبدات". بەڵام مام رۆستەم بازیانی، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی، کە ئێستا لەگەڵ نەوشیروانە و یەکێکە لەوانەی دەستی لەپۆستە حیزبییەکەی خۆی لەنێو یەکێتی کێشاوەتەوە دەڵێ "ئێمە نەهێزمان هەیەو نەپارە تا بەکاری بهێنین، بۆیە هیچ شتێک لای ئێمەوە روونادات". بەڵام گوتیشی "پێشبینی دەکەم هەڕەشەو توندوتیژی و ترساندن رووبدات".

7-3

## وەزیری دارایی هەرێمی کوردستان:

## ئەگەر بەغدا بەم شێوەیە پارەمان بۆ بنێرێ کارەسات دەقەومێ



**تایبەت بەرووداو**

وەزیری دارایی هەرێمی کوردستان رایگەیاند ئەو پارەیەی ئێستا لە بەغداوە بۆ کوردستان دێت بەشی مووچەی سلێمانیش ناکات و گوتی " ئەگەر ئەمە وا بەردەوامبێت کارەسات دەخولقێ".

بایز تاڵەبانی وەزیری دارایی هەرێمی کوردستان بەوەکالەت، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) رایگەیاند، پرۆژەی یاسای بودجەی ئەمساڵی هەرێمی کوردستان کە ئێستا ناردوویانەتە ئەنجوومەنی وەزیران 8 تریلیۆن و 283 ملیارو 172 ملیۆنە، بودجەی تەشغیلیش 5 ترلیۆن و 979ملیۆن دینارە. هەروەها گوتی لەو بودجەیە بەبێ مووچەی پێشمەرگە "دەوروبەری 60% تەنیا بۆ فەرمانبەرانی فعلییە"، ئەگەر مووچەی پێشمەرگەشی بێتەسەر "ئەوا 80%ی بودجە بۆ مووچە دەڕوات". هەروەها گوتی بودجەی حیزبەکان کە لەنێو پرۆژەی یاساکەدایە زیادکراوە. بایز تاڵەبانی مووچەی وەزیرەکانی هەرێمی کوردستانیشی ئاشکرا کردو گوتی بڕی 7ملیۆن و 500 هەزار دینارە، بەڵام سەبارەت بە مووچەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و جێگرەکەی و سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەشی گوتی "ئەوەی من بزانم سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران مووچە وەرناگرن".

وەزیری دارایی گوتی، بەغدا هەمیشە بودجەی بە پچڕ پچڕی ناردووە، بەڵام ئەمساڵ خراپتریشە"ساڵی رابردوو لەم کاتەدا 2 ترلیۆن و 793 ملیار دینارمان بۆ هاتبوو، ئەمساڵ تائێستا 963 ملیار دینار هاتووە. مانگی رابردوو 184 ملیار دیناریان بۆ مووچە داناوە، ئەوە تەنیا بەشی سلێمانی ناکات، ئەوەی دەینێرن بەشی چارەکێکی مووچەی ئێمە ناکات. ئێستا ناچارین هەندێک تەجاوزات بکەین، ئەگەر ئەمە وا بەردەوامبێت کارەسات دەخولقێ".

8

## پسپۆڕێکی شەریعەت:

# خەتەنەکردنی کچان لە کوردستان پێویست نییە



شاوین، کچێکی تەمەن 4 ساڵە لە رۆژی 2009/4/14 لە سلێمانی خەتەنەکرا (فۆتۆ: AFP)

**تایبەت بەرووداو**

بەپێی ئامارو رووپێوەکان، خەتەنەکردنی کچان لەزۆربەی ناوچەکانی کوردستان روو لەکەمبوونە و، شارەزایەکی شەریعەتی ئیسلامیش دەڵێت خەتەنەکردنی کچان لە کوردستان پێویست نییە "شارەزایانی ئیسلام کچەکانیان خەتەنە ناکەن".

بەپێی ئاماری وەزارەتی مافی مرۆڤ لە ناوچەی گەرمیان، لەساڵی 2000 ەوە هیچ حاڵەتێکی خەتەنەکردنی کچان تۆمار نەکراوە، لە چەمچەماڵیش تەنیا 10%ی کچان خەتەنە دەکرێن. هەر بەپێی راپۆرتەکە لە سۆران و چۆمان 42%ی کچان خەتەنەکراون، بەڵام لە قەزای ئاکرێ، شارەزوور، مێرگەسۆر و زاخۆ خەتەنەکردنی کچان نەماوە. بەرزترین رێژەی خەتەنەکردنیش وەک لە راپۆرتەکەدا هاتووە، لە ناوچەی بیتوێن و پشدەرە، کە لەکۆی 758 کچی پرسیارلێکراوی ناوچەکە، 425یان خەتەنە کراون.

خەتەنەکردنی کچان زیاتر لە وڵاتە گەرمەکانی ئەفریقیا بەتایبەتی لەسودان و سۆماڵ دەکرێت، لەسەردەمی ئیسلامدا پێغەمبەری موسڵمانان قەدەخەی نەکردووەو خەڵکیشی هاننەداوە بۆ کردنی. قاسم غەفوور، قوتابی دکتۆرا لە شەریعەتی ئیسلام دەڵێت خەتەنەکردنی کچان پەیوەندی بە ئیسلامەوە نییەو زیاتر لە وڵاتە گەرمەکان دەکرێت"بۆ کوردستان پێویست ناکات بکرێت، خەتەنەکردنی کچان کارێکی باش نییە".

بەبڕوای قاسم غەفوور خەتەنەکردن لەکوردستان بەرەو کەمبوونەوە دەچێت و ئەوانەی ئەو کارەش دەکەن زیاتر توێژی نەخوێندەوارن و، گوتی "ئەوانەی ئەکادیمی بن و شارەزابن لە ئیسلام کچەکانیان خەتەنە ناکەن".

12

## حیزبەکەی هەڵۆ ئیبراهیم ئەحمەد رۆژنامەو رادیۆیەک دادەنێت

**بیلال سەعید**

**رووداو-سلێمانی**

وتەبێژی پارتی پێشکەوتنی کوردستان کە هەڵۆ ئیبراهیم ئەحمەد سەرۆکایەتی دەکات،بە (رووداو)ی راگەیاند، بە لیستێکی سەربەخۆ بەشداری هەڵبژاردن دەکەن و رۆژنامە و رادیۆیەک لە سلێمانی دادەنێن.

زانا عەبدولکەریم، وتەبێژی پارتی پێشکەوتنی کوردستان، لە درێژەی لێدوانەکەیدا رایگەیاند پارتەکەیان بڕیاریداوە بە لیستێکی سەربەخۆ بەشداری هەڵبژاردن بکات و گوتیشی "بەرنامەی لیستەکەمان لەماوەیەکی نزیکدا بۆ خەڵک رادەگەیێنین و لە هەفتەی ئایندەدا پەخشی رادیۆکەمان بەنێوی (رادیۆی هانا) دەست بە پەخشکردنی بەرنامەکانی دەکات".

ئەو پارتە کە لەلایەن هەڵۆی برای هاوسەری مام جەلالەوە دامەزراوە، لە دوای گەڕانەوەی گرووپی رەوتی یەکبوون بۆ نێو یەکێتی دەستی لەکارکردن لەگەڵ یەکێتی کێشایەوە.

وتەبێژی پارتەکە گوتی" پارتەکەمان پارتێکی سەربەخۆی و هاوشێوەی هیچ پارتێک نییە، رادیۆکەشمان دەبێتە دەنگی راستی و هاووڵاتیان، هەروەها بەنیازی دەرکردنی بڵاوکراوەیەکین بەناوی (ئایندە)و سەرقاڵی کردنەوەی ماڵپەڕێکی تایبەت بەپارتەکەشمانین".

## جێگری سەرۆکی حکومەت:

# وەزیری شەهیدان بۆ چارەسەری چووبووە دەرەوە نەک گەشتکردن



**رووداو-هەولێر**

پاش سەفەرێکی 75 رۆژی، هەفتەی رابردوو وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان گەڕایەوە کوردستان، جێگری سەرۆکی حکومەتیش دەڵێ " بۆ چارەسەر چووە، نەک گەشتوگوزار".

بەپێی ئەو زانیاریانەی لە کەسێکی ئاگادار لە گەشتەکەی وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانەوە دەست (رووداو) کەوتووە "ئێوارەی رۆژی 2009/4/11، چنارسەعد لە نەمساوە گەڕایەوە هەولێر"، کە هاوکاتبوو لەگەڵ هێنانەوەی رووفاتی 187 ئەنفالکراوی گەرمیان، کەسوکاری ئەنفالکراوان زۆر بەتووندی رەخنەیان لە وەزیری شەهیدان گرت کە ئامادەی پێشوازیکردن و بەخاکسپاردنیان نەبوو.

پەرلەمانتار عادل حەمەئەمین، نوێنەری گەرمیان لە پەرلەمانی کوردستان، لەبارەی سەفەرەکەی وەزیری شەهیدانەوە گوتی "ئەو وەزارەتە پەیوەندی بە لێژنەی مافی مرۆڤەوە هەیە، دەبووایە لێژنەی مافی مرۆڤ بەدواداچوون بکات". بەڵام محەممەد فەرەج، سەرۆکی لێژنەی مافی مرۆڤ لەپەرلەمانی کوردستان، دەڵێت "دەبێ ئەنجوومەنی وەزیران وەڵام بداتەوە، کە وەزیر بۆچی سەفەری کردووەو لەکوێ بووە".

عیماد ئەحمەد، جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە لێدوانێکدا بۆ (رووداو) گوتی "وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان بۆ چارەسەری تەندروستی مۆڵەتی چوونە دەرەوەی وڵاتی وەرگرتبوو، مەدحی مەندەلاوی لەشوێنی ئەوە بە وەکالەت".

محەممەد قەرەداخی، پێیوایە داوای دەست لەکارکێشانەوەکردن لە وەزیری شەهیدان دروست نییە "ئەگەر وەزیرێک نەخۆش بێت، دەکرێت بۆ چارەسەر بچێتە دەرەوە". گوتیشی "ئەگەر وەزیرێک لێرە نەبوو، وەزیرمان زۆرە بچێتە جێگاکەی".

2

# راپۆرتە هەواڵ



## پیاوێک دەستڕێژی لە دایک و خوشکی دەکات

رووداو-خەبات

ڕۆژی 2009/4/17، لە شارۆچکەی خەبات، پیاوێک بەناوی زیا کاکەیی، چوارکەسی خێزانەکەی بریندارکرد. سەرچاوەیەک لە پۆلیسی قەزای خەبات بە(رووداو)ی ڕاگەیاند، ئەو پیاوە نێوانی لەگەڵ دایک و خوشکەکانی تەواو نەبوو، لە ڕێگە گەیشتوونەتە یەک و بووەتە دەمەقاڵێیان، زیا بە کلاشینکۆف دایک و زاوا و خوشک و، کچێکی خوشکی کە تەمەنی 5ساڵە بریندار دەکات، هەریەکەیان زیاتر لە گوللەیەکی پێکەوتووەو ژیانی منداڵەکە لە مەترسیدایە "تۆمەتبارەکەش هەڵاتووەو تا ئێستا دەستگیرنەکراوە".

# وەزارەتی ناوخۆ کێشەی خاوەندارێتی زەحمەتکێشان یەکلادەکاتەوە

**رووداو-هەولێر**

هەر یەک لە باڵی قادر عەزیز و باڵی مەکتەبی سیاسی، دەیانەوێت بەناوی حیزبی زەحمەتکێشانەوە بەشداری هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان بکەن، باڵی مەکتەبی سیاسی بودجەی حیزبەکەی وەرگرت و وەزارەتی ناوخۆش کێشەی خاوەندارێتی زەحمەتکێشان یەکلایی دەکاتەوە.

باڵی قادر عەزیز، بەناوی زەحمەتکێشانەوە وەک قەوارەیەکی سیاسی ناوی خۆیان لەئۆفیسی سلێمانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان تۆمارکردووەو باڵی مەکتەبی سیاسیش کە خۆیان بەخاوەنی شەرعی حیزبەکە دەزانن دەیانەوێت بەهەمان ناو بەشداری بکەن.

د.ئەحمەد ئەنوەر، لەباڵی مەکتەبی سیاسی بە (رووداو)ی ڕاگەیاند "سبەی یان دوو سبەی لە وەزارەتی ناوخۆوە مۆڵەتی فەرمی حیزب یەکلادەبێتەوە، کە خاوەندارێتی حیزب لای کێیە، بەڵگەنامەی پێویستی خۆمان دەخەینەڕوو،کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانیش ڕێز لەبڕیارەکانی وەزارەتی ناوخۆ دەگرێت".

هەرچەندە باڵی قادر عەزیز، لە ئۆفیسی سلێمانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق، وەک قەوارەیەکی سیاسی بەناوی زەحمەتکێشانەوە قبوڵکراون و پارەشیان وەکو تەئمینات لێوەرگیراوە، بەڵام د.ئەحمەد ئەنوەر، دەڵێت "بەوە نییە کە ئەو ناوی خۆی تۆمارکردووە، ئێمەش دەتوانین ئەو کارە بکەین، پاش یەکلاکردنەوەی مۆڵەتی حیزب، داوا دەکەین کە قەوارە سیاسییەکە بەناوی ئێمەوە بێت و تەنیا سەرۆکی قەوارەکە بگۆڕدرێت".

ئەو بەرپرسەی باڵی مەکتەبی سیاسی، ڕەتیکردەوە کە بودجە بگەڕێندرێتەوە بۆ قادر عەزیز "ئەو قسانەی دەکرێن، ڕاست نین، ئەو مانگە بودجەی حیزبمان وەرگرت کە 400 ملیۆن دینارە".

# دوو کورد لە بەغدا زیندانیانی سیاسی کوردستانیان لەئیمتیازەکان بێبەشکرد



کۆمکاری زیندانیانی سیاسی کوردستان لەگەڵ مالیکی کۆبوونەوە

**رووداو- هەولێر**

پاش ساڵێک و دوومانگ چاوەڕوانی، نوری مالیکی سەرۆک وەزیران بڕیاریدا کێشەی زیندانیانی سیاسی لەهەرێمی کوردستان چارەسەر بکرێ و لەهەموو ئەو ئیمتیازانە سوودمەند بن کە بۆ زیندانیانی سیاسی عێراق بڕیار دراون. کارگێڕی کۆمکاری زیندانیانی سیاسی کوردستان، هۆکاری سەرهەڵدانی ئەو کێشەیە بۆ سەرۆکی پێشووی دامەزراوەی زیندانیانی سیاسی و جێگرەکەی دەگێڕێتەوە کە هەردووکیان کوردن و ئێستا لەو دامەزراوەیە دوورخراونەتەوە.

نەجمەدین حەمەسەعید کارگێڕی کۆمکارەکە، کە یەکێکبوو لەو شاندە سێ کەسییەی کۆتایی مانگی ڕابردوو بۆ بەدواداچوونی ئەو کێشەیە چوونە بەغدا، بە (رووداو)ی ڕاگەیاند کە مالیکی لەکاتی پێشوازی لێکردنیاندا بەڵێنی هەموو هاوکارییەکی پێداون و بڕیاریداوە ئەو کێشەیە چارەسەر بکات. ئەوەشی ڕەتکردەوە کە ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق، بەئەنقەست دانی ئیمتیازەکانی بەزیندانیانی سیاسی کوردستان ڕاگرتبێ و هۆکارەکەی بۆ هەڵەیەکی دامەزراوەی زیندانییە سیاسییەکانی عێراق (مؤسسة السجناء السياسين العراقيين) گێڕایەوە کە بەوپێیەی دەزگایەکە ڕاستەوخۆ سەر بە ئەنجومەنی وەزیرانە، دەبوو بودجەکەی لەسەر بودجەی سیادی بێت و ئەو یارمەتیانەی پێشکەشی دەکات هەموو زیندانیانی سیاسی لەسەرانسەری عێراق بگرێتەوە، بەڵام نە دامەزراوەی ناوبراو ئەو کارەی کردووەو نە حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بەدوای کێشەکەدا چووە.

نەجمەدین حەمەسەعید سەبارەت بەهەوڵەکانی کۆمکار بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە، ئاماژەی بەوەکرد کە شاندی کۆمکار سەرەتا لەگەڵ بەرپرسانی وەزارەتی دارایی عێراق کۆبووەوەو گوتی "ئەوەی لەوان تێگەیشتین ئەوەبوو کە لە بودجەی ساڵانی 2007تا 2009ی عێراق ناوی زیندانیانی سیاسی لەهیچ بڕگەیەکدا نەهاتووە، بەڵام ئەوان 150 ملیار دیناریان وەک منحە بۆ دەزگای زیندانیانی سیاسی عێراق تەرخانکردووەو دەبووایە لەکوردستانیش لەسەر بودجەی 17% یارمەتییەک بۆ زیندانیانی سیاسی تەرخانبکرێ". هەروەها گوتی "وەزارەتی دارایی داوایان لێکردین نووسراوێکیان بۆ بکەین، بۆئەوەی ئەوانیش وەڵامەکەی بۆ حکومەتی هەرێم بنێرن کە سەرفکردنی ئەو پارەیە لەسەر ئەوانە، بەڵام ئێمە ڕازی نەبووین و بڕماندا سەردانی سەرۆک کۆمار بکەین".

پاش هەوڵەکانی سەرۆک کۆمار لەو پێناوەدا، نوری مالیکی پێشوازی لەو شاندە دەکات، نەجمەدین حەمەسەعید گوتی "لەوێ کێشەکەمان لەگەڵ مالیکی باسکردو ئەویش گوتی بۆ من شەرەفە ئەو کێشەیە لەسەردەستی من چارەسەر بکرێ".

کارگێڕی کۆمکاری زیندانیانی سیاسی ئەو نامەیەی سەلاح سلیڤانی سەرۆکی پێشووی دامەزراوەی زیندانیانی سیاسی بەبیردێنێتەوە کە مانگی 10ی ساڵی ڕابردوو بۆ سەرفکردنی پارەی زیندانیانی کوردستان ئاراستەی سەرۆکایەتی حکومەتی عێراقی کردووەو فەرمانگەی یاسایی ئەنجومەنی وەزیرانیش وەڵامیان داوەتەوە کە هیچ بەڵگەیەکی یاساییان بۆ سەرفکردنی ئەو پارەیە نییەو دەبێ لەبودجەی هەرێمی کوردستان بدرێ، لەوبارەوە ڕایگەیاند کە مالیکی ڕەتیکردووەتەوە نامەی لەوجۆرەی بەدەست گەیشتبێ "نامەکەی سەلاح سلیڤانی سەرۆکی پێشووی دەزگامان پیشاندا کە کاتی خۆی ناردبووی، بەڵام مالیکی گوتی ئەو نامەیەم نەبینیوە، لەنووسینگەکەشی ژمارەو بەرواری نووسراوەکەمان دانێ کۆمپیوتەرو هەموو شوێنەکان گەڕان گوتیان نامەی لەو جۆرە نەهاتووەتە ئەنجوومەنی وەزیران، تێگەیشتین کە نامەکە شتێکی رووکەش بووەو نەنێردراوە بۆ سەرۆک وەزیران و تەنیا وێنەیەکی بۆ کوردستان هاتووە کە داوا لەسەرۆک وەزیران دەکەن ئەو پارەیە سەرف بکات".

ئەو دەڵێ "پێموایە بەئەنقەست نەیکردبوو، چونکە بەهۆی هەندێ کێشەی تایبەتی خۆی بەینی لەگەڵ ئێرە باش نەبوو". دەشڵێت "هەموو کێشەکە سەلاح سلیڤانی و عەبدولیللای جێگری دروستیانکرد کە هەردووکیان کوردن، کۆمکاری زیندانیانی سیاسی کوردستان بەهیچ شێوەیەک ئاگادار نەبووە لە دانانی ئەو کەسانەو نازانین نوێنەرانی کوردستان لەبەغدا چۆن ئەوانەیان داناوە، تەنانەت وەک زیندانی سیاسی نەمانناسیون و ئێستاش وا دەبیستین کە زیندانی سیاسی نەبوونەو دواجاریش لەگەندەڵییەوە گلاون و دەزگای نەزاهە بەرەوڕووی لێپرسینەوەی کردوونەتەوە".

ئەو پێیوایە ئەو 150 ملیارەی بۆ دامەزراوەی زیندانیانی سیاسی عێراق تەرخانکراوە لەبودجەی 83%ی حکومەتی عێراق بووەو وەک منحە دانراوە، بۆیە مافی خۆیان بووە کە بەشی کوردستان نەدەن، دەشڵێت "ئێستاش کە ڕەزامەندییان داوە پێموایە یان دەمانبەخشن یان لەبودجەی 17ی کوردستانی دەبڕن". بۆیە دەڵێت پێویستە ئەو هەڵەیە ڕاست بکرێتەوەو بودجەکەی بۆ ساڵی 2010 بخرێتە سەر بودجەی سیادی، چونکە "یاسای دامەزراوەی زیندانیانی سیاسی کە یاسای ژمارە چوارە، بڕگەی 2ی ماددەی دووەمی دەڵێت ئەم دامەزراوەیە دەزگایەکی وابەستەیە بە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراقەوە، بودجەی ئەنجوومەنی وەزیرانیش لەسەر بودجەی سیادییەو دەبووا بودجەی دەزگاکەش سیادی بێت، بەڵام ئەو بودجەیە بۆچی نەخراوەتە سەر بودجەی سیادی، ئێمە کاتێک دوای ئەو مەسەلەیە کەوتین تێگەیشتین کە پەلەپەلی پارە دابینکردن لەناوەڕاستی ساڵدا بووە، ناوەڕاستی ساڵ بودجە دانانرێ تا بیخەیتە سەر بودجەی سیادی، ڕاستەوخۆ منحەکەیان لەبودجەی 83%ی عێراق دەرکردووە. ساڵی 2007 کە ئەمەیان کردووە، بۆ ساڵی 2008و 2009 هەمان شتیان کردووەو هەڵەکەیان ڕاست نەکردووەتەوە".

کارگێڕەکەی کۆمکار ڕەخنە لەحکومەتی هەرێمی کوردستان دەگرێ کە بەدرێژایی ئەو ماوەیە بەدوای ئەوەدا نەچووە کە ئەو یاسایەی دەرچووە توێژێک دەگرێتەوە نیوەی ئەو توێژە هاووڵاتیانی کوردستانن و نابێ لەو یاسایە بێبەش بن. دەشڵێت "دەبووایە حکومەتی هەرێمی کوردستان چاودێر بووایەو ببوایەتە پارێزەری زیندانیانی سیاسی کوردستان و داوای بکردایە پارەی دەزگاکە بخرێتە سەر بودجەی سیادی".

# کوێتی و کورد دژی پارێزگاری تازەی موسڵن

**رووداو- هەولێر**

لەو دروشمەدا کە لیستی حەدبا لەپارێزگای مووسڵ بۆ پروپاگەندەی هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی ئەنجومەنی پارێزگاکان بەکاریدەهێنا، نەخشەیەکی عێراق بەکارهاتووە کە هی سەردەمی ڕژێمی سەددام حوسێنە لەکاتی داگیرکردنی کوێت و بەگوێرەی نەخشەکە دەوڵەتی کوێت بەشێکە لەعێراق.

ئەوەی جێگای سەرنجە، ئەو دروشمە لەسەروەختی هەڵبژاردنەکاندا بەسەر سەرجەم لیستە ڕکابەرەکانی و بەسەر کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانیشدا تێپەڕیوە کە پێشێلکردنێکی ئاشکرای دەستووری عێراقی تێدایە.

دەزگاکانی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوێت کە ئەو دروشمەیان پاش بڵاوکردنەوەی لەسایتی (PUKmedia) بەرچاو کەوتووە، بەگرنگییەکی




زۆرەوە دووبارە بڵاوکردەوەو سەرجەمیان ئەو پرسیارە دەوروژێنن کە چۆن کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان ڕێگەی داوە لیستی ناوبراو بە دروشمێک بەشداریی ئەو هەڵبژاردنە بکات کە پێچەوانەی دەستوورو پێچەوانەی یاساکانی خودی کۆمسیۆنەو چۆن ئەو دروشمە بەسەر هەموو لایەکدا تێپەڕیوە.

لیستی حەدبا کە ئوسامە نجێفی پەرلەمانتاری سەربەلیستی ئەیاد عەللاوی سەرۆکایەتی دەکات و لەکۆی 37 کورسی ئەنجومەن خاوەنی 19 کورسییە، لەو هەڵبژاردنەدا بەهۆی گرتنەبەری دروشم و گوتاری نەتەوەپەرستانەی دژی کوردو بانگەوازە بەردەوامەکانی بۆ دەرکردنی پێشمەرگە لەپارێزگای نەینەوا، دەنگی زۆرینەی عەرەبەکانی ئەو پارێزگایەی بەدەستهێناو بەبێ بەشداریی لیستی برایەتی نەینەوا کە لیستی کوردییەو بە 12 کورسی دووەم گەورەترین کوتلەی نێو ئەنجومەنی پارێزگا پێکدێنێ، بڕیاری دا بەتەنیا ئیدارەی ئەو پارێزگایە بگرێتەدەست.

هەرچەندە ئوسامە نجێفی ڕۆژی یەکشەممەی ڕابردوو ڕایگەیاند کە بڵاوکردنەوەی ئەو دروشمەو نەخشەکەی عێراق "هەڵەی چاپ بووە"و بەفەرمی داوای لێبووردنی لەباڵیۆزی کوێت لەبەغدا کردووە، بەڵام ڕۆژنامەکانی کوێت ئەوە بەگەمەی لیستی حەدبا ناودەبەن کە بە بەرزکردنەوەی ئەو جۆرە دروشمانە مەبەستی ختووکەدانی سۆزی پاشماوەکانی بەعس و ڕاکێشانیان بووە بۆلای خۆی.

نجێفی لەلێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەی (الجريده) هێرشی کردە سەر یەکێتی نیشتمانیی کوردستان کە یەکەمجار ئەوان ئەو بابەتەیان وروژاندو نەخشەکەی لیستی حەدبایان بڵاوکردەوە، نجێفی لەوبارەوە ڕایگەیاند "لیستی حەدبا بەرگری لەناسنامەی عەرەبی ناوچەکانی پارێزگای نەینەوا و کەرکووک و جەلەولاو خانەقین دەکات و ڕێگە بەفراوانخوازیی حیزبە کوردییەکان نادات، بۆیە ئەو هەڵە بچووکەی لێ گەورە دەکەنەوە".

# وەزیری شەهیدان و کاروباری ئەنفالکراوان دوای 75 ڕۆژ لە دەرەوەی وڵات گەڕایەوە



**رووداو-هەولێر**

پاش سەفەرێکی 75 ڕۆژی، هەفتەی ڕابردوو وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان گەڕایەوە کوردستان، بەرپرسانی حکومەت جەخت لەوە دەکەنەوە کە وەزیری شەهیدان بۆ چارەسەری تەندروستی چووبوو.

ڕۆژی 2009/1/25، لە هۆڵی سەنتەری ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی زانکۆ، گفتوگۆی نامەی دکتۆرای چنار سەعد، وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان بەڕێوەچوو، ناونیشانی نامەکەی ڕۆڵ و کاریگەری سیستەمی پەروەردە لەسەر ڕەهەندی نەتەوەیی لە کۆمەڵگەی کوردیدا بوو، کە د.ڕەشاد میران سەرپەرشتی دەکرد.

چەند ڕۆژێک پاش گفتوگۆی نامەی دکتۆاکەی،چووە بەریتانیا، لەوکاتەدا کە وەزیر لەدەرەوە بوو، دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق گفتوگۆی لەسەر دۆسییەکانی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و ئەنفالکردنی کوردانی فەیلی و بارزانییەکان کرد.

بەپێی ئەو زانیاریانەی لە کەسێکی ئاگادار لە گەشتەکەی وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانەوە دەست (رووداو) کەوتووە "ئێوارەی ڕۆژی 2009/4/11، چنار سەعد لە نەمساوە گەڕایەوە هەولێر، بەڵام بەشداری پرۆسەی بەخاکسپاردنی رووفاتی 187 ئەنفالکراوەکەی گەرمیانی نەکرد، کە 14ی ئەم مانگە لە ناحیەی ڕزگاری بەخاک سپێردران".

گەرمیانییەکان لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن دا بە ئاشکرایی تووڕەیی خۆیان نیشاندا کە لەو ڕۆژەدا وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان ئامادەنەبوو. هاوڕێ پێشڕەو، سەرۆکی کۆمەڵەی داکۆکیکردن لەکەسوکاری ئەنفالکراوەکان، ڕەخنەی گرت، کە بەرپرسانی باڵای کوردستان لەو مەراسیمەدا ئامادە نەبوون و پێشیوایە هیچ بیانوویەک نەبووە بۆ ئامادەنەبوونی وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان "بەفەرمی داوامان کردبوو کاک مەسعود و مام جەلال ئامادەبن، بەڵام ئامادە نەبوون و تەنانەت وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانیش ئامادە نەبوو، ئەمەش برینەکەی زیاترکردین، ڕاستە دەگوترێت وەزیر بۆچارەسەر لەدەرەوەیە، بەڵام پێمانوایە بەئاسانی دەیتوانی 2009/4/14 لە گەرمیان بێت".

پەرلەمانتار عادل حەمە ئەمین، نوێنەری گەرمیان لە پەرلەمانی کوردستان، پێیوایە دەبوو وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان لە مەراسیمی بەخاک سپاردنی ڕووفاتی 187 ئەنفالکراوەکەی گەرمیاندا ئامادەبێت "پەیوەندیم بە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانەوە کرد، گوتیان وەزیر لە 2009/4/12 دێتەوە، بەڵام دیار نەبوو". ناوبراو ئاماژەی بەوەشدا ئەو وەزارەتە پەیوەندی بە لێژنەی مافی مرۆڤەوە هەیە "دەبووایە لێژنەی مافی مرۆڤ بەدواداچوون بکات".

محەممەد فەرەج، سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤ لەپەرلەمانی کوردستان، دەڵێت"ڕاستە کارەکانی ئەو وەزارەتە لای ئێمەیە، بەڵام هیچ بەدواداچوونێکمان نەکردووەو دەبێت ئەنجوومەنی وەزیران وەڵام بداتەوە، کە وەزیر بۆچی سەفەری کردووەو لەکوێ بووە".

(رووداو) پەیوەندی کرد بەوەزارەتی شەهیدانەوە، ئەیوب گەلاڵی، بەڕێوەبەری گشتی دیوان، ئامادەنەبوو هۆکاری سەردانەکەی وەزیر ڕوونبکاتەوەو گوتی "وەزیر لەدەرەوە بووەو هۆکارەکەی ناڵێین".

عیماد ئەحمەد، جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە لێدوانێکدا بۆ (رووداو) گوتی " وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان بۆ چارەسەری تەندروستی مۆڵەتی چوونە دەرەوەی وڵاتی وەرگرتبوو". هەروەها جەختیشی کردەوە کە " وەزیر بۆ چارەسەری چووبوو نەک گەشتکردن".

تاوەکو ئێستا هۆکاری ئەو سەردانە درێژەی وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان بۆ دەرەوە ڕانەگەیێندراوە .لەبەرئەوەش قسەی زۆر لە سەر سەفەرەکەی دەکرێن، وەک ئەوەی بۆ گەشت چووە، یاخود بۆ خوێندنی زمانی ئینگلیزی. بەڵام سەرچاوەیەکی ئاگادار وتی "ڕاستییەکەی ئەوەیە کە چنارخان ماوەیەکی درێژە باری تەندروستی تێکچووەو نەخۆشەو چەندین وڵاتی ئەورووپاش بۆ چارەسەر گەڕاوە".

محەممەد قەرەداخی، سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیرانی کوردستان، ڕەتیکردەوە کە وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان بۆ گەشت چووبێتە دەرەوەو گوتی "وەزیری شەهیدان بۆ چارەسەرچووەو حاڵەتێکی تایبەتی هەیەو ناکرێت باسبکرێت".

بەڵام هاووڵاتییەکی گەرمیانی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە گوتی، پێویستە لەوکاتە هەستیارەی کاروباری وەزارەتدا، چوونە دەرەوەی وەزیر ڕابگەیێندرابووایە و ئەگەر زۆریش نەخۆشە پێویستە دەست لەکاربکێشێتەوە.

محەمەد قەرەداخی، پێیوایە داوای دەستلەکارکێشانەوەکردن لە وەزیری شەهیدان دروست نییە "ئەگەر وەزیرێک نەخۆش بێت، دەکرێت بۆ چارەسەر بچێتە دەرەوە و پێویست بەدەست لەکارکێشانەوە ناکات و وەزیری دیکە هەیە بچێتە شوێنەکەی، ئەوە گرفت نییە. ئەگەر وەزیرێک لێرە نەبوو، وەزیرمان زۆرە بچێتە جێگاکەی".

# سەندیکا لە هەڵەکانی ڕۆژنامەنووسی بەرپرسە

**رووداو-هەولێر**

ژمارەیەک ڕۆژنامەنووس و سەندیکای وڵاتان کە بۆ یادی 111 ساڵەی ڕۆژنامەگەری کوردی هاتوونەتە کوردستان سەردانی کۆمپانیای رووداویان کرد لە هەولێر.

ئەو ڕۆژنامەنووسە و سەرکردە سەندیکاییە کە لەسەر بانگهێشتی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان هاتوون،پێکهاتوون لە جێیمس دوهارتی، سەرۆکی یەکێتیی ڕۆژنامەنووسانی بەریتانیا و ئێرلەندا، عەبدولموحسن سەلامە جێگری نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی میسر و جێگری سەرنووسەری ڕۆژنامەی (الاهرام)، ڕەجەب مەزروعی سەرۆکی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی ئێران، عەبدولحوسێن عەبدولرەحمان ئەندامی کۆمەڵەی ڕۆژنامەنووسانی کوێت و، ڕەجایی فاید نووسەر و ڕۆژنامەنووس و بارام وەلەد بەگی، ڕۆژنامەنووسی کورد لە تاران. ڕۆژی 2009/4/18 بە یاوەری شێرکۆ حەبیب بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان سەردانی کۆمپانیای رووداویان کرد و باس لەبەڕێوەچوونی کاری هەردوو هەفتەنامەی (رووداو) و (رووداوی وەرزشی ) و ماڵپەڕی (رووداونێت) کرا.زیاتری هەموانیش جێیمس دۆهارتی پرسیاری چۆنیەتی بەڕێوەچوونی کاری رووداوی کرد.

ئەوەش ڕێک ئەو وتەیەی عەبدولموحسن سەلامەی ڕاست دەرخست، کە ڕۆژی 2009/4/19 لە دووەمین ڕۆژی هەفتەی چالاکییەکانی یادی 111ساڵەی ڕۆژنامەگەری کوردی دا گوتی " ڕۆژئاوایی و ئەمریکی بە پێچەوانەی ئێمە زیرەکن لە پرسیارکردن، جارێک حوسنی موبارەک لەگەڵ شاندێکی ڕۆژنامەنووسان کە لە گەورە سەرنووسەرانی میسر پێکهاتبوون سەردانی کۆشکی سپیان کرد، لەو پریس کۆنفرانسەدا کە لەگەڵ سەرۆکی ئەوکاتی ئەمریکا بیل کلنتن سازیانکرد، هەر سەرنووسەرەکانی ئەمریکا پرسیاریان دەکرد، کلنتن داوای لێکردن بوەستن و ڕێ بە هاوپیشە میسرییەکانیان بدەن، بەڵام هیچ پرسیارێکیان نەکرد". هەروەها نەمانی سزای گرتنی بە دەستکەوتی ڕۆژنامەنووسان و سەندیکا دانا لە کوردستان و گوتی " ئێمە لە میسر هێشتا بەدوای ئەوەدا ویڵین". لە هەمانکاتدا گوتیشی لە هەموو وڵاتێکدا سەندیکا بەرپرسە لە ورد و درشتی هەڵەکانی بواری ڕۆژنامەنووسی " بۆیەش پێویستە سەندیکای کوردستان چاو لە سەندیکای میسر بکات، کە پێویستە هەموو ئەوانەی کاری ڕۆژنامەنووسی دەکەن ئەندامی بن".



## ڕاپۆرت

### بەعسی سوریا تۆڵەی ڕێککەوتننامەی عێراق- ئەمریکا لەکورد دەکاتەوە

**تایبەت بەرووداو**

پارتی یەکێتی کورد لەسوریا بەڵگەنامەیەکی فەرعی حەسەکەی قیادەی قوتری حیزبی بەعسی سوریای ئاشکرا کرد کە تەعمیمێکی حیزبییەو ڕۆژی 2008/11/3 بەماوەیەکی کەم پێش ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەی ئەمنی عێراق- ئەمریکا دەرچووە، بەڵگەنامەکە هێرشی توند دەکاتە سەر سەرکردایەتی سیاسی کورد کە لەئیمزاکردنی ئەو ڕێککەوتننامەیەدا ڕۆڵیان هەبووەو ئەوەش وەک کارێکی دوژمنکارانەی مەترسیدار لێکدەدەنەوە، بۆیە بەپێی تەعمیمەکە حیزبی ناوبراو چەند بڕیارێکی داوە، لەوانە "زیادکردنی هەوڵەکان بۆ لێدان لەکوردو پەراوێزکردنیان بەتایبەتیش بەعسییەکانیان"، هەروەها "قەدەغەکردنی هەڵواسین، یان کڕین و فرۆشتنی وێنەی سەرکردەکانی کورد لەنێو ماڵان و دوکانەکان و جەختیش دەکاتەوە کە نابێ ئەو زانیارییانە دزەبکەن.



### عیماد ئەحمەد:

# کەس لەسەر باڵی ریفۆرم لە پۆستەکەی دەرنەکراوە

**رووداو–هەولێر**

عیماد ئەحمەد، جێگری سەرۆکی حکومەتی کوردستان ڕەتیکردەوە کە کەسیان لەسەر باڵی ریفۆرم لە پۆستەکەی دەرکردبێ.

**رووداو: بۆچی ئەو کەسانەی سەر بە باڵی ریفۆرمن لەکارەکانیان دەریاندەکەن؟**

**عیماد ئەحمەد:** بەهیچ شێوەیەک شتی وانییە، ناوی ئەو کەسانەم پێ بڵێ کە لەبەر ئەوەی سەر بە باڵی ریفۆرمن لەکاری حکومی دەرکراون.

**رووداو: ئەگەر خەڵک هەبوو دەیگەڕێنیتەوە سەر کارەکەی؟**

**عیماد ئەحمەد:** ئەگەر لەسەر شتی دیکەبێت، ئەوە ئاساییە دەربکرێت، بەڵام کەس ناتوانێ ئیجرائات لەگەڵ کەسدا بکات لەسەر ئەوەی کە سەر بە لایەکی دیاریکراوبێت.

**رووداو: بڕیار بوو وتەبێژ بۆ حکومەت دابنێنەوە، چی بەسەرهات؟**

**عیماد ئەحمەد:** بڕیارمانداوە، جارێک خۆمان کارەکە بکەین، باشترە لەوەی کە وتەبێژ دابنێین.

**رووداو: کێشەکانتان لەگەڵ بەغدا گەیشتنە کوێ؟**

**عیماد ئەحمەد:** خەریکی چارەسەرکردنیانین.

**رووداو: هاتنەکەی مالیکی بۆ کوردستان بە کوێ گەیشت؟**

**عیماد ئەحمەد:** کاتەکەی دیار نییە و لە بەرنامەشدا نییە.

**رووداو: دەگوترێ نێچیرڤان بارزانی دەچێتە سلێمانی و گەرمیان و بڕی 500 ملیۆن دۆلار بۆ پڕۆژەی خزمەتگوزارییەکانی گەرمیان تەرخاندەکات؟**

**عیماد ئەحمەد:** سەردان دەکات و شتێکی ئاساییە، بەڵام تاوەکو ئێستا قسەمان لەو بابەتە نەکردووە.

**رووداو: وەزارەتی دارایی کەی یەکدەگرێتەوەو کێ دەبێتە وەزیر؟**

**عیماد ئەحمەد:** هەر کاتێک کاک سەرگیس گەڕایەوە، وەزارەت یەکدەگرێتەوەو هەمووشتێک باسدەکرێت.

### وتەبێژ بۆ حکومەت دانانێین

**رووداو: دەگوترێت لەسەر لیستی نەوشیروان مستەفا ئێوە وەک یەکێتی لەگەڵ پارتیدا گرفتتان بۆ دروستدەبێت، چونکە پارتی بەوە ڕازینابێت لەو حاڵەتەدا کورسییەکانی پارتی و یەکێتی وەک یەکبن؟**

**عیماد ئەحمەد:** لەکۆبوونەوەی هەردوو مەکتەبی سیاسی بڕیاری خۆمانمان داوەو بەرنامەی خۆمان دەستنیشانکردووە.

**رووداو:پاش ئەو لێدوانانەی نەوشیروان مستەفا قسیەک هەیە یەکێتی هەڵوێستی کۆتایی ڕابگەیێنێت؟**

**عیماد ئەحمەد:** ئەو پرسیارە لە مەلا بەختیار بکە.

# سلێمانی لە شەڕی لیستەکان دەترسێ

**نەوزاد مەحمود و بیلال سەعید**
**رووداو –سلێمانی**

بە پێی قسەی بەشێک لە چاودێرانی سیاسی و خەڵکی سلێمانی، مەترسی دروستبوونی توندوتیژی لە ململانێی نێوان لیستەکاندا لە سلێمانی هەیە، بەو پێیەی ناوەندی زۆر لە لیستەکان دەبێت، بەتایبەتی لیستی نەوشیروان مستەفا و هاوڕێکانی کە ماوەیەکە لە سەرکردایەتی یەکێتی کشاونەتەوە. ئەندام مەکتەب سیاسییەکی دەست لەکارکێشاوەی یەکێتیش کە خەڵکی شاری سلێمانییە دەڵێت "ترسی ڕوودانی شەڕمان هەیە".

ئەوەی ئەگەری توندوتیژی لەبەردەم پرۆسەی هەڵبژاردندا زەقدەکاتەوە، چەند گۆڕانکارییەکی نوێن لە گۆڕەپانی سیاسی کوردستان، ئەویش دروستبوونی چەند لیستێکی سەربەخۆیە بۆ هەڵبژاردنەکان لەسەرووی هەمووشیانەوە لیستی نەوشیروان مستەفا.

فەرەیدون عەبدولقادر، ئەندامی پێشووی مەکتەبی سیاسی یەکێتی کە چەند ساڵێکە دەستی لەکارکێشاوەتەوە، لەو باوەڕەدایە کە ململانێی ئەو هەڵبژاردنەی ئەمجارە زادەی ململانێ و ناکۆکییە سەختە نێوخۆییەکانی یەکێتییەو پێشیوایە ململانێکان بۆ شەڕن لەسەر دەسەڵاتی نێو یەکێتی "ئەمەش دەبێتە شەڕ لەسەر دەسەڵات".



فەرەیدون عەبدولقادر لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ (رووداو) دەڵێ" لەناو یەکێتی باڵێک بەناوی ریفۆرم داوا دەکات کە مام جەلال دەسەڵاتەکان بەجێبهێڵێت و بیداتە دەست باڵی ریفۆرم، چ بەشەڕی هەڵبژاردن بێت یان بەخۆشی، لایەکەی دیکەش گاڵتەی بەم جۆرە داوایە دێت، بۆیە پێشتریش باڵی ریفۆرم رێگەی هەڵبژاردنی نێو مەڵبەندەکانی گرتەبەر، ئەنجامەکەش بە بەهێزبوون و دەسەڵات قایمکردنی لایەنەکەی دیکە شکایەوەو زۆربەی ریفۆرمیستەکانی دوورخستەوە".

بەبڕوای ئەو سەرکردە دەست لەکارکێشاوەی یەکێتی، باڵی ریفۆرم ئەمجارە بەختی خۆی لە رێگەی سندووقەکانی دەنگدانەوە تاقیدەکاتەوە و پێیوایە "هەر یەک لە دوو حیزبە سەرەکییەکە کەمتر لە 40کورسی دێنن، یەکێتی لە سلێمانی 20 کورسی بەردەکەوێت، بۆیە ململانێ لەسەر ئەم 20 کورسییە بۆ یەکێتی، ململانێیەکی سەخت دەبێ".

هێشتا کات و وادەی ئەنجامدانی پرۆسەکە بەتەواوی روون نییە، هەڵمەتی خۆئامادەکردن و پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن بەشێوەی ناراستەوخۆ هەستی پێدەکرێت، بەتایبەتی لەنێوان باڵی ریفۆرم و یەکێتی، ئەوەش ئەو بڕوایەی لای چاودێران دروستکردووە، کەهەڵبژاردن لەکەشێکی ئارام و دڵنیایدا بەڕێوەناچێت.

ئاکۆ حەمە تۆفیق، خوێندکاری ئامادەیی لە سلێمانی لەو باوەڕەدایە لە هەڵبژاردنی ئەمجارەدا سلێمانی زۆرترین ململانێ بەخۆیەوە دەبینێ، بۆیە هیواخوازە هێزەکانی ئاسایش و پێشمەرگە بە تەواوی یەکبگرنەوە "بۆ ئەوەی نەتوانن لایەنگری قەوارەو لیستێکی سیاسی بکەن".

بەڵام بەرپرسی مەڵبەندی یەکێتی سلێمانی، لەو بڕوایەدایە کە"پرۆسەکە زۆر ئاسایی بەڕێوەدەچێت". بەرزان ئەحمەد کوردە هەڵبژاردنەکانی پێشووی شارەوانی سلێمانی بە نموونە هێنایەوە کە بەشێوەیەکی زۆر ئاسایی ئەنجامدراو چەند حیزبێکیش بە لیستی خۆیان تێیدا بەشدار بوون.

لە بارەی جیاوازی ئەم هەڵبژاردنە لەکاتێکدا لیستێکی دیکە کە لیستی نەوشیروانە، بەشێوەی سەربەخۆ بەشداریدەکەن، بەرزان لە لێدوانەکەیدا بۆ (رووداو) گوتی "باوەڕ ناکەم شتێکی وا رووبدات، مەگەر حاڵەتی وا لای ئەوانەوە رووبدات". بەڵام مام ڕۆستەم بازیانی، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی، کە ئێستا لەگەڵ نەوشیروان مستەفایە، یەکێکە لەوانەی دەستی لەپۆستە حیزبییەکەی خۆی لەنێو یەکێتی کێشاوەتەوە دەڵێ "ئێمە نەهێزمان هەیەو نە پارە تا بەکاری بێنین، بۆیە هیچ شتێک لای ئێمەوە روونادات".

مام ڕۆستەم بە (رووداو)ی ڕاگەیاند، ئەگەر بڕیارە دیموکراسی لە ئارادابێت، ئەوا ناکرێت پێشبینی توندوتیژی بکەین "بەڵام پێشبینی دەکەم کە هەڕەشەو توندوتیژی و ترساندن روو بدات". بەرزان ئەحمەد کوردەش دەڵێ، مەگەر خەڵکێکی لاسار و سەرچڵ شتێک بکەن و گرفتی بچووک دروست بکەن، ئەگینا دۆخەکە گرژی لێناکەوێتەوە.

بە بڕوای هاووڵاتییان و چاودێران ئەگەری دەستبردن بۆ چەک لەکاتی هەڵبژاردن دا دوورە، بەڵام هەر لە ئێستاوە پێشبینی شەڕی سپی دەکەن. ئەو شەڕە سپییەش تا ڕادەیەک لە ڕێگەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە دەستیپێکردووە، لەکاتێکدا هێشتا ڕۆژی هەڵبژاردن و دەستپێکردنی هەڵمەتی پروپاگەندەش ڕانەگەیێندراوە لەلایەن کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانەوە.

ڕۆژنامەنووس دەشتی عەلی، دەڵێت شەڕی سپی لەرێگەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە ئەگەری ڕوودانی زۆرە "بەتایبەت لە نێوان لیستی نەوشیروان و لیستی هاوپەیمانی کوردستان، ڕەنگە لیستی هاوپەیمانی ئەو شەڕە بەرامبەر یەکگرتووی ئیسلامیش بکات".

شەرمین جەمال، 22 ساڵ، کچی ماڵەوە پێشبینی ئەو شەڕە سپییەی کردووەو دەڵێت "لە وڵاتان هەڵبژاردن بۆ باشترکردنی گوزەرانی خەڵک دەکرێ، بەڵام ئەوان لەجیاتی ئەوە هەر لە ئێستاوە کەوتوونەتە جنێو دان بە یەکتری".

کوردستان مێژوویەکی پڕ لە ناکۆکی هەیە لەسەر دەسەڵات. فەرەیدون عەبدولقادر ئەگەری هاتنە پێشەوەی توندوتیژی و شەڕ لەسەر ئەو ناکۆکییانە بونیاد دەنێت و دەڵێت تەقینەوەی ناکۆکییەکانی نێوخۆی پارتی لەساڵی 1964 و دیسان تەقینەوەی ناکۆکییەکانی نێو جوڵانەوەی کورد لە ساڵی 1982 ناکۆکی نێوان پارتی و یەکێتی لە1995ناتوانن بنەمای دڵنیایی بن. گوتیشی "بۆیە ترسەکانمان گەورەتر دەکەن لەوەی شەڕی دیکە لەو هەڵبژاردنەش بکەوێتەوە".

سەرچاوەیەک، کە لە یەککاتدا لە باڵی هێڵی گشتی یەکێتی و نەوشیروان مستەفاوە نزیکە گوتی "دابەزینی کاک نەوشیروان بە لیستی جیاواز، بۆ خۆی شەڕکردنە لەسەر دەسەڵاتی نێو یەکێتی، نەک ئەوەی نێونراوە چاکسازی و ریفۆرم لەدەسەڵاتی حکومەتدا". زیاتر گوتیشی "بۆیە پێشبینی دەکەم بەکاریگەری ئەو لیستە توندوتیژی لەناوچەی سلێمانی ڕووبدات".

بەپێچەوانەوەی ئەوانەی دەڵێن سلێمانی لە هەڵبژاردنی ئەمجارە پشکی شێری بەردەکەوێت لە شەڕو ململانێ، بەشێک لە هاووڵاتییان و چاودێرانی پرۆسەی هەڵبژاردن لەو باوەڕەدان پرۆسەکە بە هێمنی بەڕێوە دەچێ.

ئارام جەمال، بەرپرسی پەیمانگای کوردی بۆ هەڵبژاردن وایدەبینێ، ئەو توندوتیژییەی لە هەڵبژاردنەکە دەکەوێتەوە، بەوشێوەیە نابێت کە باس دەکرێت و گوتیشی "لە بەغدا چەند لیستی تازە هاتنە پێشەوەو ئەنجامەکانیشی چاوەڕوانکراو نەبوون و، بەشێوەیەکی ئاساییش بەرێوە چوو". ئارام جەمال لەو باوەڕەدایە "حاڵەتی نا ئاسایی بچووک ڕوودەدەن، بەڵام ناگاتە ئەو ڕادەیەی زیان بە پرۆسەکە بگەیێنێت".

رزگار عەلی،34 ساڵ، شوفێری تەکسی بەدووری زانی هەڵبژاردن شەڕی لێبکەوێتەوەو گوتی "خەڵک ئێستا تێگەیشتووە، ئامادە نییە شەڕ بۆ هیچ حیزب و لایەنێک بکات".

ڕێبوار کەریم، مامۆستا لە کۆلێژی زانستە ڕامیارییەکان چەندین لەمپەر بە نمونە دەهێنێتەوە کە رێگە لە هەڵگیرسانی توندوتیژی دەگرن لەکاتی هەڵبژاردندا "چاودێرییەکی نێودەوڵەتی توندمان لەسەرە، جگە لەوەش حکومەتی عێراق لە بیانوو دەگەڕێ، بۆیە بەدووری دەزانم توندوتیژی لە هەڵبژاردنی ئەمجارە روو بدات".

بەبڕوای یوسف گۆران، جێگری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان هەموو لایەنەکانی بەشداربوو لە پرۆسەی هەڵبژاردن ئەزموونێکی تاڵیان لەبارەی شەڕو ناکۆکییەکانی دەسەڵات هەیەو، لەواقیعی هەرێمی کوردستان و کێشە سیاسی و ئیدارییەکانیشی لەگەڵ دەرەوەی خۆی تێدەگەن، بۆیە زەحمەتە پێشبینی ئەوە بکرێت کە پرۆسەکە بەتەنگژەو توندوتیژی پەکبخرێت. گوتیشی "لەهەڵبژاردندا هەموو ئەگەرەکان ئامادەن، بەڵام بە بڕوای من تەنها توندوتیژی بچووک ڕوودەدات".

# جاش کار لە کەیسی ئەنفال ناکات

**بیلال سەعید**
**رووداو–گەرمیان**

یاساناسان و بەرپرسانی رێکخراوەکانی تایبەت بە ئەنفال دەڵێن ورووژاندنی مەسەلەی ئەو موستەشارانەی فەوجەکانی جاشان کە بەشداریان لە پرۆسەکانی ئەنفال دا کرد، کار لە دۆسیەی ئەنفال ناکات وەک هەندێک کەس وای بۆدەچن.

دوای هێناوەی رووفاتی 187 هاووڵاتی کوردی ئەنفالکراوی گەرمیان بۆ ناحیەی رزگاری، لەکاتی بە خاکسپاردنی ئەو رووفاتانەدا، جگە لە گلەییکردن لە ئامادەنەبوونی بەرپرسانی باڵای کوردستان و عێراق لەوانەش سەرۆک کۆمارو سەرۆکی هەرێمی کوردستان. جارێکیتر مەسەلەی دادگاییکردنی سەرۆک جاشەکان ورووژێندرایەوە.

سووربوونی گەرمیانییەکان لەسەر دەستگیرکردنی ئەو موستەشارانە و دادگاییکردنیان ئەمساڵ زۆر زیاتربوو لە داواکردنی جێبەجێکردنی سزای لەسێدارەدان بۆ تاوانبارانی دۆسیەی ئەنفال. زۆر کەس پێیوایە، ئەوە تاوانەکە دەخاتە نێو کورد خۆیەوەو کار لە دۆسیەکە دەکات، وەک هێرشی دەوڵەتی نەتەوەیەکی دیکە بۆ جینۆسایدکردنی کورد، هەروەها کار لەو هەوڵانە دەکات کە بۆ بەجینۆساید ناساندنی ئەنفال لە ئاستی جیهانیدا دەدرێن. بەڵام یاساناسان و چالاکڤانانی رێکخراوەکانی تایبەت بە پاراستنی مافی قوربانیانی ئەنفال دەڵێن ورووژاندنی ئەو باسە لە گرانایی کەیسەکە کەمناکاتەوەو هەر دەبێ ئەو جاشانە دادگاییبکرێن، چونکە تاوانبارن.

ئەحمەد مەجید، بەرپرسی ناوەندی چاک لەگەرمیان پێیوایە باسکردنی تاوانی جاش و مستەشارەکان هیچ زیانی بۆ کەیسەکە نییە "وا باشە دەسەڵات پشتگیری کەسوکاری ئەنفالکراوەکان بێت لە بە دادگایی گەیاندنی جاش و مستەشارەکان، چونکە ئێستا ئێران، تورکیاو سوریا جاشیان هەن، ئەگەر ئەو جاشانەی ئێرە دادگایی بکەن، ئەوانیش دەرس وەردەگرن".

یاساناسان جەخت لەوە دەکەنەوە کە دەبێ ئەو موستەشارانەی بەشداری ئەنفالیان کردووە بدرێنە دادگا. عەبدولرەحمان زێباری، پارێزەری داکۆکیکار لە کەسوکاری ئەنفالکراوان لەدادگەی باڵای تاوانەکانی عێراق گوتی "ئەوانەی بەشداری ئەنفالیان کردووە لە رووی یاساییەوە تاوانبارن، دەبێ خۆیان تەسلیمی دادگا بکەن، یان دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەستگیریان بکات".

سەبارەت بە کاریگەری زۆر ورووژاندنی ئەو مەسەلەیەش، زێباری لەو باوەڕەدایە هیچ کاریگەرییەکی لەسەر کوردو دۆسیەی ئەنفال نابێ، ئەو گوتی "دەبێ بێنە دادگا بەرگری لە خۆیان بکەن، کە بۆچی بەشداریان لە ئەنفالکردنی کوردا کردووە، ئەوان بەشێکبوون لەو رژێمەی کوردی ئەنفالکرد".

تەها سلێمان، رۆژنامەنووس و چالاکڤان لەبواری پاراستنی مافی قوربانیانی ئەنفال دا، بۆچوونی وایە ئەوانەی دەستیان لە ئەنفالدا هەیە لە هەر پلەو پایەیەکدا بن و لەژێر هەر ناوێک بن دەبێ بدرێنە دادگا "بۆ ئەوەی کەس جورئەتی ئەوەی نەبێت کارێکی لەو شێوەیە دووبارە بکاتەوە". گوتیشی "ورووژاندنی ئەو بابەتە نابێتە هۆی تێچکوونی ریزەکانی کورد، بەڵکو وا باشە هەموو کورد لەسەر دادگاییکردنی جاشەکان یەکدەنگ بن".

لە ماوەی رابردوودا کۆمەڵەی داکۆکیکردن لە کەسوکاری ئەنفالکراوەکان، 50 هەزار ئیمزای کۆکردەوە بۆ جێبەجێکردنی سزای لەسێدارەدانی تاوانبارانی ئەنفال. هەروەها بەبۆنەی تێپەڕبوونی 21 ساڵ بەسەر کارەساتی ئەنفالدا بەیاننامەیەکیان دەرکرد.پێشڕەو رەشید، سەرۆکی کۆمەڵەکە گوتی "لە نێوەڕۆکی بەیاننامەکەدا داوای سزادانی ئەو کەسانەمان کردووە کە دەستیان لە شاڵاوی ئەنفالدا هەبووە".

پارێزەر بەکر حەمە سدیق، چالاکڤانی بواری پاراستنی مافی قوربانیانی ئەنفال و کەیسی هەڵەبجە، پێیوایە جوڵاندنی مەسەلەی دادگاییکردنی جاش و مستەشارەکان کاریگەری نابێت لەسەر دۆسیەی ئەنفال "چونکە ئەو مەسەلەیە لەسەر ئاستی عێراق براوەتەوە و دادگا کاری خۆی کردووە"، گوتیشی "لەگەڵ ئەوە نیم هەموو جاش و مستەشارەکان بدرێنە دادگا، چونکە بەشێک لەوانە هاوکاری پێشمەرگە و هاووڵاتیان بوون، بەڵام واباشە سەرجەم ئەوانەی تاوانبارن بدرێنە دادگا".

لەگەڵ گەیشتنی کەژاوەی 187 رووفاتی ئەنفالکراو بۆ گەرمیان، کە لە نزیک شاری نەجەف لە دوو گۆڕی بەکۆمەڵدا دۆزرانەوە، کەسوکاری ئەنفالکراوەکان هاواریان لێبەرزبووەوە، کاتێک بینیان هیچ کام لەسەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆک کۆماری عێراق لە مەراسیمەکەدا ئامادە نین.

ئامینە حەمید، کە 6 منداڵی ئەنفالکراوە لەسەر یەکێک لەرووفاتەکان وەستابوو، بەگریانەوە گوتی "ئەی هاوار، دوای 21 ساڵ چاوەڕوانی تابووتەکانیان گەڕانەوە". ئامینە گوتیشی "ئەوەی منی زۆر تووڕە کردووە ئەوەیە کە سەرۆک کۆماری عێراق و سەرۆکی هەرێمی کوردستان لێرە نین فرمێسکمان لەگەڵ بڕێژن".




کەسوکاری قوربانییەکانی ئەنفال لە کاتی ڕێورەسمی پێشوازیکردن لە 187 روفاتی ئەنفالدا حەشاردانی جاشەکان لەلایەن یەکێتی و پارتی پرۆتستۆ دەکەن (فۆتۆ: رووداو)

## ڕیپۆرتاژ

**ئەمنستی داوای پاراستنی نێربازەکان لەمالیکی دەکات**

ڕووداو- BBC

**ڕێکخراوی ئەمنستی ئینتەرناشناڵ پاش بڵاوبوونەوەی چەند ڕاپۆرتێک لەسەر زۆربوونی ڕووداوەکانی کوشتنی نێربازەکان (هۆمۆسۆکسوێل) لەعێراق، نامەیەکی ئاراستەی نوری مالیکی سەرۆک وەزیران کرد کە تێیدا داوادەکات "کارێکی بەهەماهەنگی و بەپەلە" بکات بۆ پاراستنی نێربازەکان لەعێراق. لەنامەکەدا هاتووە کە تەنیا لەچەند هەفتەی ڕابردوودا 25 کوڕی گەنج لە بەغدا کوژراون، لەبەر ئەوەی نێرباز بوون، یاخود بکوژەکانیان گومانی ئەوەیان لێکردوون.**



### وەزیری پێشووی نەوتی عێراق بۆ (ڕووداو):

# سیاسەتی نەوتیی عێراق سیاسەتێکی چەوتە

**تایبەت بە ڕووداو**

وەزیری پێشووی نەوتی عێراق دەڵێ لەو کۆنفرانسەدا کە مانگی ڕابردوو بەسەرپەرشتی د.بەرهەم ساڵح جێگری سەرۆک وەزیران بۆ پێداچوونەوە بەسیاسەتی نەوتدا لەبەغدا سازکرا، ئەو ئەنجامگیرییە بەدەست هات کە کەموکوڕیی لەسیاسەتی وەزارەتی نەوتدا هەیە، بەڵام لە هەمانکاتدا پێیوایە لەکێشەی گرێبەستەکانی نەوتدا لەنێوان بەغداو هەرێمی کوردستان، تەنیا وەزارەتی نەوت هەڵە نییەو حکومەتی کوردستانیش هەڵەی هەیە.



د.ئیبراهیم بەحرلعلوم لەهەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) ڕەخنەی لە وەزارەتی نەوتی عێراق گرت کە ساڵی ڕابردوو، لەوکاتەی نرخی بەرمیلێک نەوت خۆی لە 140 دۆلار دەدا، نەیتوانی وەکو پێو یست سوود لە و هەلە وەربگرێ و داهاتێکی گەورە بۆ عێراق دەستەبەر بکات کە 90%ی بودجەکەی پشت بەداهاتی نەوت دەبەستێ، بۆیە وەک ئەو گوتی لەئەنجامی ئەو کەموکوڕییانەدا "بودجەی گشتیی عێراق بۆ ئەمساڵ بەڕێژەی 30% تووشی کورتهێنان هاتووەو بڕی بەرهەمهێنانی نەوتیش هێشتا هەر لەجێی خۆیەتی و هەر نزیکەی 2 ملیۆن و 400 هەزار بەرمیلە لەڕۆژێکدا". کە بەپێی قسەی وەزیری دارایی عێراق ئێستا لە 2ملیۆن کەمترە، بۆیە داوای لە وەزارەتی نەوت کرد بەرهەم زیاد بکات بۆ چارەسەری 17ملیار دۆلار کورتهێنانی بودجەی ئەمساڵ.

ئیبراهیم بەحرلعلوم لەوبارەوە گوتی "دەکرا لەو دووساڵەی ڕابردوودا کێڵگەکان کاراتر بکرێن و بڕی بەرهەمهێنان زیاد بکرێ، لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەندێ ڕێککەوتن بکرێ بۆ زیادکردنی توانای بەرهەمهێنان، کە هەرێمی کوردستان توانای بەرهەمهێنانی 100 هەزار بەرمیلی هەیە لە ڕۆژێکدا، دەکرا بەشێوەیەکی زۆر باشتر سوود لەو هەلە وەربگیرێ و گرێبەستی باش لەگەڵ کۆمپانیاکان مۆربکرێ، بەڵام ئەوانە هیچیان نەکران و هەلێکی زۆرمان لەدەستچوون". بەپێی ڕاپۆرتە ئابوورییەکان، حکومەتی عێراق لەماوەی 5 ساڵی ڕابردوودا بڕی 8 ملیار دۆلاری بۆ بووژاندنەوەی کەرتی نەوت و پرۆژەکانی وەبەرهێنان و زیادکردنی

دەقی ئەو ڕاپۆرتە
لە (ڕووداونێت)دا بخوێنەوە
www.rudaw.net

بەرهەمی نەوت تەرخانکردووە، بەڵام ئیبراهیم بەحرلعلوم دەڵێت وەزارەتی نەوت نەیتوانیوە وەک پێویست ئەو پارەیە خەرج بکات، ئەو ئاماژەی بەوەکرد کە لاوازییەک لەتوانای ڕاکێشانی وەبەرهێن و لە هەماهەنگی و بەدواداچوون لەنێو دەزگاکانی حکومەتدا بەرامبەر پرۆژە بەرهەمهێنەکان هەیەو گوتیشی "چەندین پرۆژەی گرنگ بەهۆی نەبوونی ئەو بەدواداچوونەوە دواکەوتوون".

بەفیڕۆدانی هەلی بەدەستهێنانی سەرمایەیەکی باش بۆ عێراق ئەگەر بەشێکی پەیوەندی بەو کێشانەی ناو وەزارەتی نەوت خۆیەوە هەبێت کە بەحرلعلوم باسی دەکات، ئەوا بەشێکی دیکەی پەیوەندی بەو کێشانەوە هەیە کە تائێستا لەنێوان بەغداو هەرێمی کوردستان بەهەڵواسراوی ماونەتەوە. تارق هاشمی جێگری سەرۆک کۆمار، وەک جۆرێک لە ڕەخنەگرتن لە وەزارەتی نەوتی عێراق لە کۆنفرانسەکەی مانگی ڕابردوودا لە بەغدا، گوتی بەهۆی کێشەی نێوان بەغداو هەرێمی کوردستان، ساڵی ڕابردوو هەلی ناردنە دەرەوەی بایی نزیکەی 8 ملیار دۆلار نەوت لەکیس عێراق چوو.

بەحرلعلوم بەنیگەرانییەوە دەڵێت "عێراقی نوێ پێویستی بەوەیە شەراکەتی سیاسی نێوان پێکهاتەکانی بکاتە بنەما، ئەو شەراکەتەش ئیستیحقاقی خۆی هەیەو ئەرکیش دەخاتە سەرشانی هەموو لایەک، پێموایە شتێکی ئاساییە ناکۆکی و بۆچوونی جیاواز لەم ڕووەوە پەیداببن، بەڵام کێشەکە ئەوەیە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم بۆچوونە جیاوازانە دەکەین و چۆن متمانە بەیەکدی پەیدا دەکەین، چونکە ئەگەر متمانە نەبوو زەحمەتە بتوانین پرۆسەی سیاسی بەرەوپێشەوە ببەین".

د.ئیبراهیم بەحرلعلوم، کە لە هەولێر بۆ (ڕووداو) دەدوا گوتی "لەهەندێ بواردا قەیرانی متمانە هەیە، هێشتا لەنێوان بەغداو هەرێمی کوردستان هەندێ دۆسیە بەهەڵواسراوی ماونەتەوەو هەرلایەک پێداگریی دەکات کە بۆچوونی ئەو ڕاستە". بەبڕوای ئەو کێشەکە لەوەدایە کە نەتوانراوە هەماهەنگییەک دروستبکرێ. لەکاتێکدا پێویستە لەسیاسەتی نەوتدا هەماهەنگییەک لەنێوان بەغداو هەولێر هەبێت، نەبوونی ئەو هەماهەنگی و دیالۆگەش بەهەڵەی هەردوولا دەزانێ.

وەزیری پێشووی نەوت دەڵێت "سیاسەتی نەوتیی ئێمە لەسەر هەردوو ئاستی هەرێم و مەرکەزیش هەڵەیە". پێشیوایە هەڵەکە لای هەردوولا بەیەک ئاستەو دەڵێت "هەرێمی کوردستان ڕازییە ناردنەدەرەوەی نەوت و دابەشکردنی داهاتەکەی مەرکەزی بێت، گریمان هەرێمی کوردستان توانی هەندێ لەکێڵگەکانی نەوت پەرەپێبدات، چۆن ئەم نەوتە بەرهەمدێنێ و چۆن ڕەوانەی دەرەوەی دەکات؟ ناچارە بگەڕێتەوە لەگەڵ مەرکەز ڕێککەوتن بکات، ئەگەرنا بەربەست لەبەردەم گەشەکردن دروستدەکات". هەروەها دەڵێت "ئێستا هەرێمی کوردستان توانای هەیە ڕۆژانە 100 هەزار بەرمیل نەوت بەرهەمبێنێ، بەڵام بۆ ناتوانێ بیکات؟ چونکە دەبێ لەگەڵ مەرکەز بگاتە ڕێککەوتن، مەرکەزیش لای خۆیەوە دەبێ پێشوازیی لەم توانایە بکات و هەوڵی بەهێزکردنی بدات کە لەئەنجامدا دەبێتە هۆی زیادبوونی داهات بۆ هەردوولا".

بەحرلعلوم هۆکاری چارەسەرنەبوونی ئەو کێشەیە بۆ گرتنەبەری سیاسەتی کاروکاردانەوە دەگێڕێتەوەو دەڵێت "هەندێ کۆمپانیا گرێبەستیان لەگەڵ هەرێمی کوردستان کردووە بەغدا سزایداون و لەلیستی ڕەش دایناون، ئەو کۆمپانیانە نەوتیان لەئێمە دەکڕی، ئێستا نایکڕن، ئەمە پێی ناگوترێ سیاسەت، ئەمە سیاسەتێکی چەوتە، کۆمپانیا بۆ هەلی بەدەستهێنانی قازانج دەگەڕێ و ئێمەش بەدوای دۆزینەوەی بازاڕی نوێوەین بۆ ساخکردنەوەی نەوت، ئێستا کە تۆ نەوت لە کۆمپانیایەک دەبڕی ماوەی 20 ساڵە مامەڵەمان لەگەڵ دەکات، ناچارە بچێ بۆ سەرچاوەی دیکە بگەڕێ، ئەمە سیاسەت نییە، ئەمە سیاسەتێکی هەڵەیە".

### نووسەرو ڕۆژنامەوانی ناسراوی فەرەنسی ئان نیڤات:

# خەڵکی کوردستان زۆر لە سەرکردایەتییەکەیان بێزار بوونە

**نوورەدین وەیسی**
**ڕووداو- تۆرۆنتۆ**

ئان نیڤات Anne Nivat نووسەرو ڕۆژنامەڤانێکی ناسراوی فەرەنسییەو پتر وەک ڕۆژنامەڤانێکی بەرەکانی جەنگ نێوبانگی دەرکردووە. لەچاچانستان وئەفغانستان وعێراق پەیامنێری بەرەکانی پێشەوەی شەڕ بووەو ڕاپۆرتەکانی لە ڕۆژنامەکانی فەرەنسا ودنیا بڵاوبوونەتەوە، بەتایبەتی ڕۆژنامەکانی لیبەراسیۆن Libération ولێسوا Le Soir و لێنوڤل ئۆبزێرڤاتۆر Le Nouvel Observateur فەرەنسی و واشنتن پۆست.

لەساڵی 1999 لەشەڕی نێوان چاچانستان و ڕووسیادا چەندین جار بەرێککەوت لە مردن ڕزگاری بووە. نیڤات 8 پەرتووکی چاپکراوی هەیە لەوانە سێ پەرتووکی ڕیپۆرتاژیی لەسەر عێراق نووسیوە، کە دواترینیان بەنێونیشانی (دۆزەخی بەغدا: ژیان لە ناوچەی سووردا The hell of Baghdad: life in the red zone). وەک خۆی دەڵێ لە بەدواداچوونی ئەو شەڕانەدا هەمیشە ویستوویەتی ژیانی ڕاستەقینەی خەڵکی نیشانبدات، نیڤات دەڵێ " من لەو شوێنانەدا هەرگیز لە هوتێلەکان دانەنیشتووم، بەڵکو لەنێو ماڵی خەڵکی ئەو وڵاتانەدا ژیاوم، بۆ نموونە لە عێراق سەردانی هەموو ناوچەکانم کردووەو چەندین مانگ لەنێو ماڵی چەند خێزانێکی کورد وعەرەب وتورکمان ژیاوم".

ئان لە شاری ئیستەنبولەوە بۆ (ڕووداو) دواو، زۆریش پێخۆشبوو کە لەگەڵ ڕۆژنامەیەکی کوردی هەڤپەیڤین دەکات. نیڤات کە چەند جارێک سەردانی کوردستانی کردووە، دەڵێ باردۆخی کوردستان ئەگەرچی ئارامترە لە ناوچەکانی دیکەی عێراق، بەڵام " دوارۆژی کوردستان ڕوون نییە، چونکە ئەمەریکاییەکان نایانەوێ دوارۆژی کوردستان ڕوون بێت، بۆیە هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکانی نادەن، لە دوای شەڕی عێراق کورد هیچی لە ئەمەریکا دەست نەکەوت چونکە باروددۆخەکە هەروەکو خۆیەتی".

بە قسەی ئەو ڕۆژنامەنووسە فەرەنسییە، میدیای ڕۆژئاوایی تا ئێستاش وەک پێویست لە کێشەکانی عێراق ناگات و ناشیەوێ تێبگات، چونکە باروددۆخەکە زۆر ئاڵۆزە وئەوانیش نایانەوێ بچنە ناو وردەکارییەکانەوە. ئان پێیوایە پرسی کورد زۆر ناسراوە لەنێو میدیای ڕۆژئاواییدا، بەتایبەتی لە فەرەنسا، ئەمەش بەهۆی لۆبی کوردی لە فەرەنسا وپشتیوانییەکانی سەرۆکی پێشووتری فەرەنسا فرانسۆ میتران و هاوسەرەکەی دانییێل میتران لە کورد " بەڵام ئێستا، بەهۆی نەبوونی ڕۆژنامەڤانانی فەرەنسا لە کوردستان، وەک پێویست لە گۆڕانکارییەکان ئاگادار نین".

نیڤات کە لە دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت چەند ساڵێک لە ڕووسیا ژیاوە، دەڵێ وەک چۆن لە ڕووسیا سیاسەتی پێکەوەژیانی بە زۆری نەتەوەجیاوازەکان لە چوارچێوەی یەک دەوڵەتداو لەژێر سایەی ڕژێمێکی دیکتاتۆری سەری نەگرت، بەهەمان شێوە لە عێراقیشدا سەرناگرێت.

ئان نیڤات دەڵێ وەک دیارە خەڵکی کوردستان زۆر لە سەرکردایەتییەکەیان ناڕازی و بێزارن "چونکە چەندین ساڵە هەر یەک جۆرە دەموچاو سەرکردایەتیان دەکات، بۆیە کاتی ئەوە هاتووە ئەلتەرنەتیڤێک هەبێت".

نیڤات کە پەرتووکێکی بەناوی (ئیسلامییەکان چۆن ئێمە دەبینن Islamists:how do they see us) کە دەربارەی پاکستان وئەفغانستان وعێراقە، دەڵێ کوردستان پێویستی بە گۆڕانکاریوئەلتەرناتیڤە "بەڵام لەوانەیە ئەلتەرناتیڤەکەش ئیسلامییەکان بن، ئەوەش هەر کێشەی کوردستان نییە، بەڵکو کێشەی هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، بەڵام ئەگەر خەڵک بەشێوەیەکی دیموکراسیانە دەنگ بە ئیسلامییەکان بدەن ئەوە ئارەزووی خۆیانە، هەرچەندە هەندێکجار دیموکراسی هەندێک کەس ولایەن دێنێتە سەر دەسەڵات کە دژی دیموکراتین".



**کوردستان پێویستی بە ئەلتەرناتیڤە بەڵام کێشەکە ئەوەیە لەوانەیە ئیسلامییەکان ببنە ئەلتەرناتیڤ**

**ئان نیڤات Anne Nivat**

- ساڵی 1969 لە فەرەنسا لەدایکبووە.
- بڕوانامەی دکتۆرای لە زانستی سیاسەت هەیە.
- 8 پەرتووکی چاپکراوی هەیە کە 3 یان لەسەر عێراقە.
- پەیامنێری چەندین ڕۆژنامەی فەرەنسی وئەمەریکایی بووە.
- هاوسەری ڕۆژنامەڤانی ناسراوی فەرەنسی (جان جاک بۆدوین)ە.

### ئەحمەد موراتلی نوێنەری بەرەی تورکمانی لە تورکیا:

# تاڵەبانی هەندێک داواکاری ئێمەی جێبەجێ کردووە هیواداریین ئەوانیتریش جێبەجێ بکات

**ڕووداو- ئەستەمبوڵ**

نوێنەری بەرەی تورکمانی لە تورکیا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بەرەی تورکمانی پێیخۆشە پەیوەندییەکی باش لەنێوان تورکیا و باکووری عێراقدا هەبێ"، ڕەتیشیکردەوە باشبوونی ئەو پەیوەندییە کار لە ڕۆڵ و پێگەی بەرەی تورکمانی بکات لە تورکیا.

**پەیوەندی بەرەی تورکمانی لەگەڵ پارتی و یەکێتی لەیەک ئاستدایە**

ئەحمەد موراتلی، نوێنەری بەرەی تورکمانی لە تورکیا لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) گوتی کاری نوێنەرایەتی بەرەی تورکمانی لە تورکیا " ناساندنی کێشەی تورکمان و ئەو کێشانەیە کە لە عێراق ڕوودەدەن بە کۆمەڵگە و ڕای گشتی تورکی"، هەروەها گوتی "نوێنەرایەتی ئێمە داوادەکات تورکیا لە هەموو بوارەکانی سیاسی وئابووری وکۆمەڵایەتی یارمەتی عێراق بدات، چونکە تورکیا لە بواری دیموکراسی ئەزموونێکی باشی هەیە".

بەرەی تورکمانی لە 24ی نیسانی 1995 لە ئەنجامی یەکگرتنی چوار پارتی تورکمانی لە هەولێر دروستبوو بەیارمەتی تورکیا و تاوەکو ئێستا ناوهێنانی کوردستان لە نووسین و لێدوانەکانیاندا قەدەخەیە. بەڵام بەدرێژایی ئەو ماوەیە دووچاری زۆر جیابوونەوە بووە. دوای ڕووخانی ڕژێمی عێراق بنکەی سەرەکیان گواستەوە شاری کەرکووک.

بەرەی تورکمانی خاوەنی نەخشەی (وڵاتی تورکمان-توکمن ایللی)یە کە لەتەلعەفەرەوە دەستپێدەکات و هەولێر و بەشێکی موسڵ و کەرکووک و خانەقین دەگرێتەوە.

ئەحمەد موراتلی لەبارەی پەیوەندییەکانی نێوان بەرەی تورکمانی و پارتە کوردییەکان دەڵێت "پەیوەندی کوردی و تورکمانی بە قۆناخێکی سەختدا تێدەپەڕێت، چونکە سەرکردایەتی کورد و بەڕێوەبەرایەتی باکووری عێراق دەبێ هەنگاوی پێویست بەرەو باشترکردنی پەیوەندییەکان بهاوێژێت"، لە هەمانکاتیشدا دەڵێت "پەیوەندی بەرەی تورکمانی لەگەڵ پارتی ویەکێتی لەیەک ئاستدایە وهیچ جیاوازییەک نییە".

ناوبراو ئەو هەنگاوانەی ڕوونکردەوە کە دەڵێ پێویستە هەرێمی کوردستان بیانهاوێژێ بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ بەرەی تورکمانی "دەبێ ئیدارەی باکووری عێراق ئەو دەسکەوتانەی بەدەستی هێناوە لە عێراق پێویستە بەشی بکات لەگەڵ هەموو گەلانی دیکەی عێراق کە لەهەمان ناوچەی کورد دەژین. چونکە چ کورد و چ تورکمان لەسەردەمی پێشوودا زوڵمیان لێکراوە بۆیە نامانەوێ کورد هیچ ڕۆژێک زوڵم لە خەڵک بکات".



سەرکردەکانی کورد هەمیشە جەخت لەوە دەکەنەوە کە لە هەموو بوارەکاندا هەمیشە بەرگرییان لە مافی تورکمانان کردووە، تەنانەت لە کاتی دانانی دەستووری هەمیشەییشدا.

مام جەلال، سەرۆک کۆماری عێراق پێشنیازی کردووە هەموو پۆستە ئیدارییەکانی کەرکووک، بەسەر هەرسێ نەتەوەی کورد، تورکمان و عەرەب دا وەک یەک دابەشبکرێن، هەروا بۆ دامەزراندنیش، لەگەڵ ڕەچاوکردنی 4%یش بۆ مەسیحییەکان. ئەحمەد موراتلی جەختیکردەوە کە مام جەلال بەشێک لەو بەڵێنانەی بەجێگەیاندوون کە بەتورکمانەکانی داوەو گوتیشی "هیوا دارم خوا تەمەنی درێژبکات و ئەو بەڵێنانەش جێبەجێ بکات کە بە گەلی تورکمانی داون و تائێستا جێبەجێنەکراون".

لەماوەی ڕابردوودا پەیوەندی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان نەرمییەکی زۆری بەخۆیەوە بینیوە، لەسەردانی ما نگی ڕابردووی سەرۆک کۆماری تورکیا عەبدوڵڵا گول، یەکێک لە دیدارەکانی لەگەڵ سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان نێچیرڤان بارزانی بوو.

**حەزدەکەین پۆستی پارێزگاری کەرکووک بدرێتە تورکمان**

هەندێک لە چاودێران وای بۆ دەچن کە باشبوونی پەیوەندی نێوان تورکیاو هەرێمی کوردستان، کار لە ڕۆڵی بەرەی تورکمانی دەکات، چونکە پێویستی تورکیا بە بەرەی تورکمانی کەمدەکاتەوە، بەڵام ئەحمەد موراتلی دەڵێت "من پێموایە بە پێچەوانەوە کاریگەرییەکی پۆزەتیڤی دەبێت بۆ بەرەی تورکمانی"، هەروەها گوتی "خۆشحاڵیش دەبین ئەگەر پەیوەندییەکی باش لەنێوان بەڕێوەبەرایەتی باکووری عێراق و تورکیادا هەبێت". تاوەکو ئێستا چەندین ڕاسپاردەو پێشنیاز لەسەر ئاساییکردنەوەی ڕەوشی شاری کەرکووک خراونەتە ڕوو. ئەحمەد موراتلی هیوا خوازە بەر لە هەموو شتێک لیژنەی بەدواداچوونی ڕاستییەکان ڕاپۆرتەکەی خۆی تەواو بکات و بیداتە حکومەت، کە ئێستا لیژنەکە ئامادەکردنی ڕاپۆرتەکەی دواخستووە بۆ دوو مانگی دیکە، بەڵام دیمستۆرای نوێنەری نەتەوەیەکگرتووەکان کە لە ساڵی ڕابردووەوە دۆسیەی ناوچە کێشە لەسەرەکانی بەدەستەوە گرتووە، بەشی دووەمی پێشنیازەکانی کە تایبەتن بە کەرکووک داوەتە سەرکردایەتی کوردستان و لایەنەکانی دیکە. بەڵام ئەحمەد موراتلی پەیوەستی بەرەی تورکمانی بە هەڵوێستی پێشووی دووپاتدەکاتەوەو دەڵێ "کەرکووک شارێکی عێراقییە و خاوەنی تایبەتمەندییەکی تورکمانییە". سەبارەت بە دابەشکردنی پۆستەکانیش موراتلی گوتی "ئەگەر بەدڵ و حەزی ئێمە بێت، ئێمە پێمانخۆشە تورکمان حوکمی کەرکووک بکات، بەڵام بڕیارەکە لەدەست حکومەتی ناوەندییە، بەڵام وەک پۆستی دیاریکراو ئێمە حەزدەکەین پۆستی پارێزگار بدرێتە تورکمان".

سەبارەت بە بەشداریکردنی تورکمان لە هەڵبژاردنی ئایندەی پەرلەمانی کوردستان، نوێنەری بەرەی تورکمانی لە تورکیا گوتی "ئەوە پەیوەندی بە سەرکردایەتی بەرەوە هەیە لە تورکیا".



## ئێران حوکمی لەسێدارەدانی 13 کورد دەدات

ڕووداو-Today Zaman

دادگاکانی ئێران، حوکمی لەسێدارەدانیان بۆ 13 کورد دەکرد، کە زۆربەیان مامۆستاو ڕۆشنبیرن، بە تۆمەتی ئەندامێتی پژاک و، بەهۆی ئەوەی بەشداریان لە چەند کردەوەیەک دژی کۆماری ئیسلامی ئێران و هەڕەشەکردن لە ئاسایشی نەتەوەیی ئێران. ناوی ئەو 13 کەسەش بریتین لە( فەرزاد کەمناگەر، فەرهاد وەکیلی، عەلی حەیدەریان، عەبدولواحید بوتیمار، حەبیبوڵڵا لەتیفی، ئیحسان فەتاحیان، فەیزیح یاسەمینی، ڕۆستەم ئارکی، زەینەب جەلالیان، شێرکۆ مارف، فەرهاد جەلیش، ئەنوەر ڕۆستەمی و ڕەمەزان ئەحمەد).

"دەستگیر کردنی ئەندامانی DTP دەرهاویشتەی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانە"

# تورکیا دەڵێ لە DTP لە PKK پاکدەکەینەوە

**ڕووداو-هەولێر**

بەتۆمەتی ئەندامێتی پارتی کرێکارانی کوردستانPKK پۆلیسی تورکیا دەستیکردەوە بە هەڵمەتێکی دەستگیرکردنی ئەندامانی لایەنگرانی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتیDTP و بەرپرسانی ئەو پارتەش دەڵێن ئەو هەڵمەتە تۆڵەکردنەوەی حکومەتە لە سەرکەوتنی DTPلە هەڵبژاردنی شارەوانییەکاندا. هەندێ نێوەندی تورکیش ئەوە بە "هەڵمەتی پاککردنەوەی DTP لە PKK" ناوەدەنێن.

پۆلیسی تورکیا لە ڕۆژی 2009/4/13 دەستی بەو هەڵمەتە کردووە، بەپێی سەرچاوەکانی DTP تا ئێستا پتر لە 300 بەرپرس و لایەنگری ئەو پارتە کوردییەی دەستگیرکردوون، پۆلیس تۆمەتی ئەوەی خستوونەتە پاڵ، کە ئەوانە پەیوەندییان بەPKKەوە هەیە، کە تورکیا بە "ڕێکخراوێکی تیرۆرست" دایدەنێت و شەڕی دەکات.

لەنێو دەستگیر کراواندا چەند بەرپرسێکی باڵای DTP هەن، لەوانەش کامەران یوکسەک، بەیرام ئاڵتوون، یاریدەدەرانی ئەحمەد تورکی سەرۆکی DTP، هەروەها 20 ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی DTP، هەروەها سێ پارێزەری عەبدوڵڵا ئۆجەلانی ڕێبەری دەستگیرکراوی PKK لەنێو دەستگیرکراوەکاندان.

بەپێی تۆمەتەکانی حکومەت، ئەو دەستگیرکراوانە بریتین لە کۆمسیۆنێکی نێو DTP کە سەر بە PKKن و هەموو کاروبارە دارایی و بڕیارە سیاسییەکان و کاندیدکردنی کەسانی DTP بۆ هەڵبژاردنەکان بەدەست ئەوانە، دەڵێت ئەوە ساڵێکە چاودێری ئیمێڵ و تەلەفۆنەکانی ئەوانەی کردووە.

ڕۆژی هەینی 13 /2009/4 ڕابردوو، ژمارەیەک لەو دەستگیرکراوانە دەستی پێکرد، کە هاوشانی بەرپرسان و پەرلەمانتارانی DTP بە دەیان هەزار هاووڵاتی لە شاری ئامەد ڕژانە سەرشەقامەکان، لەبەردەم دادگا ناڕەزاییان بەرامبەر ئەو هەڵمەتە دەربڕی.

بەنگی یڵدز، بەرپرسی کۆمسیۆنی یاسایی DTP و ئەندامی پەرلەمانی تورکیا، کە ڕۆژی دادگاییکردن لە دادگای باڵای شاری ئامەدبوو، لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) ئەو هەڵمەتەی وەکو دان بەخۆدانەگرتنی دەوڵەت و حکومەتی تورکیا لە بەرامبەر ئەنجامی هەڵبژاردنی شارەوانییەکان وەسفکردو گوتی "ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بووە مایەی سەرنەگرتنی پرۆژەی AKP"، یەڵدزگوتیشی "ئەو هەڵمەتی دەستگیرکردنەی لایەنگرانی DTP، پرۆژەی AKP بۆ نەهێشتنی پرسی کورد لە باردەبات". ئەوە لەکاتێکدایە کە کورد و ئەمریکا هانی حکومەتی ئێستای تورکیایان دەدا بۆ هەنگاونانی بوێرانەتر بۆ چارەسەری کێشەی کورد و نەهێشتنی شەڕو توندوتیژی لە باکووری کوردستان و تورکیا.

لەهەڵبژاردنە هەرێمیەکانی 29 ئاداری ڕابردوو، DTP توانی سەرکەوێت 97 شارەوانی بەدەستبێنێ لە شارەکانی باکووری کوردستان، ئەوەش سەرکەوتنێکی گەورەبوو کە هەرسێ شارەوانی گەورەی شارەکانی وان و سێرت و ئیغدری لەدەست AKP و MHP دەرهێنا. ئەمەش بووە مایەی ناڕەزایی و کاردانەوەی ناوەندە حکوومی و حیزبیەکانی تورکیا.

سەرچاوە ئەمنیەکان و پۆلیسی تورکیا، دەڵێن ئەوانەی دەستگیرکراون ماوەی 2 ساڵە لەژێر چاودێریدان بەتایبەتی پەیوەندییە تەلەفۆنییەکانیان لەگەڵ ئەورووپا و سەرانی PKK لەچیا، بەڵام DTP دەڵێت ئەوە سیناریۆیە.

بوڵەند گەنەش، سەرنووسەری ڕۆژنامەی Todays zaman کە ڕۆژنامەیەکی نزیکی AKPیە لەلێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) کەسە دەستگیرکراوەکانی وەکو کادیرانی PKKی ناو شار وەسفکرد و گوتی" لە ئەنجامی چاودێری وردی تەکنیکی، ئاشکرابووە ئەو کەسانە بۆ پەرەپێدان بە ڕێکخستنەکانی PKK کاریان کردووە و لەهەمانکات دزەیان کردووەتە ناو DTP". هەروەها گەنەش ئەو هەڵمەتەی وەک هەلێک ناوبرد "بۆ ئەوەی DTP بەهۆیەوە ببێتە پارتێکی یاسایی تورکیا و لەهەمانکاتدا ببێتە نوێنەری چارەسەری پرسی کورد".

بەڵام ناجی سەپان، بەرپرسی ئۆفیسی ڕۆژنامەی OLAYI لە ئامەد ڕایەکی جیاوازی هەیەو لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) گوتی هەڵمەتەکە لایەنی سیاسی و یاسایی هەیە "لەلایەنی یاسایی ئەو کەسانە دەمێکە لە ژێر چاودێریدانە و پەیوەندی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ PKK هەیە. لایەنی سیاسیشی پەیوەستە بەئەنجامی هەڵبژاردنە هەرێمییەکان، کە DTP توانی ڕێژەی دەنگ و شارەوانییەکان زیاتر بکات".

بەنگی یڵدز، جەخت لەوە دەکاتەوە کە هەر کاتێک دەوڵەت پەنا دەباتە بەرهێرشکردنە سەر کورد ئەو سیناریۆیانە دروستدەکات" هیچ کارێک لەلای دەوڵەت لە هەڵبەستنی ئەو قسەلۆک و دروستکردنی ئەو سیناریۆیانە ئاسانتر نییە، کە کەسانێک خەباتێکی سیاسی و دیموکراتی و یاسایانە بەڕێوە دەبەن وەکو ئەندامی ڕێکخراوێکی نایاسایی وەسفیان بکات. لەبنەڕەتدا ئەمە نەریتێکی نادیموکراتیانەی تورکیایە".

ناجی سەپان، پێیوایە کاتی ئەنجامدانی هەڵمەتەکە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانەوە هەیە "بەر لە هەڵبژاردن AKP وایدەزانی کە جارێکیتر زۆربەی شارەوانییەکان کۆنترۆڵدەکاتەوە، بۆیەش ئەنجامدانی ئەو ئۆپەراسیۆنەی دواخست، چونکە ئەگەر بەر لەهەڵبژاردن ئەنجامیدابایە، پێیوابوو ئەمە دەبووە مایەی دەنگنەدانی هاووڵاتیانی کورد بە AKP".

بەڵام بوڵەند گەنەش، دەڵێت ئەمە هیچ پەیوەندی بە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانەوە نییە وگوتیشی "بەڵام ئەگەر بەر لەهەڵبژاردن ئەو ئۆپەراسیۆنە ئەنجامدرابا ئەوکات خوێندنەوەی جیاوازی بۆ دەکرا، لەوانەیە بانگەشەی ئەوە کرابا کە ئەمە ئاستەنگ دروستکردنە بۆ دەنگدەدان بە DTP".

دوای ئەنجامدانی ئەو ئۆپەراسیۆنە هەموو کەس چاوەڕێی ئەوە دەکات، ئایا دەبێت هەڵوێست و کاردانەوەی DTP و کورد چی بێ؟ لەو بارەیەوە عەبدوڵڵا دەمیرباش سەرۆکی شارەوانی سووری ئامەد، کە لە ڕۆژی دادگاییکردنی دەستگیرکراوانی DTP هاوشانی هاوڕێکانی لەبەردەم دادگای کۆماری ئامەد ئامادەبوو، بۆ (ڕووداو) گوتی "لەچەند ڕۆژی داهاتوو ئەنجوومەنی پارتەکەمان کۆدەبێتەوە و بڕیاری پێویست دەدات".

سەبارەت بە پەنا بردنە بەر دادگای مافی مرۆڤی ئەورووپا، دەمیرباش گوتی "لەلایەنی یاساییەوە تا هەموو قۆناخەکانی دادگای تورکیا نەبڕین ناتوانین ئەو داوایە ببەینە دادگای ئەورووپا، بۆیە هێشتا زووە باس لەو هەنگاوە بکەین".



پارتی چەپی سوێدی نامەیەکی توند ئاراستەی سەرۆکی تورکیا دەکات:

# ڕێز لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بگرن

**کاوە ئەمین**
**ڕووداو-سوێد**

پارتی چەپی سوێدی لە بەیاننامەیەکدا، کە دانەیەکی نێردراوە بۆ (ڕووداو)، باسی ئەو نامەیە دەکات کە بۆ سەرۆک کۆماری تورکیا عەبدوڵڵا گول ناردوویانە و، تێیدا داوایانکردووە دەستەبەجێ گرتنی سیاسییەکانی باکووری کوردستان ڕابگرن، کە لەم ڕۆژانەی دواییدا لە تورکیا دەستی پێکردووە و دەیان ئەندامی پارتی کۆمەڵگای دیموکراتی DTP کە چەند بەرپرسێکی باڵای ئەو پارتەشیان لە نێودایە، لەو هەڵمەتەدا گیراون.

پارتی چەپ لە بەیاننامەکەیدا نووسیویەتی:"هەتا ئێستا نزیکەی هەشتا ئەندام و سەرکردەی پارتی کوردی DTP گیراون، ئەمەش دوو هەفتە دوای هەڵبژاردنی شارەوانییەکان دێت کە پارتی DTP تێیدا، سەرکەوتنی گەورەی بە دەستهێنا". نامەکە لەلایەن سێ ئەندامی پەرلەمانی پارتی چەپ، یاکوب یوهانسۆن، ئامینە کاکەباوە و هانس لیدنێ، ئیمزا کراوە، کە خۆیان وەکو چاودێر لە هەڵبژاردنەکاندا لە تورکیا و باکووری کوردستان چاودێری بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکانیان کرد.

یاکوب یوهانسۆن دەڵێت:" ئەو شەپۆلی گرتنە، بە ڕوونی دیاریدەکات کە ڕژێمی تورکیا نایەوێت ڕێز لە سەرکەوتنە بەرچاوەکانی DTP بگرێت، پارتی چەپ بەتووندی ئەو سیاسەتە ڕیسوا دەکات و داوا دەکات دەستبەجێ هەموو گیراوەکان ئازاد بکرێن".

پارتی چەپ لە بەردەوامی بەیاننامەکەیاندا دەنووسن:" دەستگیرکرنەکان بە پشتیوانی قانوونەکانی تورکیا دەکرێن، بەڵام بە کردەوە بەو مانایە دێت کە هەموو کردەوەیەکی سیاسیانە لەلایەن کوردەکانەوە سەرکوتدەکرێت و مۆری تیرۆریستیان پێوە دەنرێت".

ئامینە کاکەباوە ئەندام پەرلەمانی سوێد، لەوبارەوە گوتی: "ئێمە داوا دەکەین کە تورکیا هەموو ئەو تاوانانەی دژ بە مافی مرۆڤ دەکرێن بوەستێنێ و دەبێت چیدیکە ئەو سیاسییە کوردانەی کە بۆ مافەکانی کورد تێدەکۆشن، ڕاونەنرێن و بەربەستیان بۆ دانەنرێت".

ئامینە کاکەباوە، لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ (ڕووداو) ئاشکرای کرد کە "وەک ئەندام پەرلەمانێک چەند پرسیارێکم ئاراستەی وەزیری دەرەوەی سوێد، کارل بیلتد، کردووە و داوای هەڵوێست وەرگرتنی حکوومەتی سوێدیم کردووە لەسەر ئەو تاوانانەی دژ بە DTPدەکرێن. هاوکات لە ڕێگای ئەندامانی پارتی چەپ لە پەرلەمانی ئەورووپا، داوایکردووە کە لە زووترین کاتدا ئەو کێشەیە ببرێتە نێو پەرلەمانی ئەورووپا و داوا بکەن کە دەوڵەتی تورکیا دەست لە دژایەتی نەتەوەی کورد هەڵبگرێت و ڕێز لەو دەنگانە بگرێت کە لە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی باکووری کوردستان دراونەتە DTP". کاکەباوە ئەوەشی ڕاگەیاند کە لە نامەکەیاندا بۆ عەبدوڵڵا گول نووسیویانە:"ناکرێت پارتێکی وەکو DTP کە لە هەڵبژاردنەکاندا دەنگی هێناوە و خوازیاری چارەسەرکردنی کێشەی کوردە بە ڕێگایەکی ئاشتیانە، مۆرکی تیرۆری پێوە بنرێت، تەنها لەبەر ئەوەی لە شارە کوردییەکاندا دەسەڵاتیان گرتووەتە دەست، دەبێت بێ قەید و شەرت، زیندانییەکان ئازاد بکرێن و دەرگای کارکردنی سیاسی بە ڕووی کوردان دا بکرێتەوە".

هەروەها ئامینە کاکەباوە لەسەر هەوڵدانی دەوڵەتی تورکیا بۆ داخستنی تەلەفزیۆنی ڕۆژ، کە لە دانمارکەوە بەرنامەکانی پەخشدەکات، ناڕەزایەتی خۆی نیشاندا وتی:" شەرمە بۆ وڵاتێکی ئەورووپی مل بۆ داخوازییەکانی تورکیا کەچ بکات و کورد بکەنە قوربانی پێوەندییە بازرگانییەکانیان، دەبێت ڕێگا بە ڕۆژتیڤی بدرێت وەک دەنگێکی ئازاد کە نەک تەنها لە باکوور بەڵکو لە پارچەکانی دیکەی کوردستانیش، بینەرێکی زۆری هەیە، درێژە بەکارەکانی خۆی بدات".

ئامینە دووپاتی کردەوە: "من وەک ئەندام پەرلەمانێک بەتەواوەتی پشتی ڕۆژتیڤی دەگرم و بۆ ئەو مەبەستەش هەچییەکەم لە دەست بێت دەیکەم".

# ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تابووەکان دەشکێنن



**هێمن خۆشناو**
heminxoshnaw@yahoo.com

**ڕووداو - هەولێر**

سەرەڕای یاسا توندەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران، ژنانی ڕۆژهەڵات بە بەرگی نەتەوەیی، جەژنەکانی نەورۆز و سیانزەبەدەر لە پانتاییە سەوزەکان پیرۆز دەکەن. چاودێران و سیاسەتمەداران پێیانوایە، ئەو کارەی ژنان پەیامێکی پڕ لە هۆشیاری هەڵگرتووەو هەنگاونانێکی کۆمەڵگەی کوردییە بۆ فراوانکردنی ئازادییە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانی بەدەستی خۆی بە شێوەیەکی مەدەنیانە.

سیانزەبەدەر، کە ڕۆژی سیانزەی مانگی نەورۆزە، بەگوێرەی ئەفسانەی فارسەکان ئەو ڕۆژە ڕۆژێکی شوومە، لەوانەیە بوومەلەرزە یان کارەساتێک ڕوو بدات، هەروەها پێیانوایە دەبێ لەو ڕۆژەدا خۆیان نوێبکەنەوەو هەوایەکی تازە هەڵمژن لە نێو سروشتدا.

ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەمساڵ بەرچاوتر لەساڵانی ڕابردوو، بەجلوبەرگی ڕەنگاو ڕەنگ و ڕوونەوە لە لە دەشت و دەرەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان جەژنی نەورۆز و سێزدە بەدەریان گێڕا.

کوێستان فەتوحی، هەڵسوڕاوێکی کاروباری ژنانە و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە ئێستا لەباشووری کوردستان دادەنیشێ بۆ (ڕووداو) گوتی "تابلۆکانی نەورۆز و سیانزە بەدەر، پەیامی بەربەرەکانی کردنن لەگەڵ ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران". کۆماری ئیسلامی ئێران یەک سیستەم و کولتووری بەسەر هەموو نەتەوەو توێژەکان داسەپاندووە، بۆیە ئاهەنگەکانی نەورۆز و دەرکەوتنی ژنان بەجلی نەتەوەیی وەکو هێنانە ئارای کولتوورێکی تایبەت بە کورد دەژمێردرێت.

فەریبە محەممەدی، ڕۆژنامەنووس پێیوایە ئەمە دەبێتە سەرەتای سیستەمێکی کوردی "چونکە لەهەر کۆمەڵگایەک، فەرهەنگی هەر نەتەوەیەک، دایک یان ژن بۆ نەوەکانی دیکە دەیگوازێتەوە، واتە ژن ڕۆڵێکی گرنگی هەیە".

کوێستان، جەخت لەوە دەکاتەوە کە بەشداری خەڵک بەتایبەت ژنان لە سەیران و ئاهەنگەکانی نەورۆزدا دەیسەلمێنێ کە "ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێیناوەتە قۆناخێکی نوێی کلتووری، کاتێک ژنان بەبەرگی نەتەوەیی دێنە دەرەوە دەردەکەوێت ئەمە ئامانجێکی لەپشتەوەیە".

ڕەزا کەعبی ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، لەو بارەیەوە پێیوایە ئاهەنگەکانی نەورۆز ئەگەر بەتەواوەتیش زەمینەی هێنانە کایەی سیستەمی کوردی نە ئافرێنن ئەوا "خزمەت بەو ئامانجە دەکات. ئەوەی ئەمڕۆ هاتووەتە ئاراوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەماوەی 100 ساڵی ڕابردوو هاوشێوەی نەبووە. پانتایی جوگرافیای سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر فراوانبووە". ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، پێداگیری لەسەر ئەوە دەکات کە ڕووداوەکانی نەورۆز ڕێککەوت نین، لەهەر جموجۆڵێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستان ڕۆڵی ژنان زۆر بەرچاوە "لەبەر ئەوەی ژنانی ڕۆژنامەنووس و پەیکەرتاش و فلیمساز ژمارەیان زۆربووە هیچ جموجۆڵێک نابینین کە ژنان تێیدا بەشداری نەکەن، دەبێت ئەوە لەبیرنەکەین کە بزووتنەوەی ژنانی کورد لەنێو بزوتنەوەی ژنانی سەرتاسەری ئێران جێگایەکی بەرزی هەیە". هەروەها دەڵێت "بزووتنەوەی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گەیشتووەتە ئاستێک کە پێویستە حیسابی بۆ بکرێت".

کوێستان محەممەدیش، مکوڕە لەسەر بەرزبوونەوەی ئاستی هۆشیاری ژنانی کوردستان و گوتی "بەشێکی زۆری ژنان بە هۆشیاریەوە ئەو کارە دەکەن، بەشێکیشیان بەهۆی هەستە نەتەوەییەکانەوە دەیکەن". ئەمڕۆ پرسی کورد گەیشتووەتە ئاستێک، پارچەکانی کوردستان ئاگایان لەیەکترە و کار لەیەک دەکەن. بەتایبەتی لەباکووری کوردستان کە ژنان سەرەڕای خەباتی کۆمەڵایەتیان ڕۆڵێکی سەرەکی لەخەباتی نەتەوەیشدا دەگێڕن، لەهەموو ئاستەکان ژنان نوێنەرایەتیان هەیە، بۆ نموونە لەکۆی 21 پەرلەمانتاری کورد لەپەرلەمانی تورکیا 8یان ژنن، لەکۆی 58 شارەوانی گەورە 14 یان ژنە، بەڕای چاودێران ئەمە کاریگەری بۆ سەر تەواوی کوردستان بەتایبەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیە، چونکە زەمینەی خەباتی جەماوەری و کۆمەڵایەتی بۆ ژن لەو پارچەیە بەبەراورد لەگەڵ پیاو لەبارترە، بۆیە پێشبینی دەکرێ ژنانی ڕۆژهەڵات وەکو هاوتا باکوورییەکانیان دەستپێشخەر بن و بە ڕەنگی خۆیان دواڕۆژی گەلەکەیان بخەملێنن.

ڕەزا کەعبی پێیوایە سەرەڕای بوونی ڕژێمێکی دژی ژنان، ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەبەراورد لەگەڵ پارچەکانی دیکەی کوردستان لە ئاستێکی هۆشیاری زیاتردانە "لە ساڵی 1979 سەدان ژن لەهێزی پێشمەرگە خەباتیان کرد و شەهیدبوون، بوونە بەرپرسی سەربازی و سیاسی، ئێستاش چەندین ژنی تێکۆشەری کورد وەکو هانا عەیدی و ڕوناکی سەفارزادە لەزیندان دانن، ئەمەش ئاستی هۆشیاری ژنانی ڕۆژهەڵات نیشاندەدەن".

کوێستان محەممەدی وێڕای سەرسامی بە ژنانی باکوور بەدووری دەزانێ ژنانی ڕۆژهەڵات وا بەزوویی بگەن ئاستی ئەوان "چونکە واقیعی ئێران و تورکیا لەیەکتر جیاوازن. سیستەمی ئێران لەهەموو ڕوویێکەوە دژایەتی ئازادییەکانی مرۆڤ دەکات".

# سوریا دەیەوێ کوردستان زیاتر تەعریب بکات

**نەوزاد مەحمود**

**ڕووداو- سلێمانی**

ڕۆژی2009/4/16لەپرێس کۆنفرانسێکدا،نوێنەرانی هەر یەک لە پارتی یەکێتی کورد و پارتی چەپی کوردی لە سوریا باسیان لە توندتربوونی سیاسەتی ڕژێمی بەعسی سوریا بەرامبەر کوردانی ڕۆژئاوای کوردستان و ئەو هەڵمەتە ڕەشبگیریەی کورد و زیندانیکردنی سەرکردە کوردەکان کرد،کە ئێستا سوریا بە فراوانتر دەستیداوەتێ و داواشیان لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کرد، کە چیتر چاوپۆشی لە سیاسەتی سەرکوتکارانەی سوریا نەکەن.

عەبدولباقی یوسف، نوێنەری پارتی یەکێتی کورد لە باشووری کوردستان و ئەندامی مەکتەبی سیاسی ئەو پارتە گوتی، ڕژێمی سوریا چەندین ساڵە لەسوریا لەڕێگەی هێزە ئەمنیەکانەوە هەڵمەتی سەرکوتکارانە دژی کورد و لایەنە نیشتمانییەکانی کورد لە سوریا ئەنجامدەدات، هەڵمەتەکە زیاتر لەدەستگیرکردنی سەرکردە سیاسییەکان و چالاکڤانانی مافی مرۆڤ و هەڵسوراوانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا خۆی دەبینێتەوە.

عەبدولباقی گوتیشی " تەنها لە مانگی ئاداری ئەمساڵدا نزیکەی 200 کەس دەستگیرکراون، کە زۆربەیان کوردن و چەند سەرکردەو بەرپرسێکی پلەبەرزی پارتە کوردییەکانیان تێدایە کە تائێستاش لە زینداندان ". هەندێک لەو سەرکردە کوردانەش کە عەبدولباقی یوسف ئاماژەی پێدان، بریتین لە: سلێمان ئۆسۆ، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی یەکێتی کورد و نەسرەدین بەهێک و فەیسەڵ نازۆ، ئەندامانی سەرکردایەتی پارتی چەپی کورد، مستەفا جومعە، ئەندامی ئەمینداریێتی گشتی پارتی ئازادی کورد، مەشعەل تەمور، وتەبێژی ڕەوتی ئایندەی کورد.

ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسی پارتی یەکێتی کورد هەروەها گوتیشی "بە فەرمانی دەزگا ئەمنیەکان زۆربەی مامۆستایان و فەرمانبەران و کرێکارانی کورد دوورخراونەتەوە بۆ شوێنی دوورو هەر لەبەر ئەوەش بەشێکیان ناچار بوون واز لەکارەکانیان بێنن".

ئەو سیاسەتەی ئێستا دەوڵەتی سوریا لەدژی کورد و ناوچە کوردنشینەکان پیادەی دەکات و ئێستا توندتری کردووە، وەک شەلال گەدۆ، نوێنەری پارتی چەپی کورد لەسوریا و ئەندامی سەرکردایەتی پارتەکە گوتی سوریا ئامانجی ئەوەیە کورد ناچار بکات شوێنی خۆیان جێبهێڵن و باری دیموگرافیای ناوچە کوردییەکان بشێوێنێ و بەتەواوی تەعریبی بکات. لە سوریا هەموو هاوڵاتییەک بە هاووڵاتی عەرەبی نانووسدەکرێ لە ناسنامەکەیدا، ناوی کوردی لە سوریا قەدەخەن و لەساڵی 1962وە سیاسەتی دامەزراندنی کەمەرەی عەرەبی و بەعەرەبکردنی ڕۆژئاوای کوردستان دەستپێکردووە.

شەلال گەدۆ ئاماژەی بۆ یاسای مەرسومی ژمارە 49 کرد کە لە 2008/9/10 سووریا دەریکردووەو بەپێی ئەو مەرسومە، کورد ناچار دەکرێن شوێنەکانی خۆیان جێبێڵن و گوتیشی " کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ئەنجوومەنی ئاسایش لەوە بەرپرسن، کە بەردەوام چاوپۆشی لەو جۆرە سیاسەتانەی سوریا دەکەن".

گەدۆ هەروەها گوتیشی "هەموو پێشێلکارییەکان ڕاستەوخۆ و بە فەرمانی هێزە ئەمنیەکانی سوریا ئەنجامدەدرێن".

هەڵوێستی پارتە کوردییەکان سووریا بەرامبەر بەو پێشێلکارییانە بە هەڵوێستێکی لاوازدەبینرێ، لە وەڵامی پرسیارێکی (ڕووداو)دا عەبدولباقی یوسف ڕەتیکردەوە کە ئەوان لە ئاگادارکردنەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ڕای گشتی جیهانی کەمتەرخەمیان کردبێت و گوتی " هەشت پارتی کوردستانی چەترێکی سیاسیمان دروستکردووەو سەردانی نووسینگەی ئەنجوومەنی ئاسایش و ئەمریکامان کردووەو لەپێشێلکارییەکانی سووریا ئاگادارمان کردوونەتەوە". هەروەها گوتیشی "داواکارین بەزووترین کات زیندانییە سیاسییەکان ئازاد بکرێن و سیاسەتی ڕەگەزپەرستانە لە دژی گەلی کورد لە کوردستانی سوریا هەڵبوەشێنرێتەوە".

پارتە کوردییەکانی سووریا بەردەوام ڕووبەڕووی گلەیی دەبنەوە کە پەیوەندی جەماوەرییان بەهێز نییە و نەرمی بەرامبەر دەوڵەتی سووریا دەنوێنن، شەلال گەدۆ لەوەڵامی پرسیارێکی (ڕووداو)دا لەو بارەیەوە دەڵێت "خەباتی ئێمە خەباتێکی مەدەنیانەیەو لەچەند ساڵی ڕابردوودا هەزاران کورد لەسوریا لەلایەن دەوڵەتەوە کوژراون و بارودۆخ لە سوریا خەباتی چەکداری هەڵناگرێت". گەدۆ گوتیشی "پەیوەندیمان لەگەڵ جەماوەرو گەلی کورد زۆرباشە".

دووپاتیشیکردەوە کە میللەتی کورد لە سوریا بەهیچ شێوەیەک دەستبەرداری ناسنامەی کوردی خۆی نابێت و دەبێت حکومەتی سوریا ڕێز لەیاسا بگرێت "حکومەتی بەعس لەسوریا دیوارێکی گەورەی ترسێنەری لەو وڵاتە دروستکردووە لەنێوان خۆیی و هاووڵاتیاندا". باسی لەوەشکرد کەلەسەرەتای نەوەتەکانەوە زنجیرەیەک چالاکی سیاسی و جەماوەری لەو وڵاتە ئەنجامدرا و لەساڵی 2002ش خۆنیشاندانی گەورە لەلایەن گەنجان و ژنانی کوردەوە ئەنجامدراو ئەو دیواری ترسە ڕوخێندرا ولەساڵی 2004 دیسان چالاکی گەورە ئەنجامدران و کێشەی کوردی لەسوریا ناساند.

عەبدولباقی یوسف ڕایگەیاند دەبێت ئەنجوومەنی ئاسایش ڕێگە لە دەوڵەتی سوریا بگرێت دەست نەخاتە کاروباری دەوڵەتانی دراوسێوەو "پشتیگری ڕێکخراوە تیرۆریستیەکانی ناوچەکەو جیهان بوەستێنێ، چونکە ڕژێمی سوریا بەردەوامە لەپشتگیری ئەو ڕێکخراوانە". گوتیشی "بەڵگەی زیندوومان لایە کە هاوکاری سوریا بۆ ڕێکخراوە تیرۆریستیەکان دەسەلمێنێت".



رووداو

## کاروباری سیاسی

**شاندێکی کۆنگرێسی ئەمریکی لەکێشەی کەرکووک دەکۆڵێتەوە**



رووداو- PUKmedia
رۆژی 2009/4/16 شاندێکی کۆنگرێسی ئەمریکی بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی تەوافوقی لەبارەی کێشەی کەرکووک سەردانی ئەو شارەیان کردو لەگەڵ نوێنەرانی پێکهاتە جیاجیاکانی کۆبوونەوە. رێبوار تالەبانی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگا بەوەکالەت، لەوبارەوە گوتی "وەک نوێنەرانی کورد بەئەمریکییەکانمان گوت کە کێشە سەرەکییەکە ئەوەیە حکومەتی فیدراڵ پابەندی یاساو دەستوور نابێ و داوامان لێکردن بۆ جێبەجێکردنی ماددەکانی دەستوور گوشار بخەنە سەر بەغدا".

### راپۆرتەکەی نەتەوەیەکگرتووەکان لەسەر کەرکووک

# قۆناخێکی نوێی ناکۆکی نێوان کورد و عەرەب دروستدەکات



نوێنەری UN ستیفان دیمستۆرا پێشنیازەکانی لەسەر کەرکووک دەداتە سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانی

**بەغدا- عێراق**

لە کاتێکدا چاوەڕێی بڵاوبوونەوەی راپۆرتەکەی نەتەوەیەکگرتووەکان UN دەکەن، سیاسەتمەدارانی کورد و عەرەب لە باکووری عێراق لە خۆئامادەکردندان بۆ گفتوگۆکردنێکی درێژ لەسەر مەسەلەی ناوچە دابڕاوەکانی باکووری عێراق. چاوەڕوان دەکرێت راپۆرتەکە پێشنیازی ئیدارەیەکی هاوبەش بۆ کەرکووک بکات و کەسێکیش بۆ چەند شارۆچکەیەک دروست بکات کە بخرێنەوە سەر هەرێمی کوردستان.

لە شاری کەرکووک کە بەدرێژایی 300 میل بریتییە لە ناوچە دابڕاوەکان، سیاسەتمەدارانی عەرەب رایانگەیاند کە بەرەیەکی سیاسیان دامەزراندووە کە سەرکردە سوننەکانیشی تێدایە. لە هەمانکاتدا، کورد بە پەرۆشەوە سەرقاڵی کۆکردنەوەی ئیمزان بۆ ئەوەی بیسەلمێنن زۆرینەی دانیشتوانی شاری کەرکووک لەگەڵ ئەوەدان شارەکە بە هەرێمی کوردستانەوە بلکێندرێت.

راپۆرتەکەی UN کە بڕیارە ئەم مانگە بڵاوبکرێتەوە، خەڵکێکی زۆر چاوەڕێیەتی و لەوانەیە قۆناخێکی نوێ لەم ناکۆکییە مێژووییەی نێوان کورد و عەرەب لەسەر شاری کەرکووک و ناوچەکانی دەوروبەری هەڵبداتەوە.

زۆربەی ئەو ناوچانە تاوەکو سالانی حەفتاکان زۆرینەی دانیشتوانی کورد بوون، بەڵام کاتێک سەدام بە سەدان گوندی وێرانکرد و هەزاران کەسی ئاوارە کرد، عەرەبی باشووری هێنایە ئەم ناوچەیە.

لە ساڵی 2003وە، حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵی زۆریداوە بۆ گەڕاندنەوەی هەندێ ناوچە و، نوری مالیکی سەرۆک وەزیران و سەرکردە عەرەبەکانی دیکەی عێراق، کوردیان بەوە تۆمەتبار کردووە کە چوونەتە نێو ئەو ناوچانەی لەژێر چاودێری حکوومەتی ناوەندیدان و چەند مانگێک لەمەوپێش مالیکی هێزێکی لەو ناوچەیە دامەزراند بەمەبەستی سنووردارکردنی کاریگەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەو ناوچەیە.

ناکۆکییەکان لەسەر مەسەلەی کەرکووک و ناوچە دابڕاوەکان کە هەندێ بەرپرسی عێراقی و ئەمەریکی پێیانوایە مەترسی هەیە ببێتە هۆی دروستبوونی شەڕی چەکداری، هەر ئەم مەترسییەش بوو وای لە سوپای ئەمریکا کرد ژمارەی سەربازانی خۆی لە کەرکووک لە 900 سەربازەوە بۆ 3،200 سەرباز زیاد بکات.

ئەندرو تێرڵ، پرۆفیسۆر لە پەیمانگەی لێکۆلینەوەی ستراتیژی شەڕ کە تایبەتە بە سوپای ئەمریکا، لەم بارەیەوە گوتی" زۆربەی کات کەرکووک لەگەڵ قودس بەراورد دەکرێت، کە لەوێش چەند گرووپێکی جیاواز هەستێکی بەهێزیان هەیە و بەردەوام گروپەکان یەکتری تۆمەتبار دەکەن".

مقۆمقۆی کۆنترۆڵی ئەو شارە لەگەڵ مەسەلەی چارەسەرنەکراوی داهاتی نەوت، تێکەڵ کراوە و ئەمەش بارودۆخەکەی ئەوەندەی دیکە ئاڵۆزتر کردووە، لە کاتێکدا هەر بڕیارێکی هەڵە لەلایەن سیاسەتمەدارانی کەرکووک بەمانای خۆکوژییەکی سیاسی دێت.

ژمارەیەک توێژەر و سیاسەتمەداری عێراق لە باکووری عێراق کە لەم دواییەدا مەسەلەی کەرکووکیان لەگەڵ بەرپرسانی UN گفتوگۆکرد، رایانگەیاند کە چاوەڕواندەکەن UN سیناریۆیەک دیاری بکات کە کەرکووک بە هاوبەشی لەلایەن حکوومەتی ناوەندی و حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەڕێوەببرێت، هەروەها لەسەر بنەمای توێژینەوە لەسەرمێژووی ناوچەکەو دیموگرافیا و ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئەمدواییە، چاوەڕواندەکرێت UN پێشنیازی ئەوە بکات کە چەند شارۆچکەیەک لەلایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەڕێوەببرێن.

حوسێن عەلی ساڵح جبووری، کە بەرپرسێکی عەرەبە لە شاری کەرکووک، رایگەیاند کە سیاسەتمەدارانی ئەو شارە بڕیاریانداوە گرووپی کەرکووکی عێراقی دابمەزرێنن بۆ ئەوەی "عەرەبەکانی ئەو شارە زیاتر بەهێز بکەن، لەبەرامبەر مێشک تەسکی کورد"، ناوبراو ئەوەشی راگەیاند کە بەنیازە ئەنجوومەنەکانی سەحووە بەکاربێنن بۆ بەرەنگاربوونەوەی قاعیدە لە گوندەکانی باکووری عێراق.

سیاسەتمەدارانی کوردیش لە کەرکووک رایانگەیاند کە ئەوان ئامادەنین هیچ رێککەوتنێک بکەن کە رێگربێت لە گەڕانەوەی کەرکووک بۆ سەر هەرێمی کوردستان.

لەم بارەیەوە نەجات حەسەن کەریم، سیاسەتمەداری کورد لەو شارە گوتی" ئێمە بە چارەسەرێک رازی دەبین کە لەلایەن پارتەکانی نێو شارەکەوە دۆزراوەتەوە و دژی هەر چارەسەرێکین کە لایەنی دەرەکی دەستی تێدا هەبێ و دوژمنی نموونەی کوردین".

بەرپرسانی ئەمەریکی مەترسی ئەوەیان هەیە کە بکشێنەوە و ئەو مەسەلانەش بەبێ چارەسەر بەجێ بێڵن و ئەوان هەردوو لایان ئاگادار کردووەتەوە کە راپۆرتەکەی UN بەجدی وەربگرن.

لەم بارەیەوە بەرپرسێکی عێراقی کە نەیویست ناوی خۆی ئاشکرا بکات گوتی" ئێمە کارگێڕێکمان دەوێت کە ددانی هەبێت. نەتەوەیەکگرتووەکان ددانی نییە و کۆکردنەوەی ئەم پشێلانە پێکەوە بەبێ سەرکردایەتی ئەمەریکا، ئەنجامێکی ئەوتۆی نابێت".

بەڵام ئەمەریکا نایەوێت بچێتە پشت هیچ لایەنێکەوە و لەو بارەیەوە پرۆفیسۆر ئەندرو تێرڵ گوتی" ئەمەریکا ناتوانێت بەزۆر خۆی بخاتە نێو ئەم ناکۆکییەوە و ژمارەی دوژمنەکانی خۆی لە عێراق و جیهان زیاد بکات. بە بۆچوونی من پێویستە ئەمەریکا تەنیا بارودۆخەکە هێوربکاتەوە و لایەنەکان هانبدات بۆ گفتوگۆکردن، بەڵام ناتوانین هیچی دیکە بکەین، بۆ ئەوەی دوژمن بۆ خۆمان دروست نەکەین".

**لە رۆژنامەی Washington postی ئەمەریکییەوە**

**وەرگێڕانی: هاوار عەبدولڕەزاق**

### بەرپرسێکی عێراقی:

### کۆکردنەوەی ئەو هەموو پشیلانە بە UNێکی بێ ددان زەحمەتە

---

### عەلی مەزروعی سەرۆکی ئەنجوومەنی پیشەیی رۆژنامەنووسانی ئێران:

# حکومەتی ئەحمەدی نەژاد نەک هەر کۆمەکمان ناکات بەڵکو دەیەوێ ئەنجوومەنەکەشمان لێ دابخات

**رووداو-تاران**

سەرۆکی ئەنجوومەنی پیشەیی رۆژنامەنووسانی ئێران رایگەیاند، لە ماوەی سەرۆکایەتی ئەحمەدی نەژاد نزیکەی 50 رۆژنامە داخراون و رەوتی ئازادی ڕادەربڕین لە ئێران لە دووساڵی ڕابردوودا بۆ دواوە گەڕاوەتەوە و ئەنجوومەنەکەیان فشارێکی زۆری لەسەرە و لەلایەن دەوڵەتەوە کار بۆ پەکخستنی کاروبارەکانیان دەکرێت.

رەجەب عەلی مەزروعی، سەرۆکی ئەنجوومەنی پیشەیی رۆژنامەنووسانی ئێران لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو)دا، ئومێدی خواست جارێکیتر بارودۆخی رۆژنامەگەری لە ئێران وەک سەردەمی محەممەد خاتەمی لێبێتەوەو ئازادییەکان فراوانتربن‌ەوە. لەمبارەیەوە گوتی" سەردەمی بەڕێز خاتەمی بەهاری چاپەمەنی ئێران بوو، هەموو شتێک بڵاودەکرایەوە، کەشوهەوایەکی کراوە هەبوو،سەردەمێکی زێڕین بوو، بەڵام لەو ساڵانەی دواییدا کە بەڕێز ئەحمەدی نەژاد لەسەر کارە، نەک هەر یارمەتیمان نادات، بەڵکو دەیانەوێت ئەنجوومەنەکەشمان دابخەن، کەچی لە سەردەمی خاتەمیدا جگە لە کۆمەک پارێزگاریشیان لێدەکردین".

مەزروعی کە لە بارەگای ئەنجوومەنی پیشەیی رۆژنامەنووسانی ئێران لە تاران راشکاوانە بۆ (رووداو) دەدوا، ئاماژەی بە هەلومەرجی پاشاگەردانی سەردەمی ئەحمەدی نەژاد کرد، کە نزیکەی 50 رۆژنامە داخراون و ئەو کرانەوە فەرهەنگییەی لە سەردەمی خاتەمی هاتە ئارا لەم خولەی ئێستا سەرۆکایەتیدا پووکایەوە. لەبارەی ئەو رۆژنامانەش کە بە زمانی دیکە دەردەچن سەرۆکی ئەنجوومەن رونیکردەوە" من لەسەردەمی سەرۆکایەتی خاتەمی نوێنەری ئەنجوومەنی پیشەیی رۆژنامەنووسان بووم لە دەستەی مۆڵەتدان بە رۆژنامەکان، ئەو دەستەیە بایەخێکی تایبەتی بە رۆژنامەی ئوستانە جۆراوجۆرەکانی ئێران دەدا، ئەو کاتەی ئێمە لە ئەنجوومەنەکە بووین لەو باوەڕەدابووین کە زیادبوونی بڵاوکراوەی ئوستانەکان (پارێزگاکان) لە خزمەتی فرەکولتووری ئێران دایە، ژمارەیەکی زۆر لە رۆژنامەکان بە زمانەکانی دیکە لە ئوستانەکانی کوردستان و ئازربایجان و بلوجستان دەرچوون و پەرەیان پێدرا، بەڵام لە سەردەمی ئەحمەدی نەژاد هەندێکیان داخران".

عەلی مەزروعی لە ساڵی 1957 لە ئەسفەهان لە دایکبووە، خوێندنی ئابووری لە ئەسفەهان تەواو کردووە، لە ساڵی 1984 هاتووەتە تاران، تا ساڵی1995 لە وەزارەتی ئیرشادو فەرهەنگی ئیسلامی ئێران کاری کردووە، لە ساڵی 1991 بەشێوەیەکی پیشەیی دەستی بەکاری رۆژنامەنووسی کردووە، تا ساڵی 1999 ئەندامی دەستەی نووسەرانی رۆژنامەی (سلام) بووە، دوای داخرانی ئەو رۆژنامەیە لە رۆژنامەکانی دیکەی وەک (سوبحی امروز) و (مشارکت) و (یاسنوو) وتاری بڵاوکردوونەتەوە، ئێستاش لە رۆژنامەی (سرمایە)، کە رۆژنامەیەکی ئابوورییە گۆشەیەکی هەیە.

وەک ناوبراو ئاماژەی پێدا، لە ساڵانی جەنگی عێراق-ئێران دا بوار نەدەدرا رۆژنامەگەری چالاک بێت، بەڵام دوای سەردەمی جەنگ، ئێران دوو خولی سەرۆکایەتی رەفسەنجانی و دووخولی سەرۆکایەتی خاتەمی بینیوە، لەبارەی دەورانی خاتەمی گوتی" دەورانی سەرۆکایەتی خاتەمی بۆ کاری ئێمە بەهاری چاپەمەنی بوو، دەورانێکی زێڕین بوو، بەڵام دوای ساڵی2000 و هاتنە سەرکاری ئەحمەدی نەژاد کەشوهەوایەکە بەرەو داخران چوو، نزیکەی 50رۆژنامە وەستێنران، رۆژنامە و بڵاوکراوەی تازەش دەرنەچوون، رۆژنامەکانی ئێستا بەپێی هەلومەرجی کەشوهەوای ئەمڕۆ قسەدەکەن". ئەو راشکاوانە رەخنەی لە بارودۆخی ئێستای ئێران دەگرێت بۆ رۆژنامەگەری کە لە ئاست خواستی ئەواندا نییە، بەڵام رۆژنامەنووسانیان بە نیوەچڵیش بێت دەتوانن کارەکانیان ئەنجامبدەن.

ئەنجوومەنی پیشەیی رۆژنامەنووسانی ئێران، لە ساڵی 1997 دامەزراوە، یەکەمین ئەنجوومەنی گشتی لە 600رۆژنامەنووس پێکهاتبوو، لە یەکەمین خولەوە مەزروعی بووەتە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردن، دوای 12ساڵ بووەتە سەرۆکی، کە هەر سێ ساڵ جارێک هەڵدەبژێرێتەوە. ئەو ئەنجوومەنە ئێستا 4هەزار ئەندامی هەیە، تایبەتە بەو رۆژنامەنووسانەی، لەبواری چاپەمەنیدا کاردەکەن، ئەو رۆژنامەنووسانەی لە دەزگای دەوڵەتی کاردەکەن لەگەڵ کارمەندانی دەزگای رادیۆ و تەلەڤزیۆنی ئێران (سەداو سیما) مافی ئەندامێتیان لەو ئەنجوومەنەدا نییە، چونکە ئەوان کارمەندی حکومەتن، وەک سەرۆکی ئەنجوومەن روونیکردەوە" بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەن، رێکخراوەکەمان تەنیا خزمەتی رۆژنامەنووسانی بێلایەن دەکات و بەرگری لە ماف و پێگەیاندن و بژێوی ئەوان دەکات، تاکە ناوەندێکی سەربەخۆیە لە ئێران، کە بەرگری لە رۆژنامەنووسان دەکات و پشتیوانیان دەکات".

لەبارەی سەرچاوەی دارایی ئەنجوومەنەکەشیان، عەلی مەزروعی گوتی" داهاتی ئەنجوومەن بریتییە لەو ئابوونەیەی کە ئەندامان دەیدەن و ساڵانە بۆ هەر ئەندامێک 20 هەزار تومەنە، سەرچاوەیەکی دیکەش کۆمەکی خەڵکە، هەروەها ئەو داهاتانەی کە لە کردنەوەی خولی پێگەیاندنی رۆژنامەنووسان دەستمان دەکەوێت".

مەزروعی دەڵێ دەوڵەت بەهیچ شێوەیەک یارمەتیان نادات"دەوڵەت بەهیچ شێوەیەک یارمەتیمان نادات، بە تایبەتیش لەو ساڵانەی دواییدا کە ئاغای ئەحمەدی نەژاد لەسەر کارە، نەک هەر کۆمەکمان ناکات بەڵکو دەیانەوێت ئەنجوومەنەکەشمان لێ دابخەن، بەڵام لە سەردەمی ئاغای خاتەمی کۆمەکیان دەکردین و پارێزگاریان لێدەکردین". ئەوەشی روونکردەوە کە هیچ پەیوەندییەکیان بە وەزارەتی ئیرشادەوە نییە، بەتایبەت لە سەردەمی ئاغای ئەحمەدی نەژاد، چونکە ئێستا وەزارەت بەدەستی کەسانێکەوەیە کە پێشتر لە رۆژنامەی (کیهان) بوون و لەگەڵ ئەنجوومەن ناتەبا بوون.

ئەنجوومەنی پیشەیی رۆژنامەنووسانی ئێران ئەندامە لە فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان FIJ، هەر کەسێک بیەوێ لە ئێران ببێتە ئەندامیFIJ دەبێ لەرێگەی ئەوانەوە بێت، هەروەها لە رێکخراوەکانی دیکەش تایبەت بەکاری رۆژنامەوانیش ئەندامن. بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی ئەوان کەسێک دەبێتە ئەندام، کە سێ ساڵ کاری رۆژنامەنووسی کردبێت و هەر کەسێک ئەو مەرجانەی هەبێت.

ئێستا لە ئێران 6هەزار رۆژنامەنووس هەن، کە تەنیا 4هەزاریان ئەندامی ئەوانن.

ئێستا 70 رۆژنامەی سەرتاسەری لە ئێران دەردەچن، جگە لە هەندێ رۆژنامەی تایبەت بە هەرێمەکان. لەبارەی خزمەتگوزارییەکانیش ناوبراو روونیکردەوە" ئەگەر رۆژنامەنووس بە هەرشێوەیەک بدرێتە دادگا ئێمە پارێزەری بۆ دەگرین، ئەگەر چووە زیندان یارمەتی خێزانەکەی دەدەین، ئەمەش بۆ ئەوەیە کە رۆژنامەنووس هەست بکات ئەگەر درایە دادگا شوێنێک هەیە پارێزگاری لێ بکات، ئەنجوومەن سندوقی قەرزپێدانی هەیە بە رۆژنامەنووسان، هەروەها لە رێگەی کۆمپانیایەکەوە هەوڵدەدەن خانوو بۆ رۆژنامەنووسان دابین بکەن".

لەبارەی بوونی زیندانیکردنی رۆژنامەنووسانیش لە نێو یاساکانی ئێستای ئێران دا، سەرۆکی ئەنجوومەنی پیشەیی رۆژنامەنووسانی ئێران گوتی" من لەگەڵ تەواوی ئازادییەکاندام بۆ رۆژنامەنووسان، بەڵام دەبێ رۆژنامەنووس لە چوارچێوەی یاسا دەرنەچێت، دەبێت ئەو شتانەی دەنووسێت بە بەڵگەوە بیانسەلمێنێت، لە یاسای چاپەمەنی ئێران هاتووە ئەو رۆژنامەنووسەی نهێنییە قەدەخەکراوەکان ئاشکرا دەکات دەبێ بدرێتە دادگا، دەبێ یاسا ئەوە دیاری بکات ئاخۆ ئەوە نهێنییە یان نا؟".



**لە ئێران شەش هەزار رۆژنامەنووس هەن تەنیا چوار هەزاریان ئەندامی ئێمەن**

# لایەنگرێن پارتی دبێژن ئەگەر پارتی ب لیستەکا جودا د هەلبژاردنادا بەشدار ببا دا یێکەم بیت



## ئەندامەکێ یەکگرتوو: لیستا یەکگرتوو دێ دووەم بیت

**نەجمەددین نێروەیی**
**رووداو- زاخۆ**

هەلبژاردنێت پەرلەمانێ کوردستانێ و ئەنجوومەنێن پارێزگەها کو نێزیک دبن و، هەر حیزب و لیستەک بێت خۆ بەرهەڤ دکەن کو بەشداریێ دڤان هەلبژاردناندا بکەن، زۆر کەس ل خەلکێ دەڤەرا زاخۆ دبێژن ئەگەر پارتی ب لیستەکا جودا و ب تەنێ پشکداریا وان هەلبژاردنا کربا دا بیتە لیستا ئێکەم د هەرێما کوردستانێ دا .

دیار ئەحمەد، کو قوتابیێ زانکۆیێ یە، خوەزی خواست کو سیستەما لیستێن ڤەکری نە یا گرتی ژ لایێ پەرلەمانێ کوردستانێ هاتبا پەسەند کرن دا خەلک دەنگێبدەتە خەلکێ شارەزا. د گەل هندێ ژی دا دبێژی "ئەز دبینم ڤێ جارێ دێ هەڤرکی یا دژوار بیت دناڤبەرا لیستاندا ب تایبەتی ئەڤ لیستێن نوی دهێنە د مەیدانێ دا، وەک لیستا دووەم، ئەگەر نە ئێکەمبوون دێ بۆ لیستا پارتی و ئێکەتی بیت، چونکۆ نها جەماوەرێ وان زۆرترە".

لێ ئەڤراز زاخۆیی، لیستەیا گرتی باشتر دبینی ژ بۆی کو کۆتایا ئافرەتا کو 30%یە بجیبێت و لاو بکارن بگەهنە پەرلەمانی، ئەو دبێژی "لیستا ڤەکری بۆ دەمێ کوردستان دبیتە دەولەت دگونجیت"، سەبارەت پێشبینیا وی بۆ ئەنجامێن لیستێن بەشدار د ڤێ هەلبژاردنێ دا دبێژی " ئەز نابینم ژ بلی لیستەیا هاوپەیمانیا پارتی و یەکێتی، ئەڤ حیزبێن نها بخۆ داخویانیا ددەن و هەر ئێک دبێژیت ئەز دێ هندە دەنگا و کورسیا ئینم، بشێن بگەهنە وان ئەنجامان".

عیزەت حەسەن، وسا هزر دکەت کو نها پارتی دیموکراتی کوردستان مەزنترین حیزبە ژ روویێ دەسهەلات و جەماوەری "پتریا خەلکی نها پشتەڤانیێ ل ڤێ حیزبێ دکەن لەوما دبینم ئەگەر پارتی ئەڤێ ب جودا ژ یەکێتی بەشداری کربا دا ئێکەم دەنگ ل سەرانسەری کوردستانێ ئینیت و، زۆر زێدەتر ژ حیزبێن دی ئینیت، ئەو بۆ پارتی باشتر بوو". عیزەت بۆ ڤێ پێشبینیا خۆ پشت ب دروستبوونا کێشەیێن ناڤخۆیی دناڤ یەکێتی دبەستیت ودبێژیت " پارتی چ هەڤرک نها نینن، ئەگەر بێژین هەڤرکا وێ یەکێتی بوو، ئەوژی نەمایە، چونکی نها لناڤ خودا یا بوویە چەند جووین و هەر ئێک دێ ب لیستەکێ بەشداریێ کەت، ژ بەر هندێ ئەز نابینم یەکێتی بشێت زۆر دەنگا بینی، لەوما ب بووچوونا من ڤێ جارێ ژی پارتی دێ یەکێتی قورتار کەتن".

جەبار شکری، د وێ باوەرێدایە رەنگە زۆر کەسا کو ژ هەردوو ئالیێن پارتی و یەکێتی وەختێ دبینی ئەڤ هەردوو حیزب ب لیستەکێ بەشداری هەلبژاردنێ دکەن، رەنگە دەنگێ نەدەنە حیزبا خۆ " بۆ نموونە تا نها زۆر کەس هەنە چ ژ پارتی یان یەکێتی، حەز ل یێ دی ناکەن، ژ بەرکو هەیە کەسەکی وی بدەستێ یێ دی د شەرێ ناڤخودا هاتبیتە کوشتن، رەنگە ژ ڤێ کەربێدا دەنگێ نەدەتە ڤێ هاوپەیمانیێ و بەروڤاژی دێ دەنگی دەتە لیستەکا دی". لێ سەرباری هندێ جەبار ڤێ هەلبژاردنێ خۆش دبینی "چونکی دبینم کو هەڤرکی ب تایبەتی د لیستێن بچووکدا دێ یا دژوار بیت و مادەم هەڤرکی هەبی هەلبەت هەر کەسەک دێ هەولدەت خۆ باشتر لێ کەت و پتر خزمەتا خەلکێ خۆ بکەت".

ئەندامەکێ یەکگرتووی ئیسلامی کو نەڤیا ئەم ناڤێ وی بەلاڤ کەین، گۆت ژ بەر کۆ بارا پترا دەستهەلاتێ د دەستێن ڤان هەردوو حیزباندایە، پارتی و یەکێتی دێ وێ دەستهەلاتێ بکارئینن تا بشێن زۆربەیا دەنگان ب دەستخۆڤە بینن "لێ ئەم ب لیستەکا جودا یان هاوبەش، پارتی و یەکێتیش جودا بن یان پێکڤە کارتێکرنێ ناکەنە سەر یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، چونکو مە خەلکێ خۆ هەیە و ئەم دزانین دێ چەند دەنگان ئینین". ئەو هەروەسا دبێژی " ڤێ جارێ مە یێ خۆ بەرهەڤکری کو ئەم ل سەرانسەری کوردستانێ دەنگێ دووەم بینین، پشتی لیستەیا پارتی و یەکێتی و ئەگەر ئەڤ هەر دوو حیزبە ب جودا بان نە دیرە مە پتری ئێک ژ وان ئینابا"، سەبارەت ئەنجامێن پێشبینی کریێن وان زاخۆ ژی دبێژی " ل باژێرێ زاخۆ مسۆگەر ئەم دێ بینە لیستەیا دووەم، لێ باوەر ناکەم حیزبێن دی باوەر ناکەم ل زاخۆ چ دەنگێن وەسا ب دەستخۆڤە بینن، هەروەسا ل سەرانسەری کوردستانێژی".

## شەقامی کوردی هەڕەشەی دەنگنەدان دەکات

**ئازیز مەحمود**
**رووداو-سلێمانی**

لەسەر یەکێک لەکورسییەکانی باخی گشتی شاری سلێمانی خەریکی خوێندنەوەی ئەو پەرتووکە بوو کە بەدەستیەوە بوو، بێ ئاگا لە گەرمبوونی حیزب و لایەنەکان بۆ هەڵبژاردن و گۆڕانکارییە سیاسییە چاوەڕوانکراوەکان، چاوەڕێی هاوڕێکانی دەکرد تا کاتێکی گەنجانە بەسەر بەرن. بێستوون بەنیگەرانییەوە گوتی "ئەوەی لە کوردستان بێت ژیانی فەوتاوە".

بێستون محەممەد، 31 ساڵ، زۆرکات لەگەڵ هاوڕێکانی بۆ بەسەر بردنی کاتی خۆیان روو لەو باخە دەکەن. ئەو بە نیگەرانییەوە دەڵێ " حکومەت گەنجی پشتگوێ خستووە"، بۆیە زۆر بێئومێدە لە ژیان و سیستەمی سیاسی وڵات، ئەو بەهەڕەشەوە دەڵێت "من و هاوڕێکان بەنیازنین دەنگ بدەین، دەنگ نادەینە کەسێک پشتگوێی خستبین".

بەهۆی بوونی لیستی زۆر و جیاواز لە هەڵبژاردنی چاوەڕوانکراوی داهاتووی پەرلەمانی کوردستان دا،هەندێ لە چاودێرانی سیاسی وای بۆ دەچن کە بەشداری دەنگدەران لەو هەڵبژاردنەدا گەرمو گوڕ و زیاتر دەبێ، بەڵام زۆر لە هاووڵاتیانی کوردستان رایەکی پێچەوانەی ئەوە نیشاندەدەن .

بەشێک لە هاووڵاتییان دەڵێن ئامادە نین ئەمجارە بچنە سەر سندووقەکانی دەنگدان، چونکە لەو باوەڕەدان حیزبەکان بەشێکی زۆری ئەوبەڵێنانەیان نەبردووەتە سەر کە لەهەڵبژاردنەکانی رابردوو بە خەڵکیان دابوو، هەندێکیشیان پێیانوایە بچن و نەچن هەر یەکێتی و پارتی دەیبەنەوە مادام بە لیستی هاوبەش بەشداری دەکەن.

چاودێرانی سیاسیش باس لەوە دەکەن بێئومێدی هاووڵاتیان لە دەسەلات و پێشکەشنەکردنی خزمەتگوزارییەکان کاریگەرن لە چوونیان بۆ سندوقەکانی دەنگدان، ئەگەر دەنگیش بدەن ئەوا شانسیان بە لیستەکانی دیکە تاقیدەکەنەوە . بەڵام بەرپرسانی پارتی و یەکێتی دەڵێن جەماوەریان زیاتربووەو دەنگەکانیشیان هەر بۆ ئەوانن.

سالار باسیرە مامۆستا لە زانستە رامیارەکانی زانکۆی سلێمانی گوتی"هاووڵاتییان بێئومێدن لە بەڵێنەکانی هەڵبژاردن رەنگە ئەمەش وایان لێبکات دەنگ نەدەن"، ئەو مامۆستایە گوتیشی "هاووڵاتییان بڕوایان بە سیستەمی سیاسی کوردستان نەماوە،لەو باوەڕەدان حیزبێک نییە کیشەکانیان چارەسەر بکات، ئەگەر دەنگیش بدات بە شێوازێکی پێشبینی نەکراو دەنگ دەدات، چونکە هاووڵاتییانی ئێمە زوو دەکەونە ژێر کاریگەری ریکلامەکانی هەڵبژاردنەوە، بەڵام هەندێکیان شانسی خۆیان لە حیزبێکی دیکەدا تاقیدەکەنەوە بەو ئومێدەی ئەو حیزبە جیاواز بێ لەوەی کە پیشتر دەنگی بۆ داوە".

زۆربەی هاووڵاتییان جەخت لەوە دەکەنەوە نەبوونی پرۆژەی خزمەتگوزاری رێگرە لە چوونیان بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان. شیلان عەلی، 25 ساڵ، دەرچووی زانکۆ بەنیگەرانییەوە گوتی "هەرگیز ئامادە نیم بچمە سەر سندوقەکانی دەنگدان، ئەگەر بشچم دەنگ بۆ هیچ لایەنێک نادەم و کارتەکە بەسپی دەخەمە ناویەوە"، گوتیشی"هەموو هاوڕێکانم دامەزراون تەنها من نەبێت، حکومەتێک خزمەت بە من نەکات ئامادە نیم خزمەتی بکەمەوە دەنگی بۆ بدەم".

عەباس عەبدوڵڵا، 49 ساڵ، بەدیار دوکانەکەیەوە دانیشتبوو، نازانێ دەنگ بە کێ بدات"دەنگ بە کێ بدەم بەو حکومەتەی رۆژی دوو کاژێر کارەبا یا ئاومان دەداتێ، یان ئەو حکومەتەی نەیتوانیوە شوێنی نیشتەجێبوون بۆ هاووڵاتییان دابین بکات کە سادەترین مافی هاوڵاتییە".

عەباس کرێچییەو وەک خۆی گوتەنی هەر رۆژ لە گەڕەکێکە و تا ئێستا نەبووەتە خاوەن خانووی خۆی، بۆیە ئامادە نییە دەنگ بداتە حکومەتێک کە تا ئێستا ئەوی لە کرێچێتی رزگار نەکردوە "حکومەت بێ ئاگایە لە وەزعی میللەت چۆن ژیانی دەگوزەرێنێ، جاری پێشوو دەنگم بۆ دا، بەڵام ئەمجارە هەرگیز ئامادە نیم نەخۆم نەماڵ و منداڵم بچینە دەنگدان".



### ئەو قەوارانەی فۆرمی بەشداریکردنییان لە هەڵبژاردنی کوردستاندا وەرگرتووە

# تەنیا 5 قەوراە فۆرمی بەشداریکردنیان گەڕاندووەتەوە و 25 ملیۆن دیناریان داناوە

**عەلی حەمە ساڵح**
**تایبەت بەرووداو**

لە هەولێرو سلێمانی زیاترلە 30 قەوراەی سیاسی فۆرمی بەشداریکردن لەهەڵبژاردنەکانی کوردستانیان وەرگرتووە و، تەنیا 5 قەوراەی سیاسی فۆرمەکەیان بە پڕکراوەیی بۆ کۆمسیۆن گەڕاندووەتەوە، کە یەکێکیان لیستی گۆرانی نەوشیروان مستەفایە.

رۆژی 2009/4/15، نووسینگەکانی هەرێمی کوردستانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق، دەستیانکردووە بەتۆمارکردن و دانی فۆرم بەو قەوارە سیاسییانەی دەیانەوێت خۆیان کاندید بکەن بۆ هەڵبژاردنەکانی کوردستان. لەماوەی چەند رۆژی رابردوودا ژمارەیەک حیزب و لایەنی سیاسی فۆرمی بەشداریکردنیان بۆ هەڵبژاردن لەکۆمسیۆن وەرگرتووە. دوا وادەش بۆ تۆمارکردنی ناوی قەوارە سیاسییەکان 2009/4/24یە.

د.عەلی قادر، سەرۆکی دەستەی هەرێمی کوردستانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق بە (رووداو)ی راگەیاند "تاوەکو ئێستا زیاتر لە 30 قەوارە فۆرمی وەرگرتووەو پێنج قەوارە مامەڵەکانیان گێڕاوەتەوە".

ئەو قەوارەیەی کە فۆرمی بەشداربوون پڕەکاتەوە، پێویستە کاندیدکراوەکانی لە سێ کەس کەمتر نەبێت و یەکێکیان ئافرەت بێت.

تاوەکو ئێستا زیاتر لە 20 قەوارەی سیاسی لەهەولێر فۆرمیان وەرگرتووە، بەڵام هەندرێن عەبدولکەریم، سەرۆکی نووسینگەی هەولێری کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق، وەرگرتنی فۆرم بەگرنگ نازانێت" لە 2009/4/15ەوە دەستمان بەدانی فۆرم کردووە، تاوەکو ئێستا یەک قەوارەی سیاسی سەردانی ئێمەیان کردووەو فۆرمەکەیان پڕکردووەتەوە، ئەویش گرووپێکی گەنجانە".

ئەو قەوارە سیاسییەی کەبەشداری هەڵبژاردن دەکات، ئەگەر لەهەڵبژاردنەکانی پێشتردا وەک قەوارەیەکی سیاسی بەشداری نەکردبێت، دەبێت واژۆی 500 کەس کە بۆ هیچ لیستێکی دیکە واژۆیان نەکردبێت لەگەڵ 25 ملیۆن دینار وەک تەئمینات لە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان دابنێت، بەڵام ئەو قەوارە سیاسییانەی پێشووتر بەشداری هەڵبژاردنیان کردووە پێویستیان بە500 واژۆیەکە نییەو تەنیا 25 ملیۆنەکە وەک تەئمینات دادەنێن، ئەگەر هیچ کورسییەکیان بەدەست نەهێنا 25 ملیۆنەکەیان بۆ ناگەڕێتەوە.

هەندرێن عەبدولکەریم، ئەو 25 ملیۆن دینارە بە زۆر دەزانێت "زۆر خەڵک سەردانی ئێمەیان کردووە، بەڵام لەبەرئەوەی دەبێت 25 ملیۆن دیناری تەئمینات دابنێن پەشیمان دەبنەوە، دکتۆرێک هات گوتی پارەکەی زۆرەو نایکەم".

بەشێکی زۆر لە قەوارە سیاسییەکان لەبەرئەوەی پێگەیان لەسلێمانییە، لەنووسینگەی سلێمانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان ناوی خۆیان تۆمارکردووە. تاهیر محەممەدئەمین، سەرۆکی نووسینگەی سلێمانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق، بە (رووداو)ی راگەیاند" 15 قەوارەی سیاسی فۆرمیان وەرگرتووەو رێنماییەکانمان بۆ روونکراوەتەوە، بەڵام ئەوانەی کە فۆرمیان پڕکردووەتەوەو تەئميناتیان خەواندووە تەنیا 4 قەوارەی سیاسین".

بەهۆی دابیننەکردنی بودجەی هەڵبژاردن لەلایەن حکومەتی عێراق تا ئێستا وادەی هەڵبژاردن دیارینەکراوە. د.عەلی قادر، لەو بارەیەوە بۆ (رووداو) گوتی "بەپێی سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو لە ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق، نوری مالیکی رەزامەندی نیشانداوە لەسەر خەرجکردنی بودجەی هەڵبژاردنەکانی کوردستان".

**ئەو قەوارە سیاسیانەی فۆرمیان پڕکردووەتەوەو پارەیان داوە**

لیستی گۆڕان (نەوشیروان مستەفا)
حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان
حیزبی سۆسیالست دیموکراتی کوردستان
پارتی پارێزگارانی کوردستان

**ئەو قەوارانەی تەنیا فۆرمیان وەرگرتووە**

یەکێتی نیشتیمانی کوردستان
پارتی دیموکراتی کوردستان
لیستی ئازادی بۆ جەماوەر
لیستی گەشەپێدانی کوردستان
لیستی داکۆکیکردن لە شەهیدانی کیمیابارانی هەڵەبجە
کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان
پارتی نەتەوەیی کوردستان
بزووتنەوەی دیموکراسیخوازانی کوردستان
بزوتنەوەی رزگاریخوازانی کوردستان
پارتی رزگاری کوردستان
پارتی پێشکەوتن (هەڵۆی ئیبراهیم ئەحمەد)
بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان
یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان

### هێزەبچووکەکان چاوەڕوانی هاوپەیمانی دەکەن

# کوردستان گەرمترین ململانێی هەڵبژاردن بەخۆیەوە دەبینێ

**نەوزاد مەحمود**
**رووداو–سلێمانی**

رۆژی 2009/4/15 کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان دوا وادەی بۆ تۆمارکردنی قەوارە بەشدارەکانی هەڵبژاردن دەستنیشانکردکە 4/24ە. بەڵام تا ئێستا رۆژی هەڵبژاردن دیارینەکراوەو پەرلەمانی کوردستان، دەسەڵاتی دیاریکردنی ئەو رۆژەی دایە سەرۆکی هەرێمی کوردستان.

ئەوەی ئەم هەڵبژاردنە لەهەڵبژارنەکانی رابردوو جیادەکاتەوە، فرەلیستیوبوونی ململانێیەکی گەرمە بەر لە دەستپێکردنی هەڵمەتی هەڵبژاردن. بەبڕوای چاودێران، بەدەر لەهاوپەیمانێتی نێوان پارتی و یەکێتی، چاوەڕواندەکرێت چەند هاوپەیمانێتیەکی دیکەش دروست بکرێن و،زۆربەی هێزەبچووکەکان بەو بەشە رازی نین کە پێشتر لەلایەن پارتی و یەکێتییەوە لەپاداشتی هاوپەیمانێتیدا پێیاندراوە.

### تەنیا هاوپەیمانی سەوزو زەرد روونە

تا ئێستا تەنیا یەکێتی و پارتی بڕیاریانداوە بە یەک لیست بەشداری هەڵبژاردن بکەن و دەرگاشیان واڵا بەجێهێشتووە بۆ هاوپەیمانیکردن لەگەڵ لایەنەکانی دیکە. بەڵام تا ئێستا روون نییە لایەنەکانی دیکە چۆن و بە چ شێوازێک بەشداری ئەو هەڵبژاردنە دەکەن.

شۆڕش ئیسماعیل، بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی یەکێتی، بەشدارینەکردنی لایەنەکانی دیکە لەنێو لیستی پارتی و یەکێتی بەگرفت نازانێ و دەڵێ"یەکێتی و پارتی ئێستاش خاوەنی جەماوەرێکی بەرفراوانن و زۆرینەی خەڵک دەنگدەدەنە پارتی و یەکێتی ". سەرچاوەیەکی نزیک لەمەکتەبی سیاسی یەکێتیش بە (رووداو)ی وت "لەو رۆژانەدا یەکێتی و پارتی دەست بەگفتوگۆ دەکەن لەگەڵ لایەنە سیاسیەکان بەمەبەستی بەشداریکردنیان لە هاوپەیمانێتیەکەیاندا و دوورنییە هەندێک لەو لایەنانە بێنەوە نێو هاوپەیمانییەکە".

عەبدوڵڵا نازەنینی سکرتێری بزووتنەوەی رزگاری دیموکراتی کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند "پارتی و یەکێتی داوایان لێکردووین لەگەڵ ئەوان دابەزین، بەڵام هێشتا وەڵاممان نەداونەتەوە". بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست (رووداو) کەوتون، پارتی و یەکێتی جگە لە حیزبی رزگاری، دەیانەوێت هەریەک لە پارتی پارێزگارانی کوردستان، پارتی نەتەوەیی کوردستان، حیزبی شیوعی کوردستان، یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان، بزووتنەوەی دیموکراسیخوازان، حیزبی زەحمەتکێشان (باڵی مەکتەبی سیاسی)و هەندێک لەتورکمان و ئاشوورییەکان بێننە نێو لیستەکەی خۆیانەوە.

سەرچاوەیەکی نزیک لەمەکتەبی سیاسی یەکێتی بە (رووداو)ی گوت، پارتی و یەکێتی لە راگەیاندنەکان خۆیان وادەردەخەن کەزۆر بایەخ بەبوونی لیستی نەوشیروان نادەن، بەڵام لەراستیدا حسابێکی زۆری بۆ دەکەن.



هەواڵەکانیش باس لەوە دەکەن کە یەکێتی دەستیکردووە بە بەکارهێنانی پارە و دەمانچە بەخشینەوە.

محەممەد تۆفیق رەحیم، ئەندامی ئەنجوومەنی بەرێوەبردنی کۆمپانیای وشە، سەبارەت بەوە گوتی "بیستوومانە دەستیان کردووە بە بەخشینی پارەو دەمانچە لە چەند ناوچەیەکدا، بەڵام ئێمە لەگەڵ ئەو کارەدا نین و دژی ئەوەین، چونکە ئەوە کرینی دەنگی هاووڵاتییە بەشێوەیەکی ناشەرعی و جۆرێکە لەبەرتیل".

### سێ حیزبەکە چاوەڕێی زەحمەتکێشانن

چوارحیزبەکە (یەکگرتوو، کۆمەڵ، سۆسیالیست، زەحمەتکێشان) کە پرۆژەی لیستێکی هاوبەشیان هەبوو بۆ هەڵبژاردن، لەتبوونی زەحمەتکێشان ئاستەنگی خستە بەردەم پرۆژەکە. محەممەدی حاجی مەحمود، سکرتێری حیزبی سۆشیالیست بە (رووداو)ی راگەیاند کە چوار حیزبەکە لەگفتوگۆی بەردەوامدان بۆ گەیشتنە رێککەوتن و گوتیشی "لەتبوونی زەحمەتکێشان گرفتە لەبەردەممماندا".

بەهمەن حوسێن سکرتێری حیزبی زەحمەتکێشان بەوەکالەت لە لێدوانێکدا بۆ (رووداو) رەتیکردەوە بچنە نێو هاوپەیمانی چوار حیزبەکەو ئەگەری دروستکردنی لیستی سەربەخۆشی بە بەهێزترین ئەگەری بەردەم زەحمەتکێشان دانا. ناوبراو گوتیشی"بەشداریکردن لەگەڵ چوارحیزبەکە بۆ کاک قادر عەزیز ماوە ئەگەر بتوانێ درێژەی پێبدات ". وەک ئەو باسیشیکرد پارتی و یەکێتی داوایان لێکردوون لەگەڵیان بن "بەڵام ئێمە ئێستا لیستی سەربەخۆمان لەبەردەستدایە".

حیزبە بچووکەکان لیستی هاوبەشیان نابێ

لەسەرەتای ساڵی 2008دا لەلایەن بزووتنەوەی رزگاری دیموکرات، بزووتنەوەی دیموکراسیخوازان، پارتی نەتەوەیی، حیزبی پێشکەوتنخواز و حیزبی رزگاری کوردستان، بەرەی کاری هاوبەش پێکهێنرا. جەبار میرزارۆستەمی سکرتێری پارتی نەتەوەیی کوردستان بۆ (رووداو) گوتی "بەری کاری هاوبەش لیست دروست ناکات و پارتەکانی نێو ئەو بەرەیە ئازادن لەوەی لەگەڵ کێ بەشداری لەهەڵبژاردن دەکەن ". سەبارەت بە بەرنامەی خۆشیان رایگەیاند کە ئەوان لەگەڵ لیستی هاوپەیمانی پارتی و یەکێتی دادەبەزن.

هەروەها عومەر شاوری، ئەندامی سەرکردایەتی بزووتنەوەی دیموکراسیخوازان، گوتی تا ئێستا دیموکراسیخوازان بڕیاری هاوپەیمانی لەگەڵ کەس نەداوە "هێڵی سوورمان بەژێر هیچ لایەنێکدا نەهێناوەو هەموو ئەگەرەکانیش گفتوگۆیان لەسەر دەکرێت".

موشیر ئەحمەد سورچی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی پارێزگاران گوتی "لەهەڵبژاردنی پێشوو دەنگی خۆمان دایە یەکێتی، بەڵام ئەگەر بەو شێوەیەی رابردوو مامەڵەمان لەگەڵ بکرێت، رەنگە بەشداری نەکەینەوە". سورچی گوتیشی "ئێمە موراعاتی زۆری رێککەوتنی ستراتیژی پارتی و یەکێتیمان کردووەو فشارێکی زۆری عەشیرەتی سورچیمان لەسەرە، بۆ ئەوەی ئەوجارە لەپەرلەمان کورسیمان هەبێت".

### "سروودمان نییە تا بڵاوی بکەینەوە"

چاودێران وای بۆ دەچن کە وەک هەڵبژاردنەکانی دیکە پارتی و یەکێتی سوود لە بەکارهێنانی دەسەڵات وەربگرن بۆ ریکلامی هەڵبژاردن و تەنانەت هەڵمەتی پارە بەخشینەوەش، لەبەرامبەرئەمەشدا مۆبایل تاکە رێگەی ئاسانە لەبەردەم هێزەکانی دیکەدا بۆ ئەوەی دەنگی خەڵک بۆ خۆیان کۆبکەنەوە. هەر لەئێستاوە کە هێشتا کات و وادەی هەڵبژاردن دیارینەکراوە، لەرێگەی مۆبایلەوە سرودی لیستەکەی نەوشیروان بەناوی (سرودی لیستی نوێبوونەوەو گۆڕان) بە بلوتوسی مۆبایلەکان دەگوزارێتەوە. محەممەد تۆفیق رەحیم ئەندامی ئەنجوومەنی کۆمپانیای وشە رایگەیاند ئاگایان لەو سرودە نییەو گوتیشی "سرودمان نییە تا بڵاوی بکەینەوە".



**بەزەییم به شیوعییەکان دا دەهاتەوە**

لەماڵەکەی خۆی لە شاری کۆیە، باسی ڕۆژگاری مام جەلال لە کۆیە و ئایندەی ئەو زیرەکییەی دەکات کە ئێستا سەرۆک کۆمارە، ئەوکاتی منداڵ بوو مامۆستاکانی پێیاندەگوت بۆ دوارۆژی خراپە بەو تەمەنە بچووکەوە تێکەڵاوی سیاسەت بێت.

هەڤپەیڤین: نەوزاد مەحمود

**خەڵکی وا چوویتە لای کاک نەوشیروان پاشای کۆیە قەسری وەک ئەوانی نەبووە**



## شێخ جەنگی باسی ژیانی مام جەلالی برای دەکات

# پاڤێڵ و قوباد حەدیان نییە جێگەی باوکیان بگرنەوە

**ڕووداو: ئێستا لەنێوماڵەکەتدا لەکۆیە تاچەند بەو دەستکەوتانە دڵخۆشی کە کورد لەعێراق بەدەستیهێناون؟**

**شێخ جەنگی :** هێشتا زۆری ماوە، بەڵام ئەوەی هەشمانە زۆرە، واتە کە سەیر دەکەی ئەمن و ئیستیخبارات نەماوەو کوشتن و گرتنی خێزان نەماوەو،بە ئارەزووی خۆمان قسە دەکەین و هەرچیمان بوێت دەیڵێین، ڕاستە دەوڵەتەکەمان ساوایە، بەڵام لە هەموو دونیادا هەروابووەو نابێت خەڵک شتەکانی بیربچێتەوە، لە کەرکووک برادەرێکم برایەکی ئیعدام کرابوو، چووم سەرم لێدا، وتی کاکە دامەنیشە تووشی کێشە دەبی، چونکە پرسەشیان لێ قەدەخەکردووین. ئێستا کە ڕازی بووین لەچوارچێوەی ئەو عێراقەدا بین، هەتا وەک براین لەگەڵمان، کە وەک برا نەمانەوە ئێمەش وانابین لەگەڵیان.

**ڕووداو : چۆنە تاوەکو ئێستا ماڵت لە کۆیە یە و نەتبردووەتە قەڵاچوالان و سلێمانی لای مام جەلال؟**

**شێخ جەنگی :** ئەوەی ڕاستی بێت ماڵمان لەکۆیە تێداچووەو زۆربەی ژیانمان بەدەردەسەری لە دەستچووە، هەموو شتمان لەکۆیەیە، بەرژەوەندی و خانەوادەمان لەکۆیەیەو، باوباپیرمان لێرە نێژراون. ئێمە لەکەرکووکەوە هاتووین بۆکۆیە، من ئولفەتم بەکۆیەوە گرتووەوکۆیە بووەتە نیشتمانمان زۆر جار پێیان وتوم لەسلێمانی زەویت دەدەینێ وەرە بیکە خانوو لەوێ بژی نەچووم.

**ڕووداو:مام جەلال پێی وتوی وەرە سلێمانی؟**

**شێخ جەنگی :** مام جەلال پێی نەوتوم، بەڵام خۆشم حەزم لێی نییە. زۆر حەزم لەسیاسەت نییە، چونکە سیاسەت بەری نییەو ئەمڕۆ من لەگەڵ تۆم و سبەی بەرژەوەندیت وا پێویست دەکات لەگەڵ یەکێکی دیکەبم.

**ڕووداو : بەڵام تۆش لەسەرەتادا زۆر تێکەڵی سیاسەت بووی، بۆچی بەردەوام نەبووی؟**

**شێخ جەنگی :** ناعیلاجی وای لێکردم. ماڵم لە گوندێکی چەمی ڕێزان بوو، لەپێش ساڵی 1961 پەیوەندیم لەگەڵ شیوعیەکان خۆشبوو، نەک ئەندامیان بم، بەزەییم بەشیوعیەکاندا دەهاتەوە، بەڵام زوو لێیان ساردبوومەوە چونکە ئێمە دووپارچە زەویمان هەبوو، ئەوان من و پیاوێکی زاڵمی دەرەبەگیان وەک یەک سەیر دەکرد، بەهۆی ئەوەوە لێیان دوورکەوتمەوە. لەساڵی 1961 کە شۆڕش دەستی پێکرد، ماڵەکەم لەچەمی ڕێزان زۆر قەرەباڵغ بوو، پێشمەرگە دەهاتنە ماڵم و خزمەتم دەکردن و وەزعم زۆرباش بوو، لەکەسیش نەدەترسام کە بمکوژن یان بمگرن، زۆرجار بەهۆی بۆردومانی فڕۆکەوە ماڵەکەم بەرکەوتووە.

**ڕووداو : دەگوترێت ئەوکات لەکۆیە لەناو خەڵکدا تۆ لەمام جەلال کراوەترو تێکەڵاوتر بووی؟**

**شێخ جەنگی :** لەبەر ئەوەی من کابرایەکی عەشایەربووم و بەتەمەنیش لەوگەورەتر بووم. ئەو کە منداڵ بوو لە قوتابخانە دەیخوێند، من پێگەیشتبووم، ئەو تەمەنی ئەوەی نەبوو لەناو خەڵک دابنیشێت، لە مەکتەب مامۆستاکانی گلەییان زۆر لێدەکردو دەیان وت تەلەبەیەکی زیرەکە و هەموو ساڵ یەکەمە، بەڵام نارەحەتەو خەڵک کۆدەکاتەوەو کۆبوونەوەیان پێدەکات، مامۆستاکان دەیانگوت گوناحە بەو منداڵییە تێکەڵی سیاسەت ببێت، بۆ دوارۆژی خراپ دەبێت . خۆ هەرواش بوو، چونکە چەند جار گرتیان. جارێکیان کە چووە لای مەلامستەفای ڕەحمەتی لە مۆسکۆ، تەلەبەبوو کەهاتەوە بەڕێوەبەری ئەمنی گشتی ویستی بیگرێت، ئیتر ئێمە وەک عەشیرەتی تاڵەبانی هەوڵی زۆرماندا. جەلال زۆر زیرەک بوو بە منداڵی، کاتی خۆی موحافیزی ئەوکاتی سلێمانی هاتووەتە مەکتەبەکەیان لە کۆیە و لە پۆلدا وتویەتی کێ دەزانێ گاریە (شەمەندەفەر)چییە؟ منداڵی کۆیە نەیانزانیوە چییە و یەکسەر ئەو وتویەتی من دەزانم و پێی وتوە. هەر لەبەر ئەوەش موحافیز دیارییەکی بۆ ناردووە، کە دیاریەکە هەتا بووە وەزیری ناوخۆش مابوو. مام جەلال موجازەفەی زۆری بە ژیانی خۆی کردووە.

**ڕووداو : کاتی خۆی پەیوەندیت لەگەڵ برایم ئەحمەد چۆن بوو؟**

**شێخ جەنگی :** پەیوەندیم لەگەڵ ماڵی مامۆستا برایم ئەحمەد هەبوو، ئەو پیاوێک بوو بەرگری لە هەژاران دەکرد، یەکەم جار کە برایم ئەحمەدم بینی لەگەڵ شیرکۆ بێکەس و چەند کەسێکی دیکە بەسەردان هاتنە کۆیە، بۆ ئەوە هاتبوون کە چاویان بە مەسعود محەممەد بکەوێت . ئیتر دوایی چوونە دەرەوەو، جەلالیش پیرۆزی بێت کچی ئەوی هێناوەو بوونە خزممان.

**ڕووداو : لە هەڤپەیڤینێکتدا لەگەڵ گۆڤاری (هۆنیا) دەڵێی: هێرۆ خانم نەخۆشدەوێت و نەڕقیشم لێیەتی، لەبەرئەوەی پێش خواستنی پرسی پێنەکردی؟**

> **ڕقم لە هێرۆ خان نابێتەوە و خۆشیشم ناوێت**

**شێخ جەنگی :** من ڕقم لێی نابێتەوەو خۆشیشم ناوێ. لەسەر ئەوە نا کە پرسی پێنەکردووم . ئەوان لە ماوەت بوون بەیەکەوە، مامۆستا برایم پێی وتووە کچی خۆمت دەدەمێ و ئەوان یەکتریان بەدڵ بووە. کچ و کوڕ کە بەیەک ڕازی بوون، ئیتر تەواو.

قەت نەمان وتوە حەزدەکەین کچی کێ بێنیت و کچی کێ نەهێنیت، وتومانە خۆت کوڕێکی ڕۆشنبیری و بۆخۆت باش دەزانی چی دەکەی. مام جەلال و هێرۆ هەردووکیان ڕۆشنبیر بوونە و هەردووکیان پێکەوە ئارەزووی هاوسەریان هەبووە و جێگەی شانازیش بووە.

**ڕووداو : ئێستا تاچەند خۆت بەبەختەوەر دەزانیت کە براکەت سەرۆک کۆماری عێراقە؟**

**شێخ جەنگی:** ئەو بەخۆی خۆی پێگەیاندووە، نە من و نە براو نە کەس و نە عەشیرەت هاوکاری نەبووینە بۆ ئەوە. خۆ ئەو دوو کەسی عەشیرەتەکەی لەگەڵ نەبووە تاپشتیوانی بکەن، ئەو پیاوە خۆی و قەڵەمەکەی بووەو خۆی پێگەیاندووە. شانازی بەوەوەدەکەم کە بە هۆی ئێمەوە نەگەیشتووەتە ئەو پلەیەو، تەنها خۆی بووە. خۆم بەبەختەوەر دەزانم کە خوێندەوارەو زمان دەزانێ و سیاسەت دەزانێ. لەگەڵ فەرەنسی بە زمانی فەرەنسی و سیاسەتی فەرەنسی و لەگەڵ ئەمریکی بەزمانی ئەمریکی و سیاسەتی ئەمریکی دەکات، ئەمە جێگەی شانازییە بۆ ئێمە کە سەرکردەی ئاوامان هەیە. خۆ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا سیاسەتمەداری گەورەی دیکە هەیە، بەڵام ئەو بەهەقی خۆی گەیشتووەتە ئەو شوێنە.

> **مام جەلال بە گاڵتە نەبووەتە مام جەلال**

**ڕووداو : واتە ئەو سیاسەتمەدارانە بەهەقی خۆیان نەگەیشتوونەتە ئەو شوێنە؟**

**شێخ جەنگی :** هیچ، هاوکاری کراوە یان لەبەر بنەماڵەو خێزان و عەشیرەتەکەیەتی، بەڵام مام جەلال بەخۆی خۆی دروستکردووە.

**ڕووداو : ئەو کێشەیەی ئێستا نەوشیروان لەگەڵ مام جەلال هەیەتی، بەڕای تۆ تازە لەسەر دەسەڵات دروستبووە، یان کێشەیەکی کۆنە لەنێوانیاندا؟**

**شێخ جەنگی :** پێشتریش هەبوو، بەڵام بەو ڕادەیەی ئێستا نەبوو، ئێستا بڕێک ناخۆشتر بووە. من پێم خراپ نییە کەسێک بڵێ من مەبدەئم لەگەڵ تۆ جیایە، بەڵام بە مەرجێک لە چوارچێوەیەکی ڕێکوپێکدابێت و دیعایەی خراپ بۆ یەک نەکەن و قسەی ناشیرین بۆیەکتر هەڵنەبەستن. من و تۆ 20-30 ساڵ لەیەک سەنگەردابین و ئێستا بڵێم فلان ڕۆژ قاچت هەڵە داناوەو ئەوانە، من ئەوقسانەم پێناخۆشە.

**ڕووداو : ئەوەندەی تۆ نەوشیروان بناسیت، دەتوانی بڵێی دەگەڕێتەوە ناو یەکێتی؟**

**شێخ جەنگی :** وەڵڵا دوور نییە . برا لە برا تورە دەبێت و خیلافیان بۆ دروست دەبێت، ئەوانە لەناو یەکێتی بوون و، کاک نەوشیروانیش کابرایەکە تەمەنی خۆی لەناو سیاسەت و شۆڕش خەرجکردووە. کاک نەوشیروان هەقی خۆیەتی بە لیستی خۆی دابەزێت.

**ڕووداو : بەڵام زۆریشت پێخۆش نییە بەلیستی جیاواز دابەزێت؟**

**شێخ جەنگی :** پێم ناخۆشە، لەبەر ئەوەی کورد لە زروفێکی زۆرناسکدایە و دوژمنانی کورد (عەرەب و فارس و تورک)هەموویان وەک گورگی هار دەمیان کردووەتەوە. هەر ئێستا کە من کابرایەکم چەقۆیەکیشم پێ نییە، ئەگەر بچم لای تورک یان عەرەب و فارس بڵێم من دەبمە پیاوی ئێوە، ڕەنگە بەملیۆنان دینارم بدەنێ .

**ڕووداو : پێتوایە نەوشیروان چووبێتە لای هیچ لایەکیان؟**

**شێخ جەنگی :** نەخێر، بڕواناکەم.

**ڕووداو :ئەی حەزی لەدەسەڵاتە؟**

**شێخ جەنگی :** حەزی لێیەتی. من ئەو پیاوە دەناسم، پیاوێکی کوردەو هەرگیز بەمەیلی عەرەب و فارس و تورک ناجوڵێتەوەو، پیاوێکی شۆڕشگێڕە.

**ڕووداو : بەڵام نەوشیروان دەڵێ گەندەڵییەکی زۆر هەیەو دەسەڵات خراپ مامەڵە دەکات بۆیە دەستم کێشاوەتەوەو بە لیستێکی جیاواز دادەبەزم؟**

**شێخ جەنگی:** من غەیبەتی خەڵک ناکەم، بەڵام هی واچووەتە لای کاک نەوشیروان پاشای کۆیە کە حوکمڕانی کوردستانی کردووە ئەو قەسروقسورەی ئەوانی نەبووە. کابرا 10هەزار دینار مەعاشیەتی، کابرا ئامر فەوجێکە، دەسەڵاتی هەبێت قەسرێک دروست بکات 20 حەمام و ئاودەستی تێدا بێت، ئەگەر بە پارەی گەندەڵی نەبێت لەکوێی بووە؟ ئێستا ئەوە چووەتە لای کاک نەوشیروان و دەڵێ من لە داخی گەندەڵی هاتوومەتە ئێرە، ئەگەر لیژنەیەک پێکبهێنرێت و بچێتە خانووەکەی و بڵێ کاکە ئەمەت بەچەند ساڵ دروستکردووەو چەند ملیاری تێچووە؟ لەبەر ئەوە ئەویش دەبێت ئاگای لێبێت، چونکە ئەو عالەمە هەمووی ڕاستگۆ نییە.

**ڕووداو : لەو باوەڕەدای کە ئێستا لەناو یەکێتیدا زۆر سەرکردە هەبن حەزبکەن مام جەلال زوو بمرێت و ئەوان بچنە شوێنی؟**

**شێخ جەنگی :** تەبعەن نەفسیەتی مرۆڤ وایە، مەلیک حەسەن لە ئاخر دەقەی ژیانی کە سەرەتانی بوو، کوڕەکەی خۆی لە جێگەی خۆی دانا نەوەک برایەکەی شوێنی بگرێتەوە. ئەگەر مام جەلال نەبێت، خەڵکی دیکە هەن دەیانەوێ بچنە جێیەکەی، دیسان دەبێت مونافەسەی ئەویش بکرێت کە دەچێتە جێگەکەی، سروشتی مرۆڤ وایە.

**ڕووداو : ئەو توانایەی مام جەلال هەیەتی، کەسێکی دیکەت پێشکدێت ئەو توانایەی هەبێت؟**

**شێخ جەنگی :** من نابێت بڵێم کەسی دیکە نییە، کورد میللەتێکی زیرەکە و تەماشا دەکەی لە وڵاتاندا ئەو قابیلیەتەیان تێدا نییە کە لەنێو کورددا هەیە، بەڵام من ناتوانم بڵێم لەناو کورد و یەکێتی کەسیتری وەک مام جەلال هەیە یان نییە . ئەو پیاوە بۆخۆی جێگەی خۆی کردووەتەوەو ئەو پلەیەی بەدەستهێناوە، ئەوەش بەخزم و کەسوکارو گاڵتە ناکرێت، دەبێت قابیلیەتێکی تێدا بێت کە ببێتە سیاسەتمەدارێکی نێودەوڵەتی و هەموو دونیا ئیعترافی پێبکات . مام جەلال بەگاڵتە نەبووەتە مام جەلال.

**ڕووداو : دەگوترێت کوڕەکانی شێخ جەنگیش سودیان لەپێگەی مام جەلال وەرگرتووە تا لەنێو یەکێتی و حکومەتدا سوودمەند بن؟**

**شێخ جەنگی :** کوڕەکانم کەسابەتیان کردووە، کە چووینەتە سوریا و ئێران و ئاوارەبووین، شتی ناوماڵمان فرۆشتووەو جلی منداڵمان فرۆشتووە. لە لەندەن کە 11ساڵ ماومەتەوە، کوڕەکانم لەوێ کەسابەتیان کردووە، شاگردی کەبابچی و شاگردی چایچی بوون و مەکتەبیان پێ تەواو نەکراوە لەبەر دەستکورتیمان، ئێستا کە کوڕەکانم هاتوونەتەوە پێم گوتوون دزی نەکەن، بەڵام بگوترێت وەڵڵا نابێت کوڕەکانت لەماڵ بچنە دەرەوەو کاسبی نەکەن و ئیش نەکەن، نابێت . چۆن دەبێ کاسبیەک نەکەن؟ وتویانە باوکە پلەیەکمان دەدەنێ، وتومە چییە، وتویەتی مودیری بانک، وتومە نا مەیکەن و نایکەین، وتیان بۆ؟ وتومە لەوانەیە مانگی حەوت هەشت هەزار دینارت بدەنێ و ئیحتیمالە بەشت نەکات، بۆیە کاسبی بکەن باشترە. وەزارەتی کشتوکاڵ ڕایگەیاندووە نەمامی دەوێت، چووە لە بەریتانیا نەمامی بۆ هێناون و پێی فرۆشتوون، خۆ ئەوە شەرعیەو کاسبیە، کۆمپانیایەکیان پێکهێناوەو بۆخۆیان مقاوەلات دەگرن لە قەرەچەتان، دینارێکی حکومیان وەرگرتبێت تا دوو دیناری لێ قازانج بکەن بەقەرزبووە و کەفالەتەکە من بۆم کردوون، ئەوەندەی من لێیان ببینم تائێستا ئیشێکی نامەشروعیان نەکردووە بڵێی حکومەت شتێکی داونێ یان قۆنتەراتێکیان گرتووە، وەک خەڵکیتر ئیشیان کردووە.

**ڕووداو : بەڕای تۆ، قوباد و پاڤێڵ کامیان گونجاون بۆ ئەوەی شوێنی مام جەلال بگرنەوە؟**

**شێخ جەنگی :** هیچیان شوێنی مام جەلال ناگرنەوە، باڤێڵ نەختێک عەسەبیەتی تێدایە، بەڵام قوباد کوڕێکی لەسەرخۆتر و باشترە، بەڵام هیچ حەدیان نییە جێگەی باوکیان بگرنەوە، حوکمڕانی و کورسی تاپۆی باوکی کەس نییەو، مام جەلال و کاک مەسعودیش و هەموویان کورسی بۆیان تاپۆ نییە تابێن کوڕەکانیان دابنێن. ئەو زروفە بەسەر چووە و نابێت ئێمە بڵێین وەڵڵا ئەوانە کوڕی مام جەلالن . هیچیان حەدیان نییە جێگەی مام جەلال بگرنەوە، ئەو ڕەزالەتەی مام جەلال بینیویەتی بە منداڵەکانی ناکرێت.

**ڕووداو : بەڵام ئەگەر مام جەلال خۆی پێی باش بێت یەکێک لەکوڕەکانی جێگەی بگرنەوە، تۆ چی دەڵێی؟**

**شێخ جەنگی :** من دەڵێم قوباد لەسەرخۆترو ئاقڵترە. بەڵام ئەگەر مام جەلالیش بڕیار بدات ئێمە هەر ڕازی نین. وەک برایەکی ئەو دەڵێم، خۆدەوری شێخایەتی و ئاغایەتی نەماوە تادوایی بڵێن وەڵڵا ئەوەش هەر کوڕی مام جەلالە .

**ڕووداو : دەگوترێت کاتی خۆی کە مام جەلال لەمەلا مستەفا جیابووەوە، زیاتر کاریگەری ئیبراهیم ئەحمەدی لەسەر بووە، ڕاستە؟**

**شێخ جەنگی :** من نامەوێت وابڵێم، بەڵام من تەنها شتێک دەگێڕمەوە، کاتی خۆی لەلەندەن دکتۆر مەحمود عوسمان کە دەستەڕاستی مەلامستەفای ڕەحمەتی بووە گوتی، ئەوکاتەی مام جەلال لەگەڵ باڵی مەکتەبی سیاسی جیابووەوە، مەلامستەفا ئامادەبوو هەموومان بنێرێتە لای باڵی مەکتەبی سیاسی بەمەرجێک مام جەلالی لەگەڵ بمایاتەوە، واتە تەنها مام جەلالی دەویست. مەلا مستەفا بەو دەرەجەیە متمانەی پێی هەبووە، کەجیاش بوونەتەوە هەموو گرانییەکە لەئەستۆی مام جەلال بووە، ڕاستە خەڵکی دیکەیشی لەگەڵ بووە. ئێستا کورد هەمووی برای یەکەو هەموومان پێکەوە دانیشتووین .ئەوانە زروفێک بوون، ئیتر دەبێت کوڕی جوتیارێکی سلێمانی و کۆیە یان شوێنێکی دیکەی کوردستان پێبگەن و ببنە سەرۆک و سەرکردە.

**ڕووداو : گوتبووت تائێستا ماڵی مام جەلالم نەدیوە، بۆ نەتدیوە؟**

**شێخ جەنگی :** وەڵڵاهی پەیوەندیمان زۆرچاکە، بەڵام ئەو مەجالی نییە بێت سەردانی من بکات و منیش تاقەتم نییە بچم لەوێ لای ئەو بمێنمەوە، کە نەشم دیوە خۆناکرێت بچم شەو و ڕۆژ لەوێ دابنیشم و بڵێم من برای مام جەلالم، نامەوێت وابرۆم و ناشمەوێت کەس بەقسەی من بکەوێت و کەسیش بەقسەی من بەرزبکرێتەوە، حەزم لە دیموکراتیەتەو دەمەوێت یاسا شوێنی خۆی بگرێت و هەرکەس بەهەقی خۆی پلە وەربگرێت.

**ڕووداو : بۆچی دڵنیای مام جەلال لەسەر قسەی تۆ کەسێک لابدات و بەرز بکاتەوە؟**

**شێخ جەنگی :** وەڵڵاهی خۆ قابیلە، ئەو تاحەددێک ئیحترام لەقسەی من دەگرێت و دەشزانێت کەمن کابرایەک نیم بچم بەناهەق ملی یەکێک بشکێنم،بۆخۆشی غەدر لەکەس ناکات و شتی واناکات.

**ڕووداو : وەک برایەکی مام جەلال نا، بەڵکو وەک هاوڵاتیەکی کورد ئێستا چ گلەییەکت لەمام جەلال هەیە وەک سکرتێری یەکێتی و سەرۆک کۆماری عێراق ؟**

**شێخ جەنگی :** دەشێت گلەیم هەبێت و نەشم بێت، ئێستە لەناو میللەتی ئێمە خەڵک فێری شتێک بووە وهەمووی بووەتە من من و تۆ تۆ و من کەمەسئولێک بم و پارەم هەبێت، پارە دەدەمە خەڵک و بەخشش بەخەڵک دەدەم و خەڵکەکە لێم کۆدەبێتەوە، بەڵام ئەوە هی قابیلیەتم نییە،چونکە سبەی کە پارەو سەیارەکەم نەما دەبمەوە بەکابراکەی جاران. پێم خۆشە هەموو شتێک بەهەقی خۆی بڕوات و ئەویش ئەگەر توانای هەبێت، ڕەنگە حەزبکات عادیلانە سەیریان بکات.



**شێخ جەنگی بورهان نوری**

- ساڵی 1924 لەگوندی کەلکان لەدایکبووە.
- تاپۆلی پێنجەمی سەرەتایی خوێندووە.
- لەڕێگەی خوێندنەوە خۆی فێری زمانی عەرەبی و فارسی کردووە.
- لەسەرەتای پەنجاکانەوە بووەتە دۆستی شیوعیەکان .
- ساڵی 1961 بەشداری شۆڕشی ئەیلولی کردووە .
- ئاوارەی ئێران و ئەوروپا بووە.





# هونەر

## دانا، قادر کابان و بەیتۆجان بەسەر دەکاتەوە

عەبدولغەفار عەبدوڵڵا
ڕووداو- هەولێر

گۆرانیبێژ دانا عەبدولجەبار بە(ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە ئەلبومە نوێیەکەی لە 10 گۆرانی پێکهاتووە و بەشێوازێکی جیاواز کاری لەسەر کردووە، دەڵێ" لەو ئەلبوومەدا دوو گۆرانی تایبەتمەندی خۆیان هەیە، ئەویش گۆرانییەکی هونەرمەندی کۆچکردوو (قادر کابان)ە بەنێوی (ئەی شەمی شەوان) کە هۆنراوەی شاعیری گەورەی کورد (وەلی دێوانە)یە، هەروەها گۆرانییەکی هونەرمەندی باکووری کوردستان (بەیتۆ جان)م بەنێوی(دل وێران) دووبارە گوتوەتەوە". هۆنراوەکان پێکهاتوون لەشیعری شاعیران (وەلی دێوانە، سەرکەوت ڕەسوڵ)و بەشێک لە گۆرانیەکانی دیکە خۆی هۆنراوەی بۆ نووسیوون. ئەو ئەلبوومە کە لەتورکیا بەرهەمهێنراوە، لەماوەیەکی نزیکدا بڵاودەکرێتەوە.

هونەرمەند زەکەریا عەبدوڵڵا لە هەڤپەیڤینێکی تایبەتدا لەگەڵ (ڕووداو):

# حەزدەکەم فڕۆکەیەکی تایبەتی بۆ خۆم بکڕم

زەکەریا عەبدوڵـڵا، ئەو ئیمبراتۆرەی لـە بەرگی هونەرمەندێکی گەورەدایە، لە ڤێلایەکدا لە هەولێر کارەکانی ڕایی دەکات و بۆ خەوتن و ئیسـراحەتکردنیش دەچێتەوە نێو شـوقەیەک لەو ئاپارتمانانەی لە پایتەختی کوردستان بە ناوی ئەوەوە ناسراون (کۆمەڵگەی نازسیتی- شوقەکانی زەکەریا).

وەک هەر جارێکی دیکە لەو ڤێلایە یەکترمان بینی، بڕیاربوو ڕۆژێک پێشـتر یەکتر ببینین، کەچی بۆ ڕۆژی دواتر دوامانخسـت بە هۆی وادەیەکی ئەوەوە لەگەڵ چەند برادەرێکی. بەیەکەوە چووینە ژوورە تایبەتییەکەی خۆی. دوای ئەو ماوەی کە نەمبینیبوو، چاوم بە وێنەیەکی نائاسایی ئەوکەوت لە سەر مێزەکەی، کە لێم پرسی ئەو وێنەیە لە چ ماددەیەک دروستکراوە؟ گوتی: برادەرێکی خۆشەویست بە دیاری لە ژێر بۆی دروستکردووم. هەموو ڕۆژنامەنووسێک زۆر پرسیاری بۆ زەکەریا هەن، هەرکاتێک بتوانین بگەینە لای، بەڵام دەرفەتی ئەو لەوە کەمترە کە ئەو هەموو پرسیارانەی لە خەیاڵ و مێشکی ئێمەدا هەن، وەڵامبداتەوە. من بەوە دەستم پێکرد: **کارزان حەیدەر- تایبەت بە ڕووداو**



زەکەریا عەبدوڵڵا دەڵێ: کەسێکی دیاریکراو لە ژیانی مندا نییە (فۆتۆ: ڕووداو)




ئەو وێنەیە لە ئەرشیفی زەکەریا عەبدوڵڵاوە بەتایبەت دراوەتە (ڕووداو)

**ڕووداو: بـۆ مەوعیدەکەمـان بۆ ئەمڕۆ دواخرا؟**

**زەکەریا:** پێشتر لەگەڵ چەند برادەرێک مەوعیدمـان دانابـوو بچیـن سـەردانی گوندێکی دەوروبەری هەولێر بکەین، بۆیە چووینـە ئـەوێ، گوندەکە زۆر خۆشـە، لەبەرئـەوەش دیمانەکـەی نێـوان من و تۆش بۆ ئەمڕۆ دواخرا.

## بازرگانی هاوکاری هونەر دەکات

**ڕووداو: بەرهەمـی نوێـت چـی بەسەرهات؟**

**زەکەریـا :** بەرهەمـی نوێـم کارە زەحمەتەکانـی هەمووی تـەواو بووە، لە ئایندەیەکـی نزیکدا خەڵکی کوردسـتان گوێیـان لێدەبێ. تائێسـتا نـاوم بۆ ئەو بەرهەمـە تازەیـەم دیـاری نەکـردووە، کـە لە 12- 14 تراک پێکهاتووە، ئەو شاعیرانەی پێشتر کارم لەگەڵ کردوون، وەک کاک سامی ئەرگۆشی، کاک شاڵاو، کاک عەبدولڕەحمان بێلاف، شیعریان بۆ داناوم و بڕیارە یەک دوو برادەری دیکەی شاعیر ئەوانیش بەشداریم بکەن.

**ڕووداو: پڕۆژەی دروستکردنی کۆلیژی میوزیـک چـی بەسـەرهات، کـە داوای دامەزراندنیـت پێشکێشـی وەزارەتـی خوێندنی باڵا کردبوو؟**

**زەکەریا :** ئێسـتا خەریکی داڕشـتنی ماسـتەر پلانیـن و لـە کارکردنداین بۆ دامەزرانـدن و دروسـتکردنی، چونکـە ڕەزامەندی لەسەر دراوە.

**ڕووداو: بۆ کەم دەردەکەوی؟**

**زەکەریا:** سەرقاڵیم وای لێکردووم کەم دەرکەوم.

**ڕووداو: دایکت لێت ڕازییە؟**

**زەکەریا:** ئەگەر لە دەرەوەی کوردستان بـم، ڕۆژانـە بە تەلەفۆن قسـەی لەگەڵ دەکـەم، ئەگـەر لـە کوردسـتانیش بم، ڕۆژ نـا ڕۆژێک سـەردانی دەکەم، ئەگەر دەرفەتیشـم زۆر کەم بێ. زۆر شەوانیش لای ئـەو دەمێنمـەوە. دایکـم زۆر پیـر بووە.

**ڕووداو: سوێند بەچی دەخۆی؟**

**زەکەریا:** بە وڵات، بە دایکم.

**ڕووداو: ڕاسـتە دەڵێن بە نهێنی ژنت هێناوە؟**

## خەریکی داڕشتنی ماستەر پلانی دروستکردنی کۆلێژی میوزیکین

**زەکەریا:** نەخێر ڕاست نییە و کەسێکی دیاریکـراو لـە ژیانی مندا نییـە، ئەوەی بیری لێ دەکەمەوە تەنها خۆشەویسـتی دایکمە.

**ڕووداو: وەرزش دەکەی؟**

**زەکەریـا:** ئێـواران لەسـەر ئامێری ڕۆیشتن.

**ڕووداو: ئـەو کاتانـەی دەرفەتێکت دەبێ، بەچی بەسەری دەبەی؟**

**زەکەریـا :** بـە دانیشـتن و بینینی دۆست و برادەران و خوێندنەوە.

## من خۆشناوم

**ڕووداو: پەیوەندیت لەگەڵ کەسایەتییە هونەرییە جیهانییەکان هەیە؟**

**زەکەریـا :** بەڵـێ پەیوەندیـم لەگەڵ زۆریان هەیە.

**ڕووداو: حەزدەکەی ڕۆژێک لە ڕۆژان لە فیلمێکی سینەماییدا، یان لە درامایەکدا ڕۆڵی سەرەکی ببینی؟**

**زەکەریا :** زۆر حەزدەکەم، بەمەرجێک سیناریۆ و دەرهێنانێکی چاکی بۆ بکرێت و بابەتەکەی جوان و گرنگ بێت.

**ڕووداو: بیر لە دروستکردنی دەزگایەکی ڕاگەیاندن ناکەیەوە؟**

**زەکەریـا :** بیـر لـە دروسـتکردنی کەناڵێکی ئاسمانی دەکەمەوە، کە زیاتر فەرهەنگی بێت.

**ڕووداو: بەهـۆی سـەرقاڵیتەوە زۆر سەفەردەکەی، بیرت لەوە نەکردووەتەوە فڕۆکەیەکی تایبەت بەخۆت بکڕی؟**

**زەکەریا :** حەزم لێیە.

**ڕووداو: وابزانم خولیای ڕاوت هەیە؟**

**زەکەریـا :** نا، ئاژەڵ و باڵندەکانم زۆر خۆشدەوێن، من خولیای نیشان شکاندنم هەیە.

**ڕووداو: چەند پاسەوانت هەن؟**

**زەکەریا :** بڵێ چەند هاوڕێت هەن.

**ڕووداو: بۆ هەمیشە بە قاتەوە دەتبینم نـەک بە جلـی ئاسـاییەوە، چەند قاتت هەن؟**

**زەکەریـا :** چونکـە قاتـم زیاتـر لێ دێـن و چەنـد دانـە قاتێکم هـەن (بە پێکەنینەوە).

**ڕووداو: هەمیشـە تەسـبیحت بەدەستەوەیە بۆچی؟**

**زەکەریـا:** زۆر حـەزم لێیەتـی، سـەبوورییەکەو زۆر جار یارمەتیم دەدات بۆ بیرکردنەوە.



**ڕووداو: ئەو نامانەی هەوادارانت لەڕێی ماڵپەڕەکەتـەوە بـۆت دەنێـرن، وەڵامی هیچیان دەدەیەوە؟**

**زەکەریا :** وەڵامی زۆریان دەدەمەوە.

**ڕووداو: دوای ناوبانـگ دەرکردنت، بە تەنها بە هەولێردا سـووڕایتەوەو خەڵک پێی نەزانیبی؟**

## پێمخۆشە بەشداری فیلمێکی سینەمایی بکەم

**زەکەریـا :** زۆر جـار بەپـێ و هەندێ جاریش بە ئۆتۆمبیل.

**ڕووداو: چ عەشیرەتێکی؟**

**زەکەریـا :** خۆشـناوم (بـە پێکەنینەوە).

**ڕووداو: خـۆت گەنجـی و زۆریـەی هەوادارانیشت گەنجن، بیر لەوە ناکەیەوە پڕۆژەیەکی نیشتەجێکردنی بە ئاسانکاری بۆ گەنجان دروستبکەی؟**

**زەکەریـا :** بیـرم لێکردووەتـەوە، لە ئایندەدا جێبەجێی دەکەم.

**ڕووداو: بازرگانـی ڕێگـری لـە هونەر دەکات؟**

**زەکەریـا :** بازرگانی هـاوکاری هونەر دەکات.



## تاراوگە

**لە نەرویج کورد دەستدرێژی دەکەنە سەر ژنان**

**رووداو-ئۆسلۆ**
**بە پێی راپۆرتێکی پۆلیسی شاری ئۆسلۆی پایتەختی نەرویج، لە ماوەی سێ ساڵی رابردوودا، لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکردن لە 41 کەیسی دەستدرێژی سێکسیدا، دەرکەوتووە زۆربەی دەستدرێژیکارەکان بە بنەچە کورد و ئەفریقی بوون. هەر لەو راپۆرتەدا، پۆلیسی نەرویجی پێشنیاز دەکات کاری زیاتر لەگەڵ ئەو پیاوانەدا ئەنجامبدرێت کە باکگراوندێکی بیانیان هەیە.**

# ئەنفال و هۆلۆکۆستی جولەکە لە سوێد وەک یەکن



**کاوە ئەمین**
**رووداو- ستۆکهۆڵم**

رۆژی 2009/4/18 لە پایەتەختی سوێد، ستۆکهۆڵم، لە مەراسیمێکی شایستەدا، ناوەندی کوردۆساید – چاک، لە کۆڕێکی زیاتر لە سەت کەسیدا یادی کارەساتی ئەنفالی کردەوە. تێیدا دەیان کەسایەتی سوێدی و کورد بەشداربوون لەوانەش باڵیۆزی عێراق لە سوێد ئەحمەد بامەڕنی.

رۆژنامەنووسی نێوداری سوێدی ستێڤان هێرتێن، رۆمانووسی کورد حەمە دۆستان و د. هێلێنا سڤانتەسۆن لەسەر کارەساتی ئەنفال و هەڵەبجە کۆڕێکیان گێڕا و بیروبۆچوونی خۆیان لەسەر قورسایی کارەساتەکان دەربڕی.

ستێڤان هێرتێن باسی سەردانەکەی خۆی لە کاتی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەدا بۆ ئامادەبووان گێڕایەوە وتی:" ئێمە ژمارەیەک رۆژنامەنوسی ئەڵمان، بەریتانی و منیش وەکو رۆژنامەنووسێکی سوێدی لە رێگەی تارانەوە بە هێلیکۆپتەری ئێرانی چووینە هەڵەبجە. ئەگەرچی پێنج رۆژ بەسەر کارەساتەکەدا تێپەڕیبوو، بەڵام رژێمی ئێران رێگای نەدابوو، تەرمەکان بنێژرێن تا راگەیاندنی رۆژئاوایی وێنەکان بگوێزنەوە، ئەوەشی لەبەر خاتری کورد نەکردبوو، بەڵکو وەکو پروپاگەندەیەک دژی رژێمی عێراق بەکاری هێنا. ئێمە لە نێو هەڵەبجەدا کە لەلایەن ئێرانییەکانەوە رێنمایی دەکراین، ژمارەیەکی کەم تەرمی کوژراوەکانمان بینی، بۆیە بووە جێگای سەرسوورمانی رۆژنامەنووسەکان، چونکە ئێرانییەکان پێیانگوتبووین پێنج هەزار کەس کوژراوە. بۆیە ئێمەیان بردە دەوروبەری شاری هەڵەبجە کە ژمارەیەکی یەکجار زۆر تەرممان بینی بە تایبەتی لە ناوچەی عەنەب، شوێنی وا هەبوو بە بەرزایی دوو مەتر، لاشە لەسەریەک کەڵەکە کرابوون".

ستێڤان گوتی هەرچەندە پێشتریش کۆمەڵکوژی دیکە لە زۆر شوێنی دیکە کرابوو، بەڵام هەڵەبجە بووە سیمبولی کۆمەڵکوژییەکان.

پاشان حەمە دۆستان کە تا ئێستا سێ کتێبی بە زمانی سوێدی و ئینگلیزی لە شێوەی رۆماندا لەسەر هەڵەبجە نووسیوەو، خۆیشی خەڵکی هەڵەبجەیە بەم شێوەیە باسی کارەساتی هەڵەبجەی کرد:"کتێبەکانم هەمووی باسی کارەساتی هەڵەبجەیە و هەریەکەیان باسی سەردەمێک و مێژوویەکی هەڵەبجەیە، هەوڵمداوە بەشێوەیەکی بێلایەنانە باسی هەڵەبجە بکەم. من دەزانم سیاسییەکانی کورد چارەی کتێبەکانی منیان ناوێت، بەڵام من نووسەرم و باسی راستییەکانم کردووە، بۆ من گرنگ نییە، من خوێنەران دەکەمە دادوەری گێڕانەوەکانم. من نووسەرم و نامەوێت پروپاگەندە بکەم، چونکە ئەوە کاری من نییە. ئەوەی لە هەڵەبجە روویدا، هەر ئەو شتەبوو کە بەسەر جوولەکەکاندا هات. رەنگە تەنها ژمارەی قووربانییەکان جیاوازییان هەبێت". حەمە دۆستان وێنەی خانووە رووخاوەکانی هەڵەبجەی نیشاندا و لەگەڵ وێنەی کۆشکی بەرپرسەکانی کوردستاندا بەراوردی کرد و باسی ئەو تاڵانیانەی کرد کە لە کاتی کیمیابارانکردنەکەدا کران. هەروەها باسی گەورەیی هێرشی ئەنفالی کرد کە جاشەکانی کوردیش، چالاکانە تێیدا بەشداربوون. رەخنەی ئەوەیشی لە دەسەڵاتدارانی کوردستان گرت کە هەڵەبجە و ئەنفالیان وەک سەرچاوەیەکی کۆکردنەوەی پارە بۆ بەرژەوەندی خۆیانبەکارهێناوە لە دەرەوەی کوردستان، بۆیە تا ئەو رادەیە رەخنەکانی قوڵکردەوە کە گوتی کارەساتی هەڵەبجە رووداوێکی "پۆزەتیف" بوو بۆ سەرکردایەتی کورد. هەروەها زۆر بەتووندی رەخنەی لە سەرکۆماری عێراق گرت کە ئەو فڕۆکەوانەی هەڵەبجەی بۆردومان کرد، ئازاد کردووە. پاشان ئەوەی بەبیر بەشداربوون هێنایەوە کە دەبێت چی بکرێت بۆ پاشماوەی کەسووکاری قوربانیانی هەڵەبجە و ئەنفال.



لە کۆڕەکەدا کە چوار کاژێری خایاند، دایکە د.هێلێنا سڤانتەسۆن کە جوولەکەیەکی خەڵکی وڵاتی پۆلۆنیایە و هەموو کەسوکارەکەی لەلایەن نازیستەکانەوە، کۆکوژ کراون، دەستی بە قسەکانی کرد:" ئەوەی باستانکرد کە کۆمەڵکوژی جوولەکە و کوردەکانتان پێکچوواند، زۆر راستە. من زۆربەی کەسوکارەکەم لەلایەن نازیستەکانەوە قەڵاچۆ کران، هەر بۆیە کاتێک وەکو پەنابەرێک هاتمە سوێد، لەگەڵ پەنجا کەسی دیکە کە ئێستا زۆربەیان مردوون، بڕیارماندا بەردەوام لە قوتابخانە و شوێنە گشتییەکانی سوێد، لەسەر کۆمەڵکوژی جوولەکە قسە بکەین و ئێستاش هەر بەردەوامین. ئێمە هەمیشە ئەوەمان دووپاتکردووەتەوە کە دەبێت بۆ مافەکانی مرۆڤ و دژی نازیسم تێبکۆشین. هەر ئەمەش وای لێکردم کە بڕیار بدەم یارمەتی منداڵانی کورد بدەم. چونکە من تێدەگەم کە ئەنفال و ئەو کۆمەڵکوژییە کە سەددام دژی کوردەکان کردی، چ کاریگەرییەکی لەسەر کۆمەڵگەی کورد داناوە. یەکەمجار من لە ساڵی 1992 ، سەردانی کوردستانم کرد. لەگەڵ هاوکارەکانم، سەرەتا لە هەولێرەوە دەستمان پێکرد و بینیمان کە منداڵانی کورد لە رەوشێکی خراپدا دەژین. ئێمە دوو ناوەندمان لە سلێمانی و هەولێر هەیە و هاوکاری دەیان منداڵمان کردووە، کە ژمارەیەکیان ئێستا زانستگەیان تەواو کردووە بەڵام بەداخەوە تا ئێستا حکومەتی کوردی هەلی کاری بۆ نەڕەخساندوون". دایکە هێلێنا، وێنەی ئەو منداڵانەی نیشانی بەشداربووان دا کە لە ساڵی 1992 وە هەتا ئێستا بە بەردەوامی هاوکاریان کردوون. ئەوەی جێگای سەرنجی ئامادەبووان بوو، هێلینا لەگەڵ ئەوەی تەمەنی لەسەر و هەشتا ساڵەوەیە، ناوی یەکە یەکەی منداڵەکانی دەزانی و وەکو منداڵی خۆی باسی دەکردن. هێلینا کە ماوەیەک سەرۆکی کۆمەڵەی منداڵپارێزانی سوێد بووە، لە رێگەی ئەو رێکخراوە و سوێدییەکانەوە پارەی بۆ منداڵانی کورد کۆکردووەتەوە و دەیان جار بۆ بینینی منداڵەکانی سەردانی کوردستانی کردووە. لە وەڵامی پرسیاری یەکێک لە ئامادەبووان کە ئاخۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان، هیچ هاوکارییەکی دارایی کردوون یانا نا. هێلینا وتی: لە رێگای وەزیری وەرزش و لاوان، تەنها بەرواریبیەوە داوای کۆمەکی کردووە، بەڵام تا ئێستا هیچیان پێ نەدوان.

کۆرەکە بە خەڵاتکردنی دە کەسایەتی سوێدی لە لایەن ناوەندی کوردۆساید – چاک، کۆتایی پێ هات کە لەم کاسانە پێکهاتبوو: هێلینا سڤانتەسۆن (پزیشک)، یۆستا ئێکمان (ئەکتەر)، ستێڤان هێرتن (رۆژنامەنووس)، لارش ئۆلی، سەرۆکی پارتی چەپ، بوودیل سێبالیۆس، ئەندامی پەرلەمانی سوێد لە پارتی سەوز، ئولا هۆڤمان لە پارتی چەپ، مورات ئارتێک، کەسایەتی ئەرمەنی و ئەندام پەرلەمانی پێشوو، یاکوب یوهانسۆن، ئەندامی پەرلەمان لە پارتی چەپ، چێ هێرمانسۆن، سەرۆکی پێشووی پارتی چەپ و سەرۆکی کۆمیتەی سوێدی کوردیی، ئانییە یوهانسۆن، ئەندامی پەرلەمان لە پارتی سەنتەر.



# لەم هەفتەیەدا لە پایتەختی یەکێتی ئەوروپا دان بە هەرێمی کوردستان دادەنرێت

**رووداو–هەولێر**

رۆژی چوارشەممەی داهاتوو پەرلەمانی هەرێمی فلاندەرز پرۆژەی داننان بە هەرێمی کوردستان تاوتوێدەکات و وەک هەرێمی یاسایی دانی پێدادەنێت.

هەفتەی رابردوو شاندێکی پەرلەمانی هەرێمی فلاندەرز بە چاوساخی نوێنەری هەرێمی کوردستان لە یەکێتی ئەوروپا گەیشتە هەولێر، بۆ هەڵسەنگاندنی دۆخی هەرێمی کوردستان لەپێناو تاوتوێکردنی پرۆژەی داننان بە هەرێمی کوردستان و مۆرکردنی پرۆتۆکۆڵی هاوکاری لەگەڵ هەرێمی کوردستان. بورهان جاف نوێنەری هەرێمی کوردستان لە یەکێتی ئەوروپا پرۆژەی ئەم دانپێدانانەی بە"هەنگاوێکی زۆر گرنگ " لەقەڵەمدا، کە پەرلەمانی هەرێمی فلاندەرز دەینێت، بورهان جاف گوتی "ئەوە دەرگاکردنەوەیەکە بەرووی حکومەتی بەلجیکا و تەواوی هەرێمەکانی ئەوروپا بۆ ئەوەی پەیوەندی راستەوخۆ لەگەڵ هەرێمی کوردستان ببەستن".

بەلجیکا لە دوو هەرێمی سەرەکی پێکهاتووە، هەرێمی فلاندەرز کە لە نەتەوەی فلامین پێکهاتووە و 60%ی خەڵکی بەلجیکا پێکدەهێنن و هەرێمی وۆلۆنیا، کە فەرەنسی زمانن، جڵەوی حکومەتی ئێستای بەلجیکاش بە دەست فلامینەکانەوەیە.

داننان بە هەرێمی کوردستان لەلایەن هەرێمی فلاندەرز هەموو ئەو وڵات و هەرێمانەی پرۆتۆکۆڵی دووقۆڵیان لەگەڵ بەلجیکا و ئەو هەرێمە هەیە دەخاتە ژێر ئەو پێوەستییەی کە وەک قەوارەیەکی یاسایی دان بە هەرێمی کوردستان بنێن. هەروەها دەرگا بە رووی هەرێمی کوردستانیش دەکاتەوە، راستەوخۆ پرۆتۆکۆڵی تایبەت لەگەڵ ئەو هەرێمانە ببەستێ بێ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ حکومەت و پەرلەمانی فیدراڵی عێراق.

وەک نوێنەری هەرێمی کوردستان ئاماژەی بۆ کرد هەفتەی داهاتوو دەنگدان لەسەر ئەو پرۆژەیە لە پەرلەمانی فلاندەرز بەڕێوەدەچێت و، دڵنیان لەوەی پرۆژەکە بە زۆرینەی دەنگ تێپەڕێت، چونکە نوێنەری زۆربەی لایەن و پێکهاتەی پەرلەمانی فلاندەرز لەنێو ئەو شاندەبوون کە هاتنە هەولێر. لە وەزارەتی دەرەوەی بەلجیکاش هەرێمی کوردستان بە هەرێمێکی ئارام بۆ هاتنی هاووڵاتیانیان پێناسەکراوە.

نوێنەری هەرێمی کوردستان لە یەکێتی ئەوروپا ئەوەشی راگەیاند، کە لەکۆتایی ئەمساڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بارەگای یەکێتی ئەوروپا کۆنگرەیەکی جیهانی لەبارەی ئەنفال و جینۆسایدی کورد سازدەکات، کە کەسایەتی ئاست بەرزی ئەوروپایی و جیهانی بەشداری تێیدا دەکەن، نوێنەرایەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان رێکیدەخات.

ئەو مانگەش سیمینارێک لە سەر پرسی کورد لە پەرلەمانی ئەوروپا بەڕێوەچوو، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان روونیکردەوە کە گرووپی لیبراڵ دیموکراتەکان و رێکخراوی گوڵان لە ستۆکهۆڵم ئەو سەمینارەی لەبارەی کارەساتەکانی کورد و کەرکووک و ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان رێکخست.

دوای 21 ساڵ تازە کارەساتی هەڵەبجە لە سەر ئاستی جیهاندا یاددەکرێتەوە، بورهان جاف گوتی" هێشتا رای گشتی جیهان بەتەواوەتی لە مەینەتییەکانی کورد ئاگادار نییە، ئەرمەن پتر لە 100ساڵە جینۆسایدکراون، بەڵام رۆژ دوای رۆژ هەڵمەتەکانیان هەر فرەوانتر دەکەن بۆ ئەوەی نەوەکانیان قەت ئەو کارەساتەیان لەبیر نەچێتەوە"، بەپێی قسەکانی بورهان جاف گرنگیی ئەو چالاکییە لەوەدابوو کە لە ناو پەرلەمانی ئەوروپا یادی هەڵەبجە بکرێتەوە کە بەدیکیۆمێنتکردنێکی فەرمی بوو.



پەرلەمانی هەرێمی فلاندەرز

نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان روونیکردەوە، کە یەکەم شار بەر چەکی کیمیاوی کەوتووە شاری ئیپیکە لە بەلجیکا لە سەردەمی جەنگی جیهانی یەکەم، ئەوکاتە بەڵێنیاندا ئەم کارە دووبارە نەبێتەوە، بەڵام لە هەڵەبجە روویدایەوە، بۆیە یادکردنەوەی لە ئەوروپا مانای تایبەتی خۆی هەیە، هەروەها بەلجیکا پایتەختی ئەوروپایە، زۆر کۆمپانیای ئەوروپی هەن کەرەستەی دروستکردنی چەکی کیمیاییان فرۆشتبووە سەدام " ئەوان دەڵێن بۆ مەبەستی کشتوکاڵی ئەو کەرەستانەمان فرۆشتە سەدام، بەڵام دەبێ رای گشتی ئەوروپا بزانێت بۆچی بەکارهاتووە و چ کارەساتێکی قەوماندووە".

بورهان جاف ئاماژەی بە نمایشی فیلمی (دایکانی من) دا، کە لەو سیمینارەدا نمایشکرا و زۆربەی ئامادەبووانی گریاند. لەمبارایەوە گوتی" زمانی فیلمی دایکانی من زۆر لە زمانی سیاسەت کاریگەرتربوو، هەندێکیان دەستیان بە گریان کرد و چوونە دەرەوە، دەبێ لەمەودوا بە زمانی سینەما لەگەڵ رای گشتی قسەبکەین، دەبێ ئەو جۆرە کارانە زیاتر بکەین، تەنانەت شانۆ و وێنە ئەمانە هەموویان زمانی خۆیان هەیە".



## باڵیۆزی عێراق لە هۆڵەندا، کە کوردە دان بە نوێنەرایەتی هەرێمی کوردستان دانانێت

بورهان جاف نوێنەری حکومەتی هەرێم لە یەکێتی ئەوروپا

نوێنەری حکومەتی هەرێم هیوای خواست نەک هەر هەڵەبجە و ئەنفال، بەڵکو کارەساتەکانی سەردەمی شۆڕشی ئەیلوولیش بەدیکیۆمێنت بکرێن، لەوانەش بۆردومانی قەڵادزێ کە جگە لە فیلمی (ژیان)ی جانۆ رۆژبەیانی هیچ کاری دیکەی بۆ نەکراوە.

لەبارەی گرنگی نوێنەرایەتیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەوروپا، بورهان جاف گوتی" ئەو نوێنەرایەتیانە کەناڵی زۆر گرنگن بۆ گەیاندنی دەنگی کورد"، لەمبارەیەوە ئاماژەی بە پەیامێکی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دا، کە ساڵی رابردوو لەرێگەی ئەوانەوە گەیشتە خافێر سۆلانا لەبارەی هەڕەشەکانی تورکیا، 24 کاژێر دواتر سۆلانا کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسی سازکرد و داوای لە تورکیا کرد کە ئەم کارە نەکات.

بورهان جاف نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە یەکێتی ئەووڕپا رایگەیاند کە پەیوەندیان لەگەڵ باڵیۆزی عێراق لە بەلجیکا زۆر باشە و دەست لەکاری یەکتر وەرنادەن، بەڵام لەگەڵ باڵیۆزی عێراق لە هۆڵەندا هیچ پەیوەندییەکیان نییە و لەمبارەیەوە گوتی" باڵیۆزی عێراق لە هۆڵەندا (کە کوردە) دان بەنوێنەرایەتی هەرێمی کوردستان نانێت لە یەکێتی ئەوروپا، لە کاتێکدا پێشتر خۆی نوێنەری حکومەتی هەرێم بووە لە بەریتانیا"..





# گەنجێکی کورد ئیمێلی کوردی دروستدەکات

**رووداو–نەرویج**

گەنجێکی کوردی نیشتەجێی وڵاتی نەرویج، ئیمێڵێکی کوردی بەناوی کورد مەیڵس KURDMAILS دروستدەکات و دەڵێت "ئەگەر مامۆستایانی زمانی کوردی هاوکاریم بکەن، هەوڵدەدەم سەرجەم خزمەتگوزارییەکانی ئیمێڵەکە بکەمە کوردی".

مەعاز شەعبان سوورچی، تەمەن 20 ساڵ، کە ناسراوە بەهونەر، بۆ یەکەمجار لە یەکەم رۆژی نەورۆزی ئەمساڵ ئیمێڵێکی بەزمانی کوردی کردەوەو وەک خۆی گوتی پێشوازییەکی زۆر لە کارەکەی کراوە"بەبێ ئەوەی رێکلام بۆ کارەکەم بکەم، لە ماوەی 16 رۆژدا 325 کەس ئیمێلیان لە رێگەی کوردمەیلس دروستکردووە".

ئەو گەنجە کوردە لەشارۆچکەی بجیلی سەر بە قەزای ئاکرێ لە دایکبووەو لە ساڵی 2001وە چووەتە دەرەوەی وڵات و لە نەرویج نیشتەجێیە، ئێستا خوێندکاری قۆناخی یەکەمی بەشی زانستە رامیارییەکانە Political Science.

هونەر لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) باسی بیرۆکە و چۆنیەتی دروستکردنی ئیمێڵەکەی کردو گوتی "رۆژانە جۆرەها ئیمێڵم بەناوی maktoob، hotmail، yahooو ... تا دوایی بۆ دەهاتن، بۆیە بیرم لەوە کردەوە کە ئێمەش وەکو کورد خاوەنی ئیمێڵێکی لەو جۆرە بین، بۆیە بڕیارمدا ئیمێڵێکی کوردی دروستبکەم".

سەرەتا هونەر پەیوەندی بە کۆمپانیای گۆسامیر سریدسی کەنەدی دەکات و بیرۆکەکەیان بۆ باسدەکات، هونەر دەڵێت سەرەتای پەیوەندیکردنم بەو کۆمپانیایە بە ناخۆشی دەستیپێکرد، ئەو لەو بارەیەوە گوتی "ئیمێلم بۆ کردن کە خوازیاری دروستکردنی ماڵپەڕێکم تایبەت بە ئیمەیڵ ناردن، لەنێو ئیمەیڵەکەی من ئاڵای کوردستان هەیە، بۆیە لە وەڵامدا گوتبوویان are you from northern iraq واتە ئایا تۆ خەڵکی باکووری عێراقی، منیش راستی پێم ناخۆش بوو، گوتم نا I am from southern Kurdistan من خەڵکی باشووری کوردستانم"، هەروەها هونەر دەڵێت "کارمەندی کۆمپانیاکە پرسیارێکی سەیری لێکردم گوتی ئایا کورد قەرەجن، من سەرم سوڕما و لێمپرسی کێ ئەو زانیارییە هەڵەی بە تۆ داوە، لە وەڵامەکەیدا دەرکەوت، کە تورکە توندڕەوەکان کورد ناشیرین دەکەن و لەلای ئەوروپییەکان بە قەرەج ناوی دەبەن".

هونەر لەگەڵ کۆمپانیا کەنەدییەکە رێککدەکەوێت و شوێنی ماڵپەڕەکەی بە 1000 دۆلار پێدەدەن لە سەر تۆڕی ئینتەرنێت، دوای دوومانگ کارکردن، ماڵپەڕەکەی هونەر لە نەورۆزی ئەمساڵ کەوتە کار، ئێستا هەر کەسێک بیەوێت دەتوانێ سەردانی بکات: WWW.KURDMAILS.COM و لەوێ ئیمێلێک بۆ خۆی دروستبکات، کە سەرجەم زانیارییەکانی دانانی ئیمێلەکە بەزمانی کوردی نووسراون.

ناوبراو ئاماژەی بەو سیستمە کرد کە ئیمێلەکەی پێ دروستکراوەو گوتی" ئەوان کۆمپانیایەکی گەورەن و پرۆگرامی هەر شتێک دەکەن کە داوایان لێبکرێ، ئیمێلەکە بە زمانی CGI دروستکراوەو هەندێک لە کارەکان خۆم کردوومن وەکو CSS و زمان و هەندێک JAVA Script چونکە خۆم شارەزاییم لە HTML و PHPدا هەیە و بەمەش هەقدەستی دروستکردنی ئیمێلەکە کەمتر بووەوە".

گوتیشی "رۆژانە خۆم ماڵپەڕەکە بەڕێوە دەبەم، بەڵام زۆربەی کارە تەکنییەکییەکان کۆمپانیاکە دەیکات".

کاتێک ماڵپەڕەکە دەکەیەوە بەشێک لە دەستەواژەکانی ناوی هەر بە زمانی ئینگلیزییە. هونەر هۆکارەکەی بۆ نەبوونی زمانێکی کوردی تایبەت بە بواری تەکنەلۆژیای زانیارییەکان IT گەڕاندەوەو هەروەها گوتی "هەندێک وشە هەیە بەراستی نازانم بە کوردی چیان پێدەڵێن، هەندێکیان هەیە دەزانم بۆ نمونە sent ،logout، بەڵام نازانم چ وشەیەکی کوردی بۆ draft دابنێم، ئەویش بەهۆی ئەوەی تا ئێستا زمانی ITای یەکگرتووی کوردی نییە"، هونەر گوتیشی "پەیوەندیم بە چەند مامۆستایەکی کوردییەوە کردووە، تاوەکو سەرجەم وشەکان بکەمە کوردی بە جۆرێک هەموو کوردێک لێی تێبگات". هونەر زۆر سوپاسی سامی ئەرگۆشی دەکات کە لەلایەنی زمانەوانییەوە زۆر هاوکاری دەکات "کاک سامی شارەزاییەکی باشی لە هەردوو شێوەزاری کرمانجی و سۆرانی هەیە، هەر هەڵەیەک هەبێ بۆم راستدەکاتەوە".

هونەر لە بەرنامەیدایە سەرجەم خزمەتگوزارییەکانی نێو ماڵپەڕەکەی بکاتە کوردی و ماسنجەرێکی کوردیش دابنێت "بە مەرجێک پسپۆرانی زمانی کوردی هاوکاریم بکەن بۆ دانانی فەرهەنگێکی یەکگرتوو بۆ ماڵپەڕەکە".

# کاروباری ژنان



**نادیە لە رقی مێردەکەی خۆی سووتاند**

**ڕووداو-هەولێر**
**نەقیب ژیلەمۆ عەبدولقادر بەڕێوەبەری بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە هەولێر بە(ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ڕۆژی 2009/4/2 لە گوندی تورەقی سەر بە هەولێر، ژنێک بەناوی نادیە حوسێن لە رقی مێردەکەی خۆی سووتاند، کە ڕێژەی سووتانەکەی %100 بووەو گیانی لەدەستداوە. نەقیب ژیلەمۆ گوتیشی "مێردەکەی بەپێی مادەی 240دەستگیرکراوە، مێردەکەی دانیناوە بە لێدان و جوێن پێدانی نادیە".**

# خەتەنەکردنی کچان لە کوردستان کەمدەبێتەوە



**سۆران بەهائەدین**
Soran2025@yahoo.com

**ڕووداو-هەولێر**

بەگوێرەی ئەو ئامارانەی دەست (ڕووداو) کەوتوون، خەتەنەکردنی کچان لە کوردستان بەرەو کەمبوونەوە دەچێت، پسپۆرانیش هۆکارەکە بۆ هۆشیاربوونەوەی خەڵک دەگەڕێننەوە لە زیانەکانی خەتەنەکردن.

بەگوێرەی ئەو بەدواداچوونەی وەزارەتی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان ئەنجامیداوە، لە ناوچەی گەرمیان لە ساڵی2000ەوە،هیچحاڵەتێکی خەتەنەکردنی کچان تۆمار نەکراوە، بەڵام لە چەمچەماڵ ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان 19-23ساڵیدایە ڕێژەی خەتەنەیان%45ە، ئێستا تەنیا %10 کچەکانیان خەتەنە دەکەن.

هەر بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی وەزارەتی مافی مرۆڤ %42ی کچانی هەردوو شارۆچکەی سۆران و چۆمان خەتەنەکراون، %12ی ئەو ڕێژەیەش هۆکاری خەتەنەکردنیان بە ئایین بەستووەتەوە، بەڵام لە قەزای مێرگەسۆر، ئاکرێ، زاخۆ و شارەزوور خەتەنەکردنی کچان نەماوە. بەرزترین ڕێژەی خەتەنەش وەک لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە، لە ناوچەی بێتوێن و پشدەرە، کە لە کۆی 758 کچی پرسیارلێکراوی ناوچەکە 425یان خەتەنە کراون.

خەتەنەکردن داو نەریتێکی وڵاتە گەرمەکانەو پێش زایین لە سەردەمی فیرعەونەکان لەمیسر باوبووە، وەک نەریتێک لەگەڵ هاتنی ئیسلام بۆ کوردستان گوازراوەتەوە. لەو ناوچانەی کوردستان کە کچان خەتەنە دەکەن، ئەوە وەک بەجێگەیاندنی ئەرکێکی ئاینی سەیر دەکەن و دەڵێن"ئەوەی خەتەنە نەکرابێ نانی دەستی حەرامە"، بەڵام زۆربەی مەلاکان خەتەنەکردنی کچان بە ئەرکێکی ئایینی دانانێن.

قاسم غەفور قوتابی دکتۆرا لە زانستە ئیسلامییەکان، لەبارەی خەتەنەکردنەوە فەرموودەیەکی پێغەمبەری ئیسلام دەهێنێتەوە کە دەڵێت"خەتەنە بۆ کوڕان سوننەتەو بۆ کچان ڕێگەپێدراوە". قاسم ئەو فەرموودەیە زیاتر ڕووندەکاتەوەو دەڵێت "ئەگەر خەتەنە لەبەرژەوەندی ئافرەت بێت بکرێت ئاساییە، ئەگەر لە قازانجی نەبوو، نەکرێت باشترە".

ساڵی 2005 کچێکی میسری لەژێر کاریگەری خەتەنەکردن گیانی لەدەستدا، بۆیە زانکۆی ئەزهەری ئەو وڵاتە لە 22-2006/11/23 کۆنگرەیەکی لەژێر ناوی (کۆنگرەی بەرەنگاربوونەوەی تێکدانی کۆئەندامی مێیینە) بۆ زانایانی جیهانی ئیسلامی سازدا، لە ڕاگەیێندراوی کۆتایی کۆنگرەکەدا هاتووە "هەرکارێک ببێتە هۆی تێکدان و شێواندنی کۆئەندامی زاوزێی ئافرەتان، پێچەوانەی بەها بەرزەکانی ئیسلامەو بەتاوان دەژمێردرێت و سزای لەسەرەو حەرامە".

سۆزان فەقێ بەرپرسی لقی هەولێری یەکێتی ژنانی کوردستان، پێیوایە خەتەنەکردنی ژنان "واتە کەمئەندامکردنی ژنان"، چونکە وەک ئەو دەڵێ "بڕینی پارچەیەکە لە لەشی بێ ویستی خۆی، ئەمەش کاریگەری لەسەر دەروونی کچەکە دەبێ و زیان بە تەندروستیشی دەگەیێنێت".

ئێستا ڕێکخراوەکەیان بەهاوکاری وەزارەتی مافی مرۆڤ خەریکی ئەنجامدانی پرۆژەیەکە لە گوندەکانی هەولێر، کە خەتەنەکردن لەو پرۆژەیە گرنگترین بابەتەی لێکۆڵینەوەکەیە.

لەو پرۆژەی یەکێتی ژناندا بۆ سۆزان دەرکەوتووە، ڕێژەی خەتەنەکردن یەکجار کەمبووەتەوە ئەویش "بەهۆی هۆشیاربوونەوەی خەڵک"، سۆزان گوتیشی لە گوندەکانی هەولێر ئێستا کەمتر لە %20 کچان خەتەنە دەکرێن، کە ئەوەش بە بەراورد بە 10ساڵ پێش ئێستا زۆر جیاوازە، کە ئەوکات زیاتر لە %80ی کچانی گوندەکانی دەشتی هەولێر خەتەنە دەکران " %60ی ئەوانەی کە کچەکانیان خەتەنە کردووە، بە ئێمەیان دەگوت قورئان دەڵێت خەتەنە بکەن، کەچی لە قورئان هەر باسیش نەکراوە".

یەکێک لەو پیاوانەی کە کچەکەی خەتەنە کردووە، خەتەنەکردنی کچان بە شتێکی باش دەزانی بۆ کەمکردنەوەی توانای سێکسیان کە ئەوەش بە بڕوای ئەو لە بەلارێداچوون دەیانپارێزێ. ئەو پیاوە، کە دانیشتووی یەکێک لە ناحیەکانی دەوروبەری شاری هەولێرە و نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بۆ (ڕووداو) گوتی "بۆیە ئەوەندە باسی خەتەنە دەکەن تا خەڵک وازی لێ بێنێت و کچەکانمان لە ڕێ لابدەن".

خەتەنەکردنی کچان زیاتر لە وڵاتە گەرمەکانی وەک ئەفریقاو سودان و سۆماڵ دەکرێت، پێشتر فیرعەونەکان ژنەکانیان خەتەنە دەکرد، لەسەردەمی ئیسلامدا پێغەمبەری موسڵمانان قەدەخەی نەکردووەو خەڵکیشی هاننەداوە بۆ کردنی.

قاسم غەفوور دەڵێت خەتەنەکردنی کچان پەیوەندی بە ئیسلامەوە نییە زیاتر لە وڵاتە گەرمەکان دەکرێت "بۆ کوردستان پێویست ناکات بکرێت، خەتەنەکردنی کچان کارێکی باش نییە".

بەبڕوای قاسم غەفور خەتەنەکردن لەکوردستان بەرەو کەمبوونەوە دەچێت و ئەوانەی ئەو کارەش دەکەن زیاتر توێژە نەخوێندەوارەکەیەو شارەزایی لە ئایین نییە "بەزۆری خەتەنە لە ناوچەیەک دەکرێت کە هۆشیاری ئاینی و تەندروستییان نییە، ئەوانەی ئەکادیمی بن و شارەزابن لە ئیسلام کچەکانیان خەتەنە ناکەن".

پرۆژە یاسای خەتەنەکردن لەلایەن لێژنەی داکۆکیکردن لە ئافرەتان لە پەرلەمانی کوردستان پێشکەش بە پەرلەمان کرا، بەڵام بەهۆی ئەوەی هەندێک لە پەرلەمانتاران پێیانوابوو کە دیاردەکە بەو شێوەیە فراوان نییە یاسای بۆ دابنرێ، بۆیە وەکو ماددەیەک خرایە نێو پرۆژە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی ئەو پرۆژە یاسایەش ماوەیەکی زۆرە لەپەرلەمانەو تەنیا خوێندنەوەی سەرەتایی بۆ کراوە.

سۆزان شەهاب، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان هۆکاری پەسەند نەکردنی یاساکەی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە یاساکە گەڕێندراوەتەوە لای حکومەت،چونکە جێبەجێکردنی یاساکە پێویستی بە پارەیە بۆ ئەو کەسانەی توندوتیژیان بەرانبەر دەکرێت، بۆیە بۆ حکومەتیان ناردووە تا ڕەزامەندی لەسەر بدات "حکومەت بە زارەکی ڕازیبووە، بەڵام پەرلەمان دەیەوێت بە نووسراو بینێرن کە ڕازین". سۆزان داوای لە حکومەت کرد بە زووترین کات ڕەزامەندی بنێرنەوە تا لەو خولەی پەرلەمان پرۆژە یاساکە پەسند بکرێت.





## شاوین بەترسەوە لە تیخی خەتەنەکردن دەڕوانێت

**AFP- سلێمانی:** (شاوین) کچێکی تەمەن چوار ساڵی کوردە، لە ڕۆژی 2009/4/14 لە سلێمانی تەماشای ئافرەتێک دەکات کە خۆی ئامادە دەکات بۆ خەتەنەکردنی. بەپێی قسەی پەرلەمانتارێکی کورد و پزیشکێکی کورد کە لە مێژە هەوڵدەدەن ئەو دیاردەیە لە هەرێمی کوردستان بنبڕ بکەن، پەرلەمانی کوردستان بە نیازە ئەنجامدانی خەتەنەکردنی کچان قەدەخە بکات.

لە لێکۆڵینەوەیەکی مانگی ئەیلولی ڕابردووی ڕێکخراوی وادی ئەڵمانی کە لە 201 گوندی کوردستانی نزیک شاری کەرکووک ئەنجامیداون، ئاشکرا بووە کە لە کۆی 5،626 ئافرەت و کچی بەشداری ئەو ڕووپێوە، 3،502یان خەتەنە کراون کە دەکاتە زیاتر لە %62.

لەکاتێکدا خەتەنەکردنی کچان دیاردەیەکی بەربڵاوە لە وڵاتانی ئەفریقا، بەڵام تاوەکو ئێستا ئاشکرا نەبووە چۆن ئەو دیاردەیە لە باکووری عێراق سەریهەڵداوە. ئەو دیاردەیە لەلایەن هەندێ مەلاوە هاندەدرێت و لە ناوچەکانی دیکەی ئەو وڵاتە ئەو دیاردەیە زۆر دەگمەنە.

# هەزاران کچی ئێرانی لە ماڵ هەڵدێن

**بیلال سەعید**
**ڕووداو-تاران**

بەهۆی فشارە کۆمەڵایەتییەکان، کچانی ئێران لە ماڵ ڕادەکەن، ڕاکردنی کچان بە تایبەتیش لە تارانی پایتەخت خەریکە ببێتە دیاردە، هەروەها ئەو کچانەی لە ماڵ هەڵدێن لە دەرەوە ڕووبەڕووی هەڕەشەی دەستدرێژی سێکسی دەبنەوە.

ڕاکردنی کچان لە ئێران زۆربەی ناوەندەکانی ڕاگەیاندن و زۆر لە بەرپرسان و توێژەرانی کۆمەڵایەتی بەخۆیەوە سەرقاڵکردووەو، گفتوگۆ لەسەر ڕێگەکانی بنبڕکردنی دەکەن.

نازەنین جەلالیزادە، کە کچێکی هەڵاتووە لەنێو یەکێک لە مێترۆکانی شاری تاران بۆ (ڕووداو) قسەی کردو گوتی "یەک هەفتەیە لە ماڵ هەڵاتووم، شەوان لەنێو پارکەکان دەخەوم"، ناوبراو هۆکاری ڕاکردنەکەی ڕوونکردەوەو گوتی "ماڵی ئێمە ڕێگری زۆرم لێدەکەن، چاودێری هەڵسوکەوتەکانم دەکەن، تەنانەت ناتوانم بە ئازادی خۆم تەلەفۆنیش بکەم، بۆیە ڕاکردنم بە باشترین چارەسەر زانی".

بەپێی ئەو ئامارانەی دەست (ڕووداو) کەوتوون لە ماوەی 4 مانگی ڕابردوودا 500 کچ تەنیا لە شاری تاران لە ماڵ هەڵاتوون. تاران بە پلەی یەکەم دێت لە ڕووی هەڵاتنی کچان، دوای ئەویش شارەکانی تەورێز و ئەسفەهان دێن، بەڵام شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەمترین ڕێژەیان تێدا تۆمارکراوە لەچاو شارەکانی ئێران.

توێژەرانی کۆمەڵایەتی هۆکاری ئەو ڕاکردنە بۆ بەدحاڵیبوون و هەڕەشەی دایکان و باوکان لە منداڵەکانیان دەگەڕێننەوە. د.واحید محەممەدی، توێژەری کۆمەڵایەتی لە تاران لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) ڕای وابوو کە "خێزان هەڵسوکەوتی خراپە بەرامبەر بە گەنجان و ناتوانن لێیان تێبگەن، لێیان تووڕە دەبن، هەڕەشەیان لێدەکەن، ئەوانیش پەنا دەبەنە بەر ڕاکردن".

بەپێی ئەو ڕاپرسییەک، دەرکەوتووە %6ی کچان بەهۆی تێنەگەیشتنی دایک و باوک لێیان، لە ماڵەوە ڕادەکەن هەروەها %16بەهۆی چاولێکەری، %13 نەبوونی ئەمنییەتی خێزان، %15لەبەرخراپی باری ئابووری خێزان، %5بەهۆی تەڵاقدان، %3 بەهۆی تریاککێشانی خێزانەکانیان، %5 بەهۆی نەخۆشی دەروونی، %6 بەهۆی کێشەی نێوان دایکوباوک، %31کچانیش بەهۆی تریاککێشان و جگەرەکێشان ماڵ جێدەهێڵن.

ئارەزوو مرادی، 28 ساڵ، کە یەکێکە لە کچە ڕاکردووەکان، لە پارکی حەسەن ئابادی تاران دەسووڕایەوەو ناو بەناو بۆ پشوودان لەسەر یەکێک لە کورسییەکانی نێو پارکەکە دادەنیشت. وەک خۆی بۆ (ڕووداو)ی گێڕایەوە ماوەیەکە دەستی داوەتە تریاک کێشان، ئێستاش ئالودە بووە، بۆ ئەوەی ماڵەوەیان بەو کارەی نەزانن ڕایکردووە "موعتاد بووم، ناتوانم بێ تریاک بژیم، خێزانەکەشم نازانن، ئەگەر بزانن ڕێم لێدەگرن". ئەو بەشێوەیەک ئالودەبووە، ئامادەیە هەموو کارێک بکات بۆ دەستکەوتنی پارەی کڕینی تریاک "بۆ دەستکەوتنی پارەی تریاکەکەم ئامادەم هەموو کارێک بکەم".

بەشێک لەو کچانەی لەماڵەوە هەڵدێن و جارێکی دیکە دەگەڕێنەوە نێو خێزانەکانیان دووبارە ڕووبەڕووی هەڕەشە لێکردن دەبنەوە و زۆرجاریش لە ماڵەوە زیندانیدەکرێن.

شیوا ئارمین، 26 ساڵ، دوو هەفتە بوو لە ماڵ ڕایکردبوو، ئەو دووەم جاری بوو لە ماڵەوە ڕابکات. شیوا گوتی "پێشتر سێ ڕۆژ لە ماڵ هەڵاتم و پەنام بردە بەر ماڵە خزمێک، لەسەر داوای خزمەکەم گەڕامەوە ماڵ، دووبارە ماڵەوەم جێهێشت، چونکە من حەزم دەکرد جلی ئەورووپایی لەبەر بکەم و ماکیاژ بکەم، بەڵام ماڵەوە نەیاندەهێشت".

د.واحید، ڕەخنە لە هەڵسوکەوتی خێزانەکان دەگرێتەوەو دەڵێ "بەپێی ئەو ئامارەی لەبەر دەستمدایە %14ی ئەوانەی ڕایانکردووەو دەگەڕێنەوە نێو خێزانەکانیان ژیانێکی تازە دەستپێدەکەنەوە، %60یان لەلایەن خێزانەکانیانەوە ڕووبەڕووی هەڕەشە لێکردن دەبنەوە، هەروەها %36شیان دووبارە ڕادەکەنەوە".

زۆربەی ئەو کچانەی لەماڵەوە ڕادەکەن، لە دەرەوە ڕووبەڕووی دەستدرێژی سێکسی دەبنەوە و بەهۆی فراوانبوونی دیاردەکە، تەمەنی ڕاکردووەکانیش تا دێت دادەبەزێ، هەندێک لەو کچانەی ڕایانکردووە تەمەنیان 14 ساڵە، کە ئەمەش بەلای توێژەرانی کۆمەڵایەتی زۆر ترسناکە.

د.واحید لەو بارەیەوە دەڵێت "جێگەی نیگەرانییە دیاردەکە ڕۆژ بەڕۆژ لە زیادبووندایە. ئامارەکان دەڵێن کچانی هەڵاتوو بەهۆی نەبوونی جێگای تایبەت بۆ مانەوە ڕووبەڕووی دەستدرێژی سێکسی دەبنەوە، ئەمە زۆر ترسناکە". محەممەدی گوتیشی "لەوە ترسناکتر ئەوەیە کچێکی تەمەن 14 ساڵان بیر لە ڕاکردن بکاتەوە".







## دوای سووتانی ژنەکەی مزەفەر خۆی کوشت

ڕووداو-هەولێر
دوای تێپەڕبوونی 22 ڕۆژ بەسەر مردنی ژنەکەیدا، گەنجێک بەناوی مزەفەر مەحمود عەبدولعەزیز، 20ساڵ، کە پۆلیس بوو لەکاتی دەوام لە شەوی 7لەسەر 2009/4/8 بەگوللەیەک خۆی کوشت. مزەفەر ماوەی سێ مانگ بوو ژنی هێنابوو، ژنەکەی لە ڕووداوێکی نادیاردا سووتا. مەحمود بەکر، باپیری مزەفەر بە(ڕووداو)ی ڕاگەیاند "دوای مەرگی ژنەکەی مزەفەر ئاگای لە دونیا نەمابوو، دەیگوت خۆم لە کارەبا دەدەم، چونکە ئەوان یەکتریان زۆر خۆشدەویست ژنەکەی بەخۆشەویستی هێنابوو".

# کێ دەبێتە دایک و باوکی محەممەد

## دوو برا دوای مردنی دایک و باوکیان و گیرانی خوشک و برایان بەبێ کەسی دەژین



سۆران بەهائەدین
Soran2025@yahoo.com

ڕووداو-هەولێر

گۆرانییەک کە ناوی ئافرەتە گۆرانیبێژەکەی دیار نییە لەنێو مۆبایلەکەی محەممەد، بەنێوی (کچەکە) خەزنکراوە، کە دەنگی کچێکی گەرمیانییە و بە لاواندنەوە باس لە ئەنفالکردنی دایک و باوکی دەکات، لەبەشێکی گۆرانییەکەدا دەڵێت "هەر چەند سەیر دەکەم نە دایەم هەیە و نە بابە، جێمەهێڵە توخوا و تو قورئان، دایە گیان گیان گیان....". هەر کاتێک محەممەد گوێی لەو گۆرانییە دەبێ دەست دەکاتە گریان، دەڵێت "شەوان تا شەحنی مۆبایلەکەم تەواو دەبێ ئەو گۆرانییە لێدەدەم".

محەممەد، کە تەمەنی 11 ساڵە، دایکوباوکی ئەنفال نەکراون، بەڵکو مردوون، ئەگەر ژنی کۆنە دراوسێیەکەیان نەبێ، محەممەد دەبێ لەسەر جادە بخەوێ، چونکە دوای مردنی دایک و باوکی، خزم و کەسەکانی ئامادە نەبوون بەخێوی بکەن. محەممەد، دوو خوشک و دوو برای هەن، خوشکێکی شووی کردووەو لەگەڵ براکەی پێکەوە لەو ماڵە دەژین، هەرچی خوشک و براکەی دیکەین بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی کەوتوونەتە زیندان. محەممەدو براکەی هەفتانە 3 جار سەردانیان دەکەن.

محەممەد، کە کوڕێکی جوانکیلەی کەمێک قەڵەوە، کراسێکی سپی و پانتۆڵێکی ڕەساسی تازەی، بەڵام چڵکن لەبەر دابوو، کە چەند ڕۆژێک بەر لە ئێستا لەلایەن مۆسیقاژەنێکەوە بۆی کڕدرابوون. وەک ئەو مۆسیقا ژەنە گوتی "بۆیە ئەو جلانەم بۆ کڕین، حەز دەکەم وەکو قوتابییەک دەربکەوێ و ساڵی ئایندە بچێتەوە قوتابخانە". محەممەد زۆرجار سەردانی قوتابخانەکەی دەکات، کاتێک دەزانێت ئەو قوتابی نییە، دەگەڕێتەوە.

محەممەد یوسف، تەمەنی 5 ساڵان بوو، دایکی بەهۆی نەخۆشییەوە گیانی لەدەستدا، بێنازی محەممەد بەمەرگی دایکی کۆتایی نەهات، دوای سێ ساڵ ئەو کاتەی قوتابی پۆلی دووەمی سەرەتایی بوو، باوکی لەگەڵ هەڵگرتنی بارێکی قورس دەماری پشتی وەرگەڕاو مرد، جگە لە محەممەد دووکچ و دوو کوڕی دیکەی بێ خاوەن جێهێشت.

نەهامەتییەکانی ئەو منداڵانە کاتێک زیادی کرد، کە مامەکانی گوتیان چیتر چاومان بەچاوتان نەکەوێت و بێ خانوو وەدەریان نان، خاڵێکیشیان تەنیا 8 مانگ توانای بەخێوکردنی ئەوانی هەبوو، لەبەر هەژاری پێیگوتن "بڕۆن شوێنێک بۆخۆتان پەیدابکەن".

سوارە، 22 ساڵ، کە برا گەورەیانە خانووێک بەکرێ دەگرێت، خۆیشی دەبێتە پاسەوانی هۆتێلێک، محەممەدیش لە چایخانەیەک کار دەکات، دیاری تەمەن 18 ساڵانیش لە ناوچەی پیشەسازی باکوور کاریدەکرد، ئەوان بەوجۆرە توانیان خێزانێک دروستبکەنەوە، بەڵام زۆری نەبرد سوارە و خوشکە گەورەکەی بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی کەوتنە زیندان، ئیدی لێکترازان و نەهامەتییەکی تازە دەستی پێکردەوە.

ئێستا دیار لە بازاڕ لەسەر مێزێک سیدی دەفرۆشێ، محەممەدیش بەهۆی ناکۆکی لەگەڵ شاگردەکانی چایخانەکە دەبێتە کێشەیان و واز دەهێنێ، ئێستا زۆربەی کاتەکانی لە بازاڕ یان لەلای مۆسیقاژەنێک بەسەر دەبات، بەڵام محەممەد بەو تەمەنە بچووکە فێری جگەرەکێشان بووەو دەڵێت "برادەرەکانم فێریان کردم"، دیاریش جگەرە دەکێشێت، بەڵام دەڵێت "لە خەفەتان دەیکێشم".

سوارەو خوشکەکەی 4 مانگە گیراون. دیار دەڵێت، هیچ کەس سکاڵای لێیان نییە و بێ دادگاییکردن گیراون "پارەشمان نییە پارێزەریان بۆ بگرین، خوشکم لەخۆڕایی گیراوە"، وەک محەممەد گوتی "پارێزەرێکمان بۆ خوشکەکەم گرتووە، 500 دۆلارمان داوەتێ، بەڵام داوای 800 دۆلار دەکات، دەڵێت تا 300 دۆلارەکەی دیکەشم نەدەنێ کار لە دۆسیەکەی ناکەم".

دیار بەردەوام دڵی لەلای خوشکە زیندانیکراوەکەیەتی، ئەڵقەیەکی لاستیک و بازنەیەکی بە مۆروو دروستکراوی لە دەستکردبوو، کە خوشکی لە زیندان بۆی دروستکردبوو. دیار هەفتانە دووجار سەردانی خوشکەکەی دەکات و، دەڵێت "ئەو لاستیکەی پەنجەم هیچ بایەخی نییە، بەڵام بەهەموو دونیای ناگۆڕمەوە، چونکە دیاری خوشکەکەمە". ئێستا محەممەدو براکەی شەوان لە لای ماڵی ژنێک کە پێشتر دراوسێیان بوو لە گوندی تورەقی نزیک هەولێر دەمێننەوە، ڕۆژانە دێنە بازاڕ. چەند ڕۆژێک لەمەوبەر مۆسیقاژەنێک، محەممەد لەبازاڕ دەبینێت، دەیباتەوە لای خۆی، ئەو مۆسیقاژەنەش کە بێ ژنە و لە پرۆژەیەکی بازرگانیدا لە ژوورێکدا دەژی، نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، گوتی "لەبەر ئەوەی منیش بێ نازی دایکم گەورەبوومە، بۆیە دڵم بۆ منداڵی وەک محەممەد دەسووتێت، بەردەوام چاودێری دەکەم، چی بویێت بۆی دەکەم".

ئەو مۆسیقاژەنە کە لەگەڵ ناسینی محەممەد مۆسیقاکەیشی خەمگین بووە وەک خۆی دەڵێت "دوای ناسینی محەممەد ئەوەندە مۆسیقای خەمگینم لێداوە، هەرگیز پەنجەم مۆسیقای وای نەژەنیووە". مۆسیقاژەنەکە ئێستا لەهەوڵی ئەوەدایە محەممەد فێری نووسین و خوێندنەوە بکات تا ساڵی داهاتوو بگەڕێتەوە قوتابخانە، هەر لە ئێستاشەوە جلوبەرگی قوتابخانەی بۆ کڕیوە.

بەهۆی ئەوەی محەممەد زۆربەی کاتەکانی لەگەڵ کەسانی لەخۆی گەورەتر بەسەر بردووە، قسەکانیشی لە قسەی منداڵێکی 11 ساڵان گەورەتر دەچن. محەممەد دەیگووت "ئەگەر دایکوباوک و کەسم هەبێ، هیچم لە منداڵی دەوڵەمەند کەمتر نییە"، حەزی محەممەد ئێستا تەنیا پایسکلێکە "حەزم لە پایسکلێکە بۆم بکڕن، چونکە پایسکلەکەیان لێدزیم". هەروەها لە ئایندەش حەز دەکات ببێتە مامۆستا "بۆ ئەوەی خزمەتی منداڵانی کورد بکەم". بەڵام دیار لە ڕێگەی (ڕووداو)ەوە داوا لەحکومەت دەکات خانووێکیان بۆ دابین بکات "بۆ ئەوەی هەر ڕۆژەو لە ماڵێک نەبین".

ڕۆژانە محەممەدو مۆسیقاژەنەکە پێکەوەن، مۆسیقاژەنەکە بەردەوام هاوکاری محەممەد دەکات، بەڵام دەڵێت "چی بۆ بکەم ناتوانم بۆی ببم بە دایک"، بۆیە داوای سۆز بۆ محەممەد دەکات "ئەوانەی منداڵی هاوتەمەنی محەممەدیان هەیە، ئەگەر محەممەد وەک کوڕی خۆیان دابنێن و بۆی ببن بەدایک و باوک و برا، بەڵێن دەدەم خەرجییەکانی محەممەد بخەمە ئەستۆی خۆم و وەک کوڕە وەزیر بیژێنم". ئەو مۆسیقا ژەنە ئامادەیە ئەو حەزەی ئێستای محەممەد بێنێتە دی کە پایسکلێکە، بەڵام گوتی "دەترسم بکەوێتە ژێر ئۆتۆمبێلێک بۆیە بۆی ناکڕم".



دیار تەمەن 18 ساڵ



محەممەد تەمەن 11 ساڵ

### ئەگەر خێزانێکی محەممەد بەخێوبکات مەسرەفی دەکەم و وەک کوڕە وەزیر دەیژێنم

سەلیم ڕەشیدی مۆسیقاژەن



# "لەترسی پۆلیس ناوێرم بچمە دادگا"

ڕووداو-هەولێر

هونەرمەندێک بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر بەوە تۆمەتبار دەکات کە بە زۆر ژنەکەی پێ بە تەڵاقدان داوەو بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێریش تۆمەتەکەی ڕەتکردەوەو گوتی "ئەو هونەرمەندە تا ئێستا پێنج جار سکاڵای یاسایی لەلایەن ژنەکەیەوە لەسەر تۆمار کراوە".

هونەرمەندی گۆرانیبێژ ماجید محەممەد دۆسکی، دانیشتووی گەڕەکی کوردستانی شاری هەولێرەو ماوەی 10 ساڵە ژنی هێناوە ژنەکەی یاریدەدەری پزیشکییە. ماجید باوکی کچێکی 7ساڵانە، بەهۆی ئەوەی دوای لە ژنەکەی کردووە منداڵیان ببێ، بەڵام ژنەکەی ڕازی نەبووە کێشە کەوتووەتە نێوانیان. ئێستا ماجید شاری هەولێری جێهێشتووەو وەک تۆمەتباری هەڵاتوو لە دادگا داواکراوە.

ماجید وردەکاری کێشەی خۆی و خێزانەکەی بۆ (ڕووداو) گێڕایەوەو گوتی "داوام لە ژنەکەم کرد منداڵمان ببێ، بەڵام ژنەکەم ڕازی نەبوو، بە بیانووی ئەوەی نەشتەرگەری بۆ کراوەو بەرگەی منداڵبوون ناگرێ، بۆیە لە 2008/7/15 لێم زیزبووو چووەوە ماڵی باوکی".

دوای پێنج مانگ، خێزانی ماجید ئۆتۆمبێلێکی مۆدێل تازە دەکڕێ و ئێوارەی ڕۆژی 2008/12/21 ماجید بە ئۆتۆمبێل دوای خێزانەکەی دەکەوێ، ماجید لەو بارەیەوە دەڵێت "ئەو خێزانی من بوو، دەمویست بزانم ئەو ئۆتۆمبێلەی لە کوێ بووە"، بەڵام ژنەکەی هانا بۆ بنکەی پۆلیسی کوردستان دەبات، بە پۆلیسەکان دەڵێ ئەگەر نەمبەن بۆ لای بەڕێوەبەرەکەتان یان بەرپرسێکی باڵا لێرە خۆم دەسووتێنم، بۆیە پۆلیسەکان دەستبەجێ ماجید دەستگیر دەکەن و هەر بەو شەوە هەردووکیان دەبەن بۆ لای عەمید عەبدولخالق تەلعەت، بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر.

هەر ئەو شەوە ماجید دۆسکی، لەبەردەم بەڕێوەبەری پۆلیس بەڵێننامەیەک پڕ دەکاتەوە کە دەستبەرداری ژنەکەی دەبێ. دەقی بەڵێننامەکە، کە لەخوارەوە واژۆی ماجیدو بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێری لەسەرە، دەست (ڕووداو) کەوتووە تێیدا هاتووە "من کە ناوم لە خوارە هاتووە ئامادەم دەست هەڵگرم و، ئەو ئافرەتە بەناوی (س.خ) تەلاق بدەم و تەنازول بکەم لە هەموو مافەکانی کە دەمگرێتەوە، منداڵەکە لەلای دایکی بمێنێ بەپێی یاسا تاکو دەگاتە تەمەنی یاسایی خۆی، بۆیە لەخوارەوە ئیمزام کرد".

بەڵام ماجید ڕەتیکردەوە لە سەر خواستی خۆی ئەو بەڵێننامەیەی پڕکردبێتەوەو گوتی "بەڕێوەبەری پۆلیس پێیگوتم دەبێ ئەو بەڵێننامەیە پڕبکەیتەوە، ئەگەرنا زیندانیت دەکەین، بۆیە لە ترسان بەڵێننامەکەم پڕ کردەوە".

عەمید عەبدولخالق تەلعەت بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر، لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) قسەکانی ماجدی بە هەڵبەستراو داناو گوتی "دەیانەوێت لەکەسایەتیم بدەن، ئەگینا کێشەی ماجید لە دادگایە، لەوێ با چارەسەری بکات، کەسیش ڕێگەی لێ نەگرتووە بچێتە دادگا، هیچ پەیوەندی بە پۆلیسەوە نییە".

ڕۆژی 2009/2/15 دادگای نێوان ماجیدو ژنەکەی دەستی پێکرد، ماجد دەڵێت "فەرمانی گرتنی منیان دەرکردبوو، لەپێش دادگا دەستگیریان کردم و 23 ڕۆژ زیندانیان کردم، 13 ڕۆژ نەیانهێشت کەس سەردانم بکات. پاشان برایەکم بەناوی دۆسکی سەردانی کردم". دۆسکی لە لێدوانێکی بۆ (ڕووداو) گوتی "چەندین واستەی گەورەم کرد تا گەیشتمە لای، ئەفسەرێکی پۆلیسیشیان لەتەنیشتمان دانابوو، نەماندەتوانی قسە بکەین".

ماجید ڕۆژی 2009/3/8 بە کەفالەت ئازاد دەکرێ، بەڵام تا ئێستا دۆسیەکەی لە دادگا تەواو نەبووەو ئێستا شاری هەولێری جێهێشتووە "چوار مانگە ناوێرم بێمەوە هەولێر، لەترسی پۆلیس ناوێرم بچمە دادگا، ئەگینا بە بەڵگەوە بۆ دادگای ئاشکرا دەکەم چییان بەسەر هێناوم".

ماجید دۆسکی ئامادەیی خۆشی نیشاندا بچێتە بەردەم دادگا "بەڵام بە مەرجێک دۆسیەکەم لەدادگای هەولێرەوە بگوازنەوە بۆ دادگای دهۆک یان لێژنەیەکم بۆ پێکبێنن لەدادوەران". هەروەها گوتیشی "ئامادەم ژنەکەم تەڵاق بدەم".



# تەرمە بێ خاوەنەکان

ڕووداو-هەولێر

بەشێک لەو تەرمانەی کە ڕۆژانە دەبردرێنە پەیمانگەی پزیشکی دادوەری کوردستان، کەسوکاریان دیار نییە، دوای هێشتنەوەی بۆ ماوەی 6مانگ لەشوێنێکی تایبەت دەنێژرێن، ئێستا تەرمی چوار کەس لەو پەیمانگەیەن و خاوەنیان دیارنییە.

بەپێی ئەو ئامارەی دەست (ڕووداو) کەوتووە، لە ساڵی ڕابردوودا، 855تەرم بردراونەتە پەیمانگەی پزیشکی دادوەری کوردستان (509 نێر، 346 مێ)، هەر لەهەمان ساڵدا تەرمی 2 ژن و پیاوێک، لەبەر ئەوەی خاوەنیان نەبووە، لەلایەن تیمەکانی شارەوانییەوە نێژراون.

پەیمانگەی پزیشکی دادوەری کوردستان، 7ساڵە لەهەولێر کراوەتەوە کە لە هەر سێ شارەکەی کوردستانەوە، قوربانی کارەساتەکانی بۆ دێت. دکتۆر یاسین کەریم ئەمین بەڕێوەبەری پەیمانگەی پزیشکی دادوەری کوردستان، ئاماژەی بەوەدا ئەو تەرمانەی خاوەنیان نییە لەناو ساردکەرەوە دادەنرێن، بۆ ماوەی 6 مانگ هەڵدەگیرێن، ئەگەر کەسوکاریان نەبێت دەدرێنە شارەوانی تا بیاننێژێت "ئێستا چوار تەرم لێرەن، ژنێک و پیرەپیاوێک لەگەڵ ئەو دوو کەسەی لە دەریای ئیجە خنکابوون".

ڕۆژی 2009/2/20 لەگوندی سێوکانی سەر بەناحیەی بەستۆڕەی هەولێر، تەرمی ئافرەتێک دۆزرایەوە کە بەگوللە کوژرابوو. سەرچاوەیەک لە پزیشکی دادوەری کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند ئەو ژنە بەشەش گوللە کوژراوە، لە سینگ و سکی دراوەو دوای دوو کاژێر لەکوشتنەکەی گەیێنراوەتە لایان و، تەمەنی ژنەکە نزیکەی 23 ساڵ دەبێت، بەڵام ناسنامەی پێ نەبووە.

ملازم ژیان تەلعەت، جێگری بەڕێوەبەری بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بەئافرەتان لەهەولێر، ئاماژەی بە کوشتنی ئەو ژنەدا کە تا ئێستا کەسوکارەکەی دیار نییە، بەڵام "دوو کەس بە تۆمەتی کوشتنی دەستگیرکراون، کە لەکاتی کوشتنەکە لەشوێنەکە بینراون، بەڵام ئەوان ڕەتیدەکەنەوە کە پێوەندییان بەکوشتنەکەیەوە هەبێ یاخود ئاگادارین، دەڵێن هەر بەو شوێنەدا تێپەر بووینە".

دوو مانگ لەمەوبەر تەرمی دوو گەنج کە لەدەریای ئیجە خنکابوون، لە یۆنانەوە گەیێنرانەوە کوردستان، ئەوەش دوای ئەوە هات کە بنەماڵەیەکی خەڵکی هەولێر کوڕێکیان دوای چوونە ئەورووپا هەواڵی نەمابوو گوتبوویان لە ئیجە خنکاوە، بۆیە زۆریان لە قاچاخچییەکە کرد تەرمەکە بگەڕێنێتەوە، ئەویش ئەو دوو تەرمەی ناردبووەوە، هەرچەندە تەواوی دەموچاوی دوو گەنجەکە شێوابوو، بەڵام دوای پشکنین دەرکەوت کوڕەکەی ئەوان نییە. سەرچاوەیەکیش لە پزیشکی دادوەری ڕایگەیاند تەرمەکان تەواو شێواوبوون "دەم وچاویان دیار نەماوە، لاشەی یەکێکیان بەتەواوی ڕەشبووەتەوە".

وەک د.یاسین دەڵێت ئەگەر خاوەنی تەرمەکان نەبوو، هەرچی زانیاری سەبارەت بەو تەرمە هەیە، لە تەمەن و ڕەگەزو وێنەو ناو دیکۆمێنت دەکرێت و هەڵدەگیرێت، پاشان بەشێکیان کۆپی دەکرێت و لەگەڵ مردووەکە دەنێژرێت "10ساڵی دیکەش کەسوکاریان بێن زانیارییەکانی پێ نیشاندەدەین، ئەگەر خاوەنی بوو با لە گۆڕستان تەرمی خۆیان ببەنەوە".

فاروق محەممەد، لێپرسراوی گۆڕستان لە شارەوانی هەولێر، باسی لەوەکرد، لە کەسنەزان گۆڕستانێکی تایبەتیان بۆ ئەو تەرمانە دروستکردووە کە خاوەنیان نییەو 2 هەزار مەتریان بۆ دابینکردووە. فاروق دەڵێت هەر کاتێک پزیشکی دادوەری ئاگاداریان بکەنەوە لەتەرمێک بۆ شاردنەوە، بەپێی شەریعەتی ئیسلامی تەرمەکە دەنێژن.

بەپێی قسەی فاروق هەرچی زانیاری مردووەکە هەیە، لەناو شوشەیەک دەکرێت و لەپشت سەری تەرمەکە لەناو گۆڕەکە دادەنرێت، ئەگەر ناویشیان زانرا لەسەر کێلەکانیان دەنووسرێ، ئەگینا هەر بلۆکێک لەسەر گۆڕەکانیان دادەنرێت. فاروق ئاماژەی بەوەشدا کە زۆر کەس هەبووە هاتووە تەرمەکەی بردووەتەوە "لەم چەند ڕۆژە پیاوێک کە خەڵکی کەلەک بوو، تەرمی کەسێکی خۆی بردەوە".



مەریوان نەقشبەندی

## (زەواج بەنیازی تەڵاقدان)ی موسڵمانان و فەزیحەی قەشە سەرۆکەکە

دیاردەی زەواجی پیاوانی سعودیە لەکچانی ئەندەنووسیا بەجۆرێک لە زیادبووندایە پێشبینی دەکرێت دوای 20 ساڵی دیکە 80%ی دانیشتوانی سعودیە ڕەنگ و ڕەگەزی ئەندەنووسیا بگرن.

ڕۆژنامەکانی سعودیە هەینی ڕابردوو بڵاویانکردەوە کەوا ئێستا سعودییەکان فێربوون دەچن ماوەیەک لە ئەندەنوسیا دەمێننەوە و لەوماوەیەدا کچێکی ئەندەنوسی لەسەر بنەمای (زەواج بەنیازی تەڵاقدان)مارە دەکەن و مارەکردنەکەش لەناو باڵیۆزخانەی سعودیە لەئەندەنوسیا ئەنجامدەدرێت، زۆرجاریش شایەت و مەلا و وەلی ئەمری کچەکە هەموویان خەڵکی وەهمین و تەنیا بۆ خەڵەتاندنی باڵیۆزخانەی ناوبراو کۆدەکرێنەوە، لەسەرەتادا بڕێک پارە دەدەنە کچەکە دەدەن و لەسەر موئەخەریش ڕێکدەکەون. دوای چەند ڕۆژێک یان چەند هەفتەیەک پیاوە سعودیە دەوڵەمەندەکان دەچنە باڵیۆزخانەی خۆیان و موئەخەرەی زەواجەکە تەسلیمدەکەن و تەڵاقنامەیەک بۆ ژنە ئەندەنوسیەکەیان بەجێدەهێڵن و بەرەو وڵاتی خۆیان یان بەرەو وڵاتێکی دیکە دەچن . یاساکانی ئەندەنوسیاش کە گەورەترین دەوڵەتی ئیسلامییە لەم پرۆسەیەدا ناتوانێت بەرگریەکی ئەوتۆ لە کچەکانی وڵاتەکەی بکات، چونکە لە ئەندەنوسیا وەک زۆربەی دەوڵەتە ئیسلامییەکان تەڵاق لەدەستی پیاودایە و زۆرجار تەڵاقدانی ژنان بە مەسج یان بە ئیمێل یان بەتەلەفونێک ئەنجامدەدرێت. ئەم مۆدێلە نوێیەی زەواج لە ئەندەنوسیا هیچ پەیوەندی بە خواستی زەواج یان خۆشەویستی یان ئاینەوە نییە، بەڵکو ئەنجامی جیاوازی زۆری ژیان و ئاستی گوزەران و هەژار و دەوڵەمەندییە لەجیهاندا، لە زۆربەی وڵاتانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و بەنگلادیش و هندستان و پاکستانیش ئەم جۆرە هاوسەرگیریە هەیە و بەردەوام لەپەرەسەندندایە. بەداخەوە هەندێ لە کەسایەتییە ئیسلامی و موفتیەکان لە جیهانی ئیسلامی و بەتایبەتیش وڵاتانی کەنداو، شەرعیەتی ئاینی بەم جۆرە هاوسەرگیریە دەدەن، بەبێ ئەوەی بیر لەدەرەنجامەکانی بکرێتەوە کە زۆرجار دەبێتە هۆی دروستبوونی کێشەی کۆمەڵایەتی و ئابووری لەلای کچەکە و ئەگەر ئەو جۆرە هاوسەرگیریەش بووە هۆی دروستبوونی منداڵ ئەوا کارەساتەکە گەورەتر دەبێت، بەڵام یاسا کاڵفامەکان ناپارێزێت.

ئەم جۆرە هاوسەرگیریانە جۆرێکە لەگەندەڵی ئەخلاقی کە دەچێتە سەر گەندەڵی ئیداری و سیاسی و دارایی کە زۆربەی هەرەزۆری وڵاتانی ئیسلامی و کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکانی تەنیوە، هیچیشی لەو فەزیحەیەی سەرۆکی ئێستای پاراگوای کەمتر نییە کە پێشتر قەشە بووە لە کڵێسەیەکی کاسۆلیکی وڵاتەکەی و لەئەنجامی پەیوەندی سێکسی لەگەڵ کچێکدا منداڵێکی ناشەرعییان بووە، لەکاتێکدا بەپێی مەزهەبی کاسۆلیکی مەسیحی نابێ قەشەکانیان هیچ پەیوەندییەکی سێکسیان هەبێت، بەڵام سەرۆکی ئەم وڵاتە لەکاتێکدا کە قەشەبووە ئەم یاسا ئاینییەی شکاندووە و ئێستا دوای ئەوەی خۆی دانی بەو ڕووداوە داناوە، ئۆپۆزسیۆنی وڵات داوای دەست لەکارکێشانەوە و هەندێک لەکاسۆلیک مەزهەبەکانی وڵاتەکەش داوای کوشتنی دەکەن. دیارە ئەمە یەکەم جار نییە کە لەنێو مەسیحیەکاندا ئەم جۆرە فەزیحانە ئاشکرا دەبن، بەڵام جیاوازیەکە لەوەدایە کە لەجیهانی مەسیحیدا شەرعیەتی ئاینی ئەم جۆرە کارانە بەمەسیحیە دەوڵەمەند و دەسەڵاتدارەکان نادرێت.

naqshbandy@gmail.com

# لە لووتکەوە بەرەو زیندان



کچە عەرەبێکی مەغریبییە

**ڕووداو-ئەڵمانیا**

هەفتەی ڕابردوو ئەڵمانیا بە هەواڵی گرتنی ئەندامی گرووپی میوزیکی پۆپ (No Angels نۆ ئەنگلس)، نادیە بن عیسا تووشی شۆک بوو. نادیە چەند ساڵێکە گیرۆدەی نەخۆشیی ئایدز بووەو، بە ئەنقەست 3 پیاوی تووشی ئەم نەخۆشییە کرد.

نادیەی 26 ساڵی، دووشەممەی ڕابردوو لە شاری فرانکفۆرت، بەر لە دەست پێکردنی کۆنسێرتێک لە هۆڵێکی دیسکۆدا گیرا.

داواکاری گشتیی شاری دارمشتاد کە بڕیاری دەسگیرکردنی نادیە بن عیسای دا، ئیدیعا دەکات، کە ئەو گۆرانیبێژە گەنجە هەرچەندە دەیزانی نەخۆشیی ئایدزی هەیە، کەچی لە نێوان ساڵانی 2004 و 2006دا بە زانینەوە و، بە بێ ئەوەی ئەو 3 کەسە لە نەخۆشییەکەی خۆی ئاگادار بکاتەوە و ڕێو شوێنێک بۆ توشنەبوونیان بگرێتە بەر، سێکسی لەگەڵ کردوون، ئەمەش بووەتە هۆی تووشبوونیان بە ڤایرۆسی HİV .

بە گوێرەی بەڵگەکانی دادگا، ئەو گۆرانیبێژە بە ئەنقەست برادەرە پیاوەکانی خۆی لە نەخۆشییەکەی خۆی ئاگادار نەکردوونەتەوە و، لەو 3 کەسەش بە مسۆگەری یەکێکیان تووشی نەخۆشیی ئایدز بووە.

لەبەر ئەوەی مەترسی هەیە کە نادیە بن عیسا نەخۆشییەکەی تووشی هەندێک کەسی دیکەش بکات، لەلایەن دادگاوە بڕیاری گرتنی دراوە.

داواکاری گشتی داوا دەکات، نادیە بە 6 مانگ تا 10 ساڵ زیندان سزابدرێت.

نێوبانگی گرووپی نۆ ئانگلس کە نادیە بن عیسا ئەندامیەتی، لە ساڵی 2000دا بڵاوبووەوە. ئەوکات ئەو گرووپە لە پێشبڕکێی پۆپستاردا سەرکەوتنی بەدەستهێنا و لە هەموو ئەڵمانیادا ناسرا. هەموو ئەندامانی گرووپەکە ژنن. زۆر گۆرانی ئەو گرووپە لە لیستەکاندا گەیشتنە پلەی یەکەم. 5ملیۆن دانە لە ئەلبوومەکەیان فرۆشراوە. ئەو گرووپە، لە ساڵی 2003دا هەڵوەشایەوە. ئەوکات پێنج کەس بوون. لە ساڵی 2007دا چوار ئەندامی گرووپەکە دیسان گەیشتنەوە یەک و گرووپەکەیان زیندوو کردەوە. گرووپی نۆ ئانگلس لە ساڵی 2008دا بە ناوی ئەڵمانیاوە بەشداریی لە پێشبڕکێی میوزیکی ئەورووپا، ئۆرۆڤزیۆن 3 دا کرد.

نادیە بن عیسا کە ئێستا گیراوە، خاوەنی کچێکی 9 ساڵانە. نادیە لە تەمەنی 17 ساڵیدا بووە دایک و ناوی کچەکەشی لەیلایە.

ئەو لە مانگی شوباتدا لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەی (بیلد) سەرنجەکانی بەلای خۆیدا ڕاکێشان کاتێک گوتی: 200 هەزار یۆرۆ قەرزدارە.

باوکی نادیە، محەمەد بن عیسا عەرەبێکی خەڵکی فاسە و دایکیشی نیوە ئەڵمان و نیوە سربە. نادیە دووەمین منداڵی خێزانەکەیەتی. نادیە جگە لە سترانبێژی لە سینەماشدا کاری کردووە. لە ساڵی 2004دا لە فیلمی (یەک لە هەزاردا) ڕۆڵی پاڵەوانی دووەمی نواندووە. هەروەها بەشداری لە ریکلامی کۆمپانیای نێودار Nikeدا کردووە.

تا ئێستا دوو ئەلبوومی بە تەنیا بە ناوەکانی ( Es ist Liebe ئەڤین ئەوەیە و İch Mag Dich کەیفم بە تۆ دێ) و چوار ئەلبوومیشی لەگەڵ گرووپەکەدا بڵاو کردوونەتەوە.



نادیە بن عیسا بە تۆمەتی تووشکردنی برادەرە پیاوەکانی بە ئایدز خرایە زیندانەوە

# ژنانی ئەفغان بەرامبەر گوشارەکان خۆیان دەکوژن



**ڕووداو-هۆڵەندا**

هەفتەی ڕابردوو ژنانی ئەفغان لە کابول، دژی پرۆژە یاسایەکی پەرلەمان ڕێپێوانێکی ناڕەزایی دەربڕینیان ئەنجامدا. لەو پرۆژە یاسایەدا،دەستدرێژیەکانی مێرد بۆ سەر ژنەکەی وەک شتێکی ئاسایی دانرابوو.

ژنان کە بە لافیتە و دروشم ئەو یاسایەیان پرۆتستۆ کرد، لەنێو شەقامیشدا بەرەو ڕووی هێرشی پیاوان بوونەوە. ئەو پیاوانەی کە بە بەرد هێرشیان کردە سەر ژنانی خۆپیشاندەر دەیانگوت :"مردن بۆ کۆیلەی مەسیحییەکان!"، لەو هێرشەدا چەندین ژن بریندار بوون.

بە گوێرەی یاساکە پیاو بە بێ ڕەزامەندیی ژن دەتوانێ لەگەڵ ژن دا جووت ببێ، ژنیش جگە لە کاتی بوونی مەترسی مردن، بۆی نییە بە بێ ڕەزامەندیی مێردی لە ماڵ دەربچێت .

ژنانی خۆپیشاندەر ئەو یاسایەیان وەک"یاسای کۆیلایەتی" ناوزەد کرد و لە دژی یاساکە هەڵوێست دەنوێنن. سەرۆکی ئەفغانستان حەمید کارازای، یاساکەی ئیمزا کرد. بەڵام لەبەر ڕەخنەی دەزگا نێودەوڵەتییەکان، تا ئێستا ئەو یاسایە پیادە نەکراوە.

ئەو ڕووداوە جارێکیتر ڕەوشی ژنانی ئەفغانی خستە ڕۆژەڤەوە. لە ئەفغانستاندا گوشارەکانی سەر ژنان بەردەوامن. حکوومەت بێ ئەوەی هیچ هەوڵدانێک بۆ وەستانەوە بەرامبەر چەوساندنەوەی ژنان بگرێتە بەر، ئامادەکاری دەکات وەزارەتی فەزیلەت سەر لەنوێ دروستبکاتەوە، کە لە کاتی دەسەڵاتی ڕژێمی تالیباندا هاتبووە دامەزراندن . ژنانی ئەفغانیش ئەو گوشارەی لەسەریانە، بە سووتاندنی خۆیان، شەرمەزار دەکەن.

**ئەفغانستان بەرەو دواوە هەنگاو دەهاوێژێت**

وتەبێژی سەرۆکی ئەفغانستان هەفتەی ڕابردوو ڕایگەیاند، وەک سەردەمی تالیبان ئەوانیش وەزارەتی فەزیلەت دادەمەزرێننەوە. ئەو وەزارەتە یەکێکبوو لە هێماکانی ڕژێمە توندڕەوە ئیسلامییەکە.

وتەبێژی حکوومەت هەرچەندە دەڵێ، ئەو وەزارەتەی ئەوان دایدەمەزرێنن لە وەزارەتی سەردەمی تالیبان جیاواز دەبێت و، پەیوەندیی بە کاروباری ڕەوشت و ئایین و کۆمەڵگەوە دەبێت، بەڵام داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ و ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ ، کە بەرامبەر پێشکەوتنەکانی ئەو وڵاتە بە گومانن، دەڵێن ئەو وەزارەتە مەترسییەکی گەورە دەبێت بۆ سەر مافی ژنان.

لەلایەکی دیکەوە ڕەوشی مافی ژنان هەر لە ئێستاوە بەبێ ئەوەی وەزارەتی فەزیلەتیش هەبێت، زۆر خەمناکە. نموونە: لە باشووری ئەفغانستان لە شاری قەندەهار، کە بە قەڵای تالیبان ناسراوە، هەرچەندە چەندین ساڵە ڕژێمی تالیبان ڕووخاوە و شارەکەش پتر گەلی پشتۆنی تێدا دەژین، هەتا ئێستا زۆر دواکەتووە. سوپای هێزە نێودەوڵەتییەکان ناچنە نێو ئەو شارەوە، کەم جاریش شاندی ڕێکخراوە مەدەنییەکان ڕێی خۆیان بەو لایەی ئەفغانستان دەخەن.

زیاتربوونی توندوتیژی سیاسی، گرفتە سەرەکییەکەی کۆمەڵگەی ئەفغان پشتگوێ دەخات. ئەمانەش دەبنە گوشار بۆ سەر ژن و کچانی ئەفغان. ئەو گوشارە هێندە توند بووە، بە تایبەتی لە قەندەهار، زۆر کچ و ژن لە ژێر ئەو گوشارانەدا ناچار خۆیان دەسووتێنن.

لێدان، کوشتن، بەمێردانی بە زۆر، بازرگانیکردن بە کچان، کوشتن لەسەر شەرەف،کچدان بۆ ئاشتیی نێوان خێڵەکان، ئاشتبوونەوەی خوێنداری بە لەجیاتیدانی کچان. ئەمانە چەند جۆرە گوشارێکن لەسەر ژنانی ئەفغان. بە تایبەتی لە باشووری ئەفغانستاندا، ژنان بەپێی نەریتە کۆنە خێڵەکییەکان دەچەوسێندرێنەوەو،



خاوەن هیچ مافێک نین.

**کەس هاواری ژنان نابیستێ**

جگە لە هێزە سەربازییە تایبەتەکانی ئەمریکا کە بە دوای ئوسامە بن لادندا دەگەڕێن، کەس پێی خۆی لەسەر خاکی ئەو هەرێمەی ئەفغانستان دانەناوە. لە برۆکسلەوە تا نیویۆرک، تەنانەت ئەو دیپلۆماتانەی باسی مافی ژنانیش دەکەن، سەردانی قەندەهار ناکەن. نە حکوومەتی کابول و نە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، دەست لە کاری خێڵەکان وەرنادەن.

لیژنەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە ئەفغانستان، یەکێکە لە ڕێکخراوە بوێرەکانی ئەو وڵاتە، کە لەبارەی پێشلکارییەکانی مافی ژنانیشەوە کار دەکات. بریکاری سەرۆکی لیژنەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە قەندەهار عەفیفە مەعرووف کاتێک باسی ئازاری ژنان دەکات،زۆر خەمبار دەبێت.

ئەو دەڵێ هەفتانە زۆر ژنی سووتاو دێنە نەخۆشخانەی (مرواس)ی شارەکەوە. عەفیفە دەڵێ"لە هەفتەیەکدا چوار هەوڵی خۆکوشتن هەبوون. ژن خۆیان سووتاند بوو، یەکێکیش بە کلاشینکۆف گوللەی لە خۆی دابوو".

بە قسەی عەفیفە لەبەر مەسەلەی نامووس و نەریت، ئەندامانی خێزانەکەش لەشەرمان باسی ئەو زوڵمە ناکەن. بە بۆچوونی ئەو، ئەو ژنانەی کە هەوڵدەدەن خۆیان بکوژن، زیاتر ئەوانەن کە بە زۆر بەمێرد دەدرێن.

ئەو ڕووداوانەی کە دەگەنە ئەوان سەبارەت بە ڕاستیی ڕەوشی ژنان، تەنیا چەند بەشێکی بچووکی ڕەوشەکەن . بە بۆچوونی ئەو هۆکاری ئەم شتەش پیاوسالاری و سەردەستیی پیاوانە :"ژن و مێرد لە یەک ئاستدا نین، لەبەر ئەوە پیاو، ژن دەپلیشێنێتەوە. ئەمە نەریت و کولتوورە. پیاو چەوساندنەوەی ژن بە مافێکی خۆی دەزانێ".

**گۆڕینی کۆمەڵگە کاتی دەوێت**

داکۆکیکاری مافی مرۆڤ عەفیفە مەعرووف چاوەڕوان نییە ئەم ڕەوشە لە ماوەیەکی نزیکدا بگۆڕێ. تەنیا ڕێی گۆڕینی کۆمەڵگە پەروەردە و پێشڤەچوونی ڕۆشنبیرییە. ڕێکخراوەکەی ئەوانیش بۆ ئەو ئامانجە، گرووپی کاری دامەزراندووە و سیمینار ڕێکدەکات. بەم جۆرە دەیانەوێ سەرنج بە لای کێشەکانی ژناندا ڕابکێشن.

لە سەردەمی تالیباندا کارکردنی ژنانیش قەدەخە بوو. بەڵام لە پاش ڕووخانی ئەو ڕژێمە ژنانی شاری ئەوانەی خوێندنیان تەواو کردووە، دەتوانن بچنە زانکۆ یان کار بکەن. بەڵام ڕەوش لە گوند و ناوچە خێڵەکییەکاندا پێچەوانەیە.

بە گوێرەی ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و بە تایبەتی لە هەرێمی پشتۆندا، گرفتی گەورە لە ئارادان. لەو دەزگایانەدا ساڵانە سەدان ژن لەبەر گوشار و چەوساندنەوە کۆتایی بە ژیانی خۆیان دێنن.

بە گوێرەی داواکاری گشتی و داکۆکیکاری مافی ژنان ماریا بەشیر، ئەو ژنانەی خۆیان دەکوژن زیاتر ئەوانەن کە مافی خۆیان دەناسن و بە مەبەستی پرۆتستۆکردنی برا، باوک یان مێردەکانیان، خۆیان دەکوژن. بە بۆچوونی ماریا توندوتیژی و جیاکاری دژ بە ئەوان، دەماری ژنان جووت دەکات و ئەوانیش بە خۆکوشتن هەڵوێستی خۆیان پیشاندەدەن. ئەو داکۆکیکارە هێراتییەی مافی مرۆڤ دەڵێ، حکوومەتی ئەفغانستان بۆ پاراستنی مافی ژنان کارێکی کەم دەکات. بە قسەی ئەو بەشوودانی کچانی خوار تەمەنی 18 ساڵی، ئیدی بووەتە شتێکی ئاسایی، هەروەها زۆر پیاو بۆ سزادان پرچی ژنەکانیان دەبڕن یان بزمار لە پەنجەی ژنەکانیان دەکوتن.



# لە وڵاتانی عەرەب سەتەلایت قەدەخە دەکرێت

**ڕووداو-ئەڵمانیا**

وڵاتانی عەرەبی لە مانگی ڕابردوودا پەیماننامەیەکیان لە میسر دژی کەناڵە تەلەڤزیۆنییە عەرەبییەکان مۆر کرد. بە گوێرەی ئەو پەیماننامەیە، ئەو کەناڵانەی" تاوان لە دژی ڕەمزە ئایینی و نەتەوەییەکان یان لە دژی سەرۆکانی عەرەب دەکەن"، قەدەخە دەکرێن.

لە لایەکی دیکەوە لە عەرەبستانی سعوودیە، سەدان کەسی کۆنەپارێز بۆ ئەوەی لە شوێنانی کراوەدا نیشاندانی فیلم قەدەخە بکرێ، داوایەکیان پێشکێشی بەرپرسان کرد.

لەم ساڵانەی دواییدا لە عەرەبستانی سعوودیە، لە دوو شوێنی کراوەدا چەند جارێک فیلم پیشاندرابوون.

لە داخوازنامەی ئەو کۆنەپارێزانەدا هاتووە، کە سینەما عەقڵی مرۆڤ پڕی خراپە دەکات و ڕیشی پیاویش پیس دەکات.

لە عەرەبستانی سعوودیە چەند ساڵێکە ساڵۆنی سینەما نەماون، هەروەک دیارە لە ماوەیەکی نزیکیشدا ناکرێنەوە.

ساڵی ڕابردوو فیلمێکی سعودی کە لە شاری جدە لە چەند هۆڵێکی سینەما پیشاندرابوو، سەرنجی ئیسلامیانی کۆنەپارێزی ڕاکێشا بوو، لە دژی ئەو فیلمە کەوتنە جووڵە. هەرچەندە فیلمەکە لەلایەن کۆمپانیای ڕۆتاناوە بەرهەمهێنرابوو، خاوەنی ئەو کۆمپانیایەش وەلید بن تەلاڵە کە میرێکی دەوڵەمەندی سعوودیەیە.

کۆمپانیای ڕۆتانا لە چەند وڵاتێکی عەرەبیدا خاوەنی کەناڵی تەلەفزیۆنییە. هەروەها کۆمپانیایەکی میوزیکی ڕۆتاناش هەیە، کە زۆر لە ئەستێرە گۆرانیبێژە عەرەبەکان گرێبەستیان لەگەڵ ئەو کۆمپانیایە هەیە. لەم کۆمپانیایەی میوزیکدا لەماوەی دوو ڕۆژدا کلیپێکی نوێ بڵاو دەکرێتەوە، کە هەندێک لەو کلیپانە بودجەی هەزاران دۆلارییان لێ خەرجدەکرێت.

کارەکانی کۆمپانیای ڕۆتانا لە سعوودیەدا، دەبێتە مایەی وورووژاندنی تووڕەیی ئیسلامییە توندڕەوەکان. یوسف ئەحمەد پرۆفسیۆری شەریعەتی ئیسلامی لە زانکۆی دەمام، لە مانگی ڕابردوودا لێدوانێکی توندی دا دەربارەی ڕۆتانا و خاوەنەکەی وەلید بن تەلاڵ.

ئەو پرۆفیسۆرە گوتی، لە کەناڵەکانی ڕۆتانادا کلیپ و فیلمی ژنانی بێ سەرپۆش و نیمچە ڕووت پیشاندەدرێن، بەم جۆرە بێ ناموسی بڵاو دەکرێتەوە. ئەو پرۆفیسۆرە گوتی:" کەسانی وەک وەلید دەبێ لە سێدارە بدرێن. ئەو جۆرە کەسانە هێندەی فرۆشیارانی ماددە بێهۆشکەرەکان مەترسیدارن".

لەبەر ئەوەی ئەو لێدوانە کەسێکی لە بنەماڵەی پاشایەتیی سعوودی کردبووە ئامانج، بە شێوەیەکی سەیر تەماشا کرا. دەگوترێ بنەماڵەی پاشایەتی لە پشت ئەو لێدوانەوەن، چونکە ئەوانیش لە کارەکانی وەلید بن تەلاڵ ناڕەحەتن.

لە لایەکی دیکەوە ماوەیەکی زۆرە پەخشی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن، هەروەها دەزگا تەکنەلۆژیەکانی دیکەی ڕاگەیاندن کاردانەوەی حکوومەتی سعوودیەیان بەرامبەر هەیە.

هەتا ماوەیەکی بەر لە ئێستا ئەو مۆبایلانەی وێنەی فۆتۆگراف و ڤیدیۆ دەگرن، هەڵگرانی بە شێوەیەکی توند شەرمەزاردەکران، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە شێوەیەکی گشتی هەر بەکار دەهێندران.



ملیاردێری سعودی ولید بن تەلاڵ خاوەنی کەناڵەکانی ڕۆتانا

**تەلەڤزیۆنەکانی عەرەبیش بوونە ئامانج**

لەم ماوانەی دواییدا حکوومەتەکانی عەرەب لە لووتکەی وڵاتانی عەرەبدا دژی کەناڵە سەتەلایتەکانی عەرەب، کە بە گوتەی ئەوان"تاوان لە دژی ڕەمزە ئایینی و نەتەوەیی، یانیش دژ بە سەرۆکەکانی عەرەب دەکەن"، پەیماننامەیەکیان گەڵاڵە کرد.

لە ئەنجامدا لەسەر خواستی میسر و سعوودیە، دەربارەی ئەم بابەتە کۆبوونەوەیەکی تایبەت سازکرا. ئەو پەیماننامەیە ئەو کەناڵانەی"لە دژی ئەو چەمکانە تاوان دەکەن"، ئاستەنگ دەخاتە بەردەم پەخشیان لە وڵاتانی عەرەبیدا.

یەکێک لەو وڵاتانەی ئەو پەیماننامەیەی مۆر نەکرد قەتەر بوو. قەتەر خاوەنی کەناڵی (الجزیرە)یە، کە بە زمانی زمانی عەرەبی و ئینگلیزی پەخشی لە هەموو شوێنێکی جیهان هەیە.

ئەو کەناڵانەی لەلایەن سەرمایەدارانەوە دەکرێنەوە، زیاتر ڕەخنە لە دەوڵەت و حکوومەتە عەرەبییەکان دەگرن و، لە بەرنامەی خۆیاندا بوار بە ڕای بەرامبەر و دژ بەو ڕژێمانە دەدەن.

بە بۆچوونی پسپۆران پەخشی کەناڵەکانی تایبەت زۆر لە کەناڵەکانی سەر بە دەوڵەت لیبراڵترن و دەبنە هۆی گفتوگۆی فراوان دژی ڕژێمە کۆنەپەرستەکانی عەرەب. هەر لەبەر ئەوەشە ڕێوشوێنی توندیان بەرامبەر دەگیرێتە بەر.

پەیماننامەی دژ بە کەناڵە تایبەتییەکانی عەرەبی لەلایەن وەزیرانی ڕاگەیاندنی، وڵاتانی عەرەبییەوە ئیمزا کرا. بڕیاری ئیمزا کردنی ئەو پەیماننامەیەش لە لووتکەی کۆمکاری وڵاتانی عەرەبدا درابوو.

لە نێوەرۆکی پەیماننامەکەدا بانگەواز بۆ کەناڵەکانی تەلەڤزیۆنیش کراوەو دەڵێ :"دەبێ هیچ تاوانێکی دژ بە سەرۆکەکانی عەرەب، دژ بە ڕەمزە ئایینی و نەتەوەییەکان نەکرێت". هەروەها هەوڵدەدرێت کە ئەو کەناڵانە" لە پەخشی خۆیاندا بایەخ بە ئاهەنگی کۆمەڵایەتی، یەکێتیی نەتەوەیی، سیستەمی گشتی و بەها کەلتوورییەکان بدەن".

بە گوێرەی ئەو پەیماننامەیە، وڵاتانی خاوەن ئیمزا دەتوانن مۆڵەت و مافی پەخشی ئەو کەناڵانەی کە ئەو ڕێڕەوە پێشێلدەکەن، بەتاڵ بکەنەوە.

لە لایەکی دیکەوە زۆر کەناڵی سێکسیش بە زمانی عەرەبی و لەسەر سەتەلایتی عەرەبی بەرنامەکانیان پەخش دەکەن، ئەوەش بەرپرسانی عەرەبی زۆر ناڕەحەت کردووە. مۆڵەتی ئەو کەناڵانەش هەر لەلایەن ئەو دەوڵەتانەوە دەدرێت.



# دوو فڕۆکەکەی نەریمان بۆ فڕین چاوەڕێی فەرەنسان

**رەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو-هەولێر**

نەریمان لە مانگی ئابی 2006 دەستی بەدروستکردنی فڕۆکەکەی کردو لە ئاداری 2008 سەرجەم کارەکانی تەواوکرد، بەڵام بەهۆی نەگەیشتنی بزوێنەرەکەی، فڕۆکەکە نەفڕی. ئێستا نەریمان دەستیکردووە بەدروستکردنی فڕۆکەی دووەم، ئەو دەڵێت "ئەگەر رێگە بدەن بزوێنەرم بۆ بێت، تەنیا 40 کاژێر کارکردنم پێویستە بۆ ئەوەی فڕۆکەی دووەمیشم بفڕێت".

ئەو فڕۆکەیەی کە نەریمان 935 رۆژ خەریکی بووە، توانای هەیە 12 هەزار پێ (4 کیلۆمەتر) لە زەوی بەرز بێتەوە، خێراییەکەی 180 کیلۆمەترە لە کاژێرێکدا، هەروەها توانای هەڵگرتنی 2 کەس و 40 کیلۆ کەلوپەلی هەیە.

هەرچی فڕۆکەی دووەمە کە ئێستا لەژێر دروستکردندایە، لەرووی دیزاینەوە جیاوازە لە فڕۆکەی یەکەم، هەروەها خێراییەکەی لە کاژێرێکدا 40-60 کیلۆمەترە و توانای هەڵگرتنی 4 کەسی هەیە، هەروەها توانای هەیە لە بەرزی یەک مەتر بفڕێت و لە هەموو شوێنێکیش بنیشێتەوە.

نەریمان ئەحمەد، کوڕە گەنجێکی هەولێرییە، تا پۆلی سێیەمی ناوەندی خوێندووەو زمانی ئینگلیزی زۆربەباشی دەزانێت، بەهۆی بەشداریکردنی لە دوو خولی فێربوونی زمانی ئینگلیزی. نەریمان لە تەمەنی 8 ساڵییەوە لەگەڵ باوکی لەناوچەی پیشەسازی باکوور خەریکی چاککردنەوەی ئۆتۆمبێلە، بەڵام هەمیشە هیواخوازبووە رۆژێک ببێتە فڕۆکەوان، ئەو هەموو هەوڵێکی خۆی داوەو تا ئێستا فڕۆکەیەکی دروستکردووەو یەکێکی دیکەشی لەژێر دەستدایە، تەنیا پێویستی بە هاوکاری و ئاسانکارییە بۆ گەیشتنی بزوێنەری فڕۆکەکان لەوڵاتی فەرەنساوە، بە گەیشتنی بزوێنەرەکان رەنگە نەریمان ببێتە یەکەم فڕۆکەوانی کورد و بە یەکەم فڕۆکەی کوردی بەئاسمانی کوردستاندا بسوڕێتەوە.

نەریمان، یەکێکبوو لەو گەنجانەی لەساڵی 2007 لەلایەن وەزارەتی وەرزش و لاوان وەک لاوی ساڵ لەبواری داهێنان دا خەڵاتکرا. ئەو هەرچەندە رەشبینە لە گەیشتنی بزوێنەری فڕۆکەکان، بەڵام هەرخۆیشی دڵنەوایی خۆی دەدایەوە، کە نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر سەردانی کردووەو بەڵێنی پێداوە بەهەموو شێوەیەک هاوکاری بکات، بەتایبەتیش لە هێنانی بزوێنەرەکان.

وێڕای نەفڕینی فڕۆکەی یەکەم، نەریمان بەبێ ئەوەی لە کارەکەی سارد ببێتەوە زۆر بە تامەزرۆییەوە دەستیکردووە بەدروستکردنی فڕۆکەیەکی دیکە، کە تا رادەیەک دیزاینەکەی لە فڕۆکەی یەکەم جیاوازە، نەریمان دەڵێ "ئەوەی یەکەم هیچ دەرگای نەبوو، تەنیا لە سەرەوە دەروازەیەکی هەبوو، بەڵام ئەمەیان دوو دەرگای هەیە، دیزاینەکەشی هی کۆمپانیای کۆرڤایەری ئەمریکییە". نەریمان ئەوەشی بە (رووداو) راگەیاند کە "لەمانگی تەمموزی ئەمساڵ، شاندێکی ئەڵمانی پسپۆر لە بواری فڕۆکەوانی دێنە کوردستان بۆ تاقیکردنەوی ئەو فڕۆکەیەم".

نەریمان دەڵێت مۆڵەتی دروستکردنی فڕۆکەکەی لە حکومەتی ئەمریکا وەرگرتووەو لەو باوەڕەش دانییە حکومەتی عێراق کێشەی بۆ دروستبکات "ئەوان ئاگادارن فڕۆکە دروستدەکەم، بەڵام تا ئێستا هیچیان نەگوتووەو لەو باوەڕەدانیم کێشەم بۆ دروستبکەن، چونکە مۆڵەتم لەحکومەتی ئەمریکا وەرگرتووە".

رەنگە فڕۆکەکانی نەریمان پێویستیان بە پەڕەشووت نەبێ، چونکە وەک ئەو دەڵێت "فڕۆکەکان بە جۆرێک دروستکراون، ئەگەر بزوێنەرەکەشیان بوەستێت توانای نیشتنەوەیان هەیە، بۆیە لە زۆربەی وڵاتان ئەو فڕۆکانە پەڕەشووتیان ناوێت".

نەریمان هەرچەندە ئامادە نەبوو تێچووی فڕۆکەی یەکەمی ئاشکرا بکات، بەڵام گوتی "پارەیەکی خەیاڵی تێچووەو کەسیش هاوکاری نەکردووم، تەنیا پارێزگاری هەولێر بەڵێنی پێداوم بزوێنەری فڕۆکەکەم لە دەرەوە بۆ بێنێت"، هەروەها ئاماژەی بەوەشدا کە ئەو فڕۆکانەی ئەو دروستیان دەکات دەتوانرێ لەبواری کشتوکاڵی و کاروباری پۆلیس سوودیان لێوەربگیرێت.

هەرچەندە حکومەتی هەرێمی کوردستان چەند فڕۆکەیەکی بۆ مەبەستی کاری کشتوکاڵ کڕیوە، بەڵام نەریمان دەڵێت "دەتوانم فڕۆکەی زۆر باشترو بەهێزتر لەفڕۆکەکانی ئەوان دروستبکەم، چونکە ئەو فڕۆکانە ئەگەر خێرایی با لە 50-60 کیلۆمەتر زیاتر بێت توانای نیشتنەوەیان نییە".

خەونی گەورەی نەریمان، دامەزراندنی کارگەیەکی گەورەی دروستکردنی فڕۆکەیە، ئێستاش مۆڵەتی کارگەکەی لە وەزارەتی پیشەسازی وەرگرتووەو هەروەها پارچە زەوییەکیشی بۆ کارگەکە وەرگرتووەو خەریکی دروستکردنی بیناکەیەتی، نەریمان گوتی "دەمەوێ گەنجان فێری دروستکردنی فڕۆکە بکەم و بۆ جیهانی بسەلمێنین کە کوردیش داهێنەرە".

دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی دروستکردنی ئەو دوو فڕۆکەیە، خەڵک بەردەوام پەیوەندی پێوە دەکەن و پرسیاری کاتی فڕینی فڕۆکەکانی لێدەکەن"یەک هەزار هاووڵاتی کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان بڕیاریانداوە لە رۆژی فڕینی فڕۆکەکە بێنە هەولێرو ئامادەی رێورەسمەکە ببن"، نەریمان گوتیشی "رۆژی فڕینی فڕۆکەکە گەورەترین فیستیڤاڵ ساز دەکەم".





نەریمان ئەحمەد لەکاتی دروستکردنی فڕۆکەی دووەمیدا (فۆتۆ: رووداو)

## تایبەتمەندییەکانی دووفڕۆکەکەی نەریمان

**فڕۆکەی یەکەم**
- توانای هەیە 12 هەزار پێ (4کیلۆمەتر) لە زەوی بەرز بێتەوە.
- خێراییەکەی 180 کیلۆمەترە لە کاژێرێکدا.
- توانای هەڵگرتنی 2 کەس و 40 کیلۆ کەلوپەلی هەیە.

**فڕۆکەی دووەم**
- خێراییەکەی لە کاژێرێکدا 40-60 کیلۆمەترە.
- توانای هەڵگرتنی 4 کەسی هەیە.
- دوو دەرگای هەیە.
- هەروەها توانای هەیە لە بەرزی یەک مەتر بفڕێت و لە هەموو شوێنێکیش بنیشێتەوە.
- پێویستی بە پەڕەشووت نییە.
- دەتوانرێن بۆ کاروباری کشتوکاڵ و پۆلیسی بەکاربهێنرێن.

# عەلی ژاراوەیی کچانی کوردستانی سواری پاسکیل کرد





**هەژان خالید**
hazhanxalid@yahoo.com

**رووداو- هەولێر**

بەدیعە عوبێد قوتابی قۆناخی دووەمی کۆمەڵناسی خۆشحاڵە بەوەی لەمەودوا لەگەڵ هاوڕێکانی بە پاسکیل دەچێتە زانکۆ و کاروبارەکانی رۆژانەی جێبەجێدەکات.

ئەو کچە گەنجە کە سەرلەبەیانی رۆژی کردنەوەی پرۆژەی پاسکیلسواری لەشاری هەولێر لەگەڵ هاورێ کچەکانیدا پاسکیلی لێدەخوڕی گوتی"نەک تەنها ئەمڕۆ، ئامادەم رۆژانە بەردەوام بە پاسکیل برۆمە زانکۆ". ئەو گوتیشی پێمخۆشە وەک کچێک پاسکیل لێدەخورم و "ئامانجیشم شکاندنی داوونەریتی کۆمەڵگەیە و بۆ ئەمەش پێویستمان بە هاوکاری شۆفێر و پۆلیسی هاتووچۆیە".

بیرۆکەی پرۆژەی پاسکیلسواری لەلایەن عەلی ژاراوەیی تەمەن30 ساڵەوە کە قوتابی خوێندنی باڵایە لە زانکۆی سەلاحەدین لەساڵی 2007 ەوە دروستبووە و دوای ئەوە کاری بۆ کراوە . تاوەکو ئەمساڵ لە رۆژی پاراستنی ژینگەدا دەستپێکرا.

عەلی وەک خاوەن بیرۆکەو راپەڕێنەری پرۆژەکە گوتی "سەرۆکی حکومەت بودجەی بۆ کڕینی 700 پاسکیل بۆ دابین کردووین و تا ئێستا 200 پاسکیلمان کڕیوەو دابەشمان کردووە، لەوانە 70 پایسکیل دراونەتە قوتابیانی کچ لە هەردوو بەشە ناوخۆیی 18ی شوبات و لەیلا قاسم و، 100 دانەشمان بە تیر و پشک داوەتە قوتابیانی بەشە ناوخۆیی شەهید شەوکەت".

ئەو شوێنەی بۆ پایسکیل سواری خەتی لێدراوە، تا ئێستا لەنێوان کۆلێژەکان و سەرۆکایەتی زانکۆ و بەشە ناوخۆییەکاندایە، بەڵام عەلی ژاراوەیی گەشبینە بە فراوانکردنی پرۆژەکەی و گوتی "لە داهاتوودا پرۆژەکە فراوان دەکەین بۆ زۆربەی شەقامەکانی هەولێر بەتایبەت شەقامی 100 مەتری ئەویش بە هاوکاری بەرێوبەرایەتی هاتووچۆ".

پایسکل بۆ یەکەمجار لە ساڵی 1730 لەلایەن دی سیفیراک داهێنراوە، کە بریتیبوو لە دارێکی راستی نێوان دوو تەکەرە، بەڵام لەساڵی 1818 دریز دی ساور برون گۆڕانی بەسەردا هێناو پەیدانی بۆ دروستکرد، بەڵام شۆڕشە گەورەکە ئاسنگەری فەرەنسی بییر میشۆ بەسەریدا هێنا، کە لەساڵی 1861 پایسکلەکەی بە و پێشخستنە ی خۆیەوە بەرهەمهێنا و تەکەرەکەی لەدارەوە کرایە ئاسن. 150 پایسکلی بە 150 فرەنکی ئاڵتونی فرۆشت. ئێنجاش فافۆن بۆ دەوروبەری تایەکەی و لاستیکی بۆ زیادکرا.

سەر لەبەیانی 2009/4/16،کە هاوکات بوو لەگەڵ رۆژی ژینگەی کوردستان، پرۆژەی پاسکیل سواری لە شاری هەولێر لەسەر شەقامی هەولێر-کەرکووک لە بەردەم سەنتەری رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی زانکۆی سەلاحەدین تا کۆلێژی زانست بەرێوەچوو.

تاهیر عەبدوڵڵا جێگری پارێزگاری هەولێر کە لەکاتی کردنەوەی پرۆژەکە ئامادە بوو، لەگەڵ چەند وەزیر و بەرپرسێکدا لە رێورەسمەکە ئامادەبوو بۆ (رووداو) گوتی "بەشداریکردنمان تەنها پشتگیریەو ئەوەش پرۆژەیەکی باشە بەتایبەت بۆ کەمکردنەوەی قەرەباڵخی رێگاکان، هیوام وایە پاسکیل لێخوڕین لە کوردستان ببێتە نەریتێکی باو".

ئەو ئاماژەی بەوەشدا کە هەر لە یەکەم رۆژەوە بودجەیان دابینکردووە بۆ پرۆژەکە و بەتایبەت بۆ ئەو کەسانەی توانایی داراییان کەمە. هەرچەندە تاهیر عەبدوڵلا دەڵێ بەهۆی سەرقاڵییەوە ناتوانێ پایسکل لێبخوڕێ، بەڵام حەز دەکات لە ماڵەوە کەسوکاری بەشداربن "بەتایبەت کچەکەم زۆر حەز دەکات بە پاسکیل هاتووچۆ بکات".

بەشداربوونی کچان لە لێخوڕینی پاسکیل لە شەقامەکانی کوردستان شتێکی تازەیە و کچان پێویستیان بە زیاتر هاوکاری کەسانی رۆشنبیرو هۆشیاری دەوروبەرەکەیان هەیە. شلێر باپیر، هاوکاری پرۆژەکە و قوتابی قۆناخی سێیەمی بەشی راگەیاندن لە زانکۆی سەلاحەدین لەبارەی پرۆژەکە گوتی "لەداهاتوودا رۆژانە بە پاسکیلەکەم دەچمە زانکۆ و زۆر ئاساییە، بەڵام ئەوەندەی دەبینم، لە رۆژی کردنەوەی پرۆژەکە بە زۆری کچانی رۆژهەڵات و باکووری کوردستان پاسکیلیان لێدەخوڕی وهیوادارم کچانی باشووری کوردستان شەرم و ترسیان نەبێت و بە ئاسایی پاسکیل بەکاربێنن".

رۆژی دەستپێکردنی پرۆژەکە، زۆربەی خوێندکارانی زانکۆ سەرقاڵی ئاهەنگی دەرچوونی خۆیان یان هاورێکانیان بوون، ئەوەش وایکرد ژمارەیەکی کەمی خوێندکاران ئامادەی رێورەسمەکە بن . رۆژی دواتر ژمارەیەک لەو کچانەی کە بۆیان نەکرابوو، بەشداری بکەن بە سواری پایسکیلەکانیانەوە دەبینران.

وێڕای دەیان لێکۆڵینەوە کە جەخت لەسەر باشی پایسکیل لێخوڕین بۆ لەش و تەندروستی و پاراستنی دەکەن، هەندێ لێکۆڵینەوە دەڵێن پایسکل لێخوڕین بەدەرنییە لە لێکەوتەی خراپ، بە تایبەتی بۆ کچان. بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی زانکۆی یالی ئەمریکی لە نۆڤێمبەری 2006، لێخوڕینی پایسکل دەبێتە هۆی ئەوەی کە کچان چێژ لە سێکسکردن وەرنەگرن. توێژەرەکان لە بەشی ئافرەتان و لە دایکبوون لە زانکۆی یال و زانکۆی پزیشکی ئەلبێرت ئەنشتاین هۆشداریاندا کە بەشداری کچان لە پێشبڕکێ ماوە درێژەکاندا دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی هەستیارییان لە ئەندامی زاوزێ. هەروەها توێژینەوەیەکی دەزگای نەتەوەیی تەندروستی لە ئەمریکا دەڵێ پەیوەندییەک لە نێوان پایسکل لێخوڕین و درەنگ رەحەتبوون (ئۆرگازم) هەیە لەلای پیاوان.

کچێک: "ئەوانەی پایسکلیان لێدەخوڕی کچانی رۆژهەڵات و باکووری کوردستان بوون"

لەگەڵ بەتەنگەوە چوونی پرۆژەکە لەلایەن خاوەن بیرۆکەکەی و حکومەتی هەرێمی کوردستان و قوتابیانی زانکۆ، بەڵام زۆر لەکچانیش بە هۆکاری جیاجیا بەشداریان لە لێخوڕینی پاسکیلی نەکرد.

سۆزان محەممەد قوتابی کۆلێژی زمان، کاتێک گوێبیست بووە پرۆژەیەکی لەو جۆرە هەیە بڕیاریداوە پاسکیل وەربگرێت، بەڵام دواتر لە بڕیارەکەی پەشیمانبووەوە و دەڵێت "زۆرم پێ باش بوو بە پایسکل هاتووچۆ بکەم، بەڵام رێگەکە تا کۆلێژی زانستە و ناگاتە کۆلێژەکەی من و تەنها لەیەک لا شوێن جیاکراوەتەوە کە ئەویش شۆستەی پیادەکانە".

حکومەتی هەرێمی کوردستان تەنها پاسکیلی بە دیاری داوەتە کچان و کوڕانی بەشەناوخۆییەکان، ئەمەش گلەیی لای زۆربەی قوتابیانی دانیشتووی هەولێر دروستکردووە. ساکار کە قوتابی کۆلێژی ئەدەبیاتە وتی"پڕ بەدڵ حەزم دەکرد یەکێک لەو پاسکیلانەم وەربگرتایە بۆئەوەی هاتووچۆی پێ بکەم و لەرۆژی کردنەوەی پرۆژەکە ئامادەبم"، ئەو وتیشی"بەڕای من ئەگەر پاسکیلیان بدایەتە کچانی دانیشتووی هەولێر، ژمارەیەکی زیاتر لە کچان بەشدارییان دەکرد".



"چوار ساڵمان تێپەڕاند و هیچمان بە هیچ نەکرد!"

# ئێمەی پڕگلەیی



**لەیلا حەمید**

زۆرجار کە گلەیی لەوە دەکرێت گەندەڵییەکی بەربڵاو بەرۆکمانی گرتووە، من زیاتر بیر لەو کەسانە دەکەمەوە کە ئەم گازەندانە دەکەن نەک خودی کێشەکە، چونکە بەبڕوای من ئەوەی کێشەکەی خۆڵقاندبێت خۆمانین نەک کەسێکی دی . کەواتە بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکە پێویستە بەخۆماندا بچینەوە و تەنیا لە رێگەی تێگەیشتن لە خۆمانەوە دەتوانین کێشەکە بنبڕ بکەین. زۆربەمان خۆمان نەناسیوە، نازانین بڕوامان بەچی هەیە، نازانین لەژیاندا چ ئامانجێکمان هەیە. پلە و پایە، پارە، نێوبانگ و رواڵەتێکی سەرنجڕاکێش ئەو خەون و خەیاڵانەن کە لەمێشکی تاکی کورددا دەخولێنەوە .لەم ناوەدا، ئافرەتی کوردیش بەش بەحاڵی خۆی ژیانێکی بێ ئامانج دەگوزەرێنێت.ئاوات و ئامانجی هەر دایە و بابێکی کورد ئەوەیە پێش مردن منداڵەکانیان بەسەر ببنەوەو کچەکانیان بچنە سەر ئاو و رزقی خۆیان. زۆربەی کچانی کورد ژیانیان لە چوارچێوەی دۆزینەوەی هاوسەرێک، کەیبانوو و وەچەخستنەوە ناوە . ئەوەتا دوای دەرچوون لە زانکۆ، زۆربەی جار لە ئاهەنگی دەرچوواندا کچان بەمجۆرە گلەیی دەکەن "چوار ساڵمان تێپەڕاند و هیچمان بە هیچ نەکرد!"، نەوەک بەخراپ تێبگەن، خۆ شتێکی باشە کچێک هاوسەری ژیانی خۆی لە کولێژ بدۆزێتەوە چونکە بەدڵنیاییەوە رەنگە لە رێی شارەزابوون لەگەڵی بزانێت تا چەند لێکحاڵیبوون و لێکچوونی هزرییان هەیە،بەڵام بۆ زۆربەی کچان ئەمە بووەتە ئامانج. رەنگە هەر ئەمەش یەکێکبێت لەهۆکارەکانی دواکەوتوویی خوێندن لە زانکۆکانمان.

گەنجانیش بەتایبەتی کوڕان وێڵی تاراوگەیەکن کە خۆشیان نازانن بۆچی خۆزگەی بۆ دەخوازن. زۆربەی کات رووی گازندەیان دەکەنە حکومەت بێ ئەوەی خۆیان بەجیدی بۆ کێشەکانی خۆیان هەوڵبدەن. کە لێیان دەپرسین بۆ دەڕۆی، رەنگە بڵێن لەکوردستان ژیان نییە .کە لێیان بپرسین ئامانجتان لەچوونە دەرەوە چییە، وەڵام دەدەنەوە: دەمانەوێ لەوێ بژین، هەست بەژیان بکەین. زۆربەشیان کە دەڕۆنە ئەوێ، بەپێچەوانەی ژیانی ئێرە کە دەتوانن بە هیمەتێکی خۆیانەوە تەواو پێچەوانەی بکەنەوە، لەدەرەوە لەچاوەڕوانیی وەرگرتنی وەڵامێک چەندین ساڵ لە کوژینی کەمپەکاندا، هیوابڕاو و دڵشکاو بەکڵۆڵی دەڕژێنەوە و خۆزگەی گەڕانەوە بۆ وڵات دەخوازن. تەنانەت ئەوکاتەش کە وەردەگیرێن بەرنامەیەکی ئەوتۆیان بۆ ژیانی داهاتوویان نییە. ئەگەر گەنجان بەڕاستی ئامانجی خۆیان لەژیان دیاری کردبێت، ئەوا بە جارێک یان دووجار یان تەنانەت دە جار رەتکردنەوە، نەدەبووایە کۆڵبدەن. چونکە هەبوونی ئامانج خۆی رینیشاندەر و رێخۆشکەرە بۆ ئەو کەسەی هەوڵی بۆ دەدات. کەواتە ئامانجێکی راستەقینە بنەمای وەدیهێنانە.

کەشوفشی تازە پێگەیشتووان، جلوبەرگە چاوگیرەکانیان، جانتا گەورەکانیان کە رەنگە زۆربەی کات دوو سێ فایلەکی سووکەڵەیان تێدا بێت و بۆ ئەوەی وابنوێنێرێت کە پڕن زۆرجار گەمە بە دەسکەکەیان دەکرێت، یانیش هەندێکجار لاپتۆپێکی دەستێوەرنەدراو و کتێبی ئەستووری لاپەڕە هەڵنەدراوەیان تێدا ئەم سەر وئەو سەر پێ دەکرێت، هەروەها بەکارهێنانی وشەی درشت درشت لەکاتی وەڵامدانەوەکانیان هەمووی ئاماژەن بۆ ناواخنێکی بۆشی بێ ئامانج و رووالەتێکی سەرنجڕاکێش کە لە خۆنەناسین و بەسەر بردنی ژیانێکی بێ سەرەنجام و کۆڵەوار هەڵقووڵاون.

مرۆڤی کورد لەسەر هەموو بابەتێک قسە دەکا (ڕای خۆی دەردەبڕێت!) تەنانەت ئەگەر هەر فڕی بەسەر بابەتەکەشەوە نەبێت. لە هەموو بابەت و بوارێکدا "فول" ە، پسپۆڕە. هەرگیز خۆی کەم ناکاتەوە بڵێت "من لەو بابەتە هیچ شارەزاییەکم نییە"، یان لانیکەم "ئەوەندە لێی شارەزا نیم". ئەم گوتانە بێ شان و شەوکەتی و بێهێزی دەنوێنێن نەک خاکەڕایی.

بۆ کورد قەزا و قەدەر بڕیاردەرە لە ژیان نەک بەرنامە و ئامانج. لەم وڵاتەی ئێمەدا کاتێک بڕیارێک دەردەچێت هەموو خەڵک بەتەقڵەکوت پەلەیەتی زوو ئیشوکارەکانی بەپێی ئەم بڕیارە جێبەجێ بکات، مەبادا بڕیارێکی دیکە دەربچێت و ریسەکەیان لێ بکاتەوە خوری، چونکە ئاشکرایە هەر شتێکی بێ بەرنامە و بێ ئامانج دەدرێتە بەر لێشاوی گۆڕان.

با بگەڕێینەوە سەر خۆناسین. دەڵێن کوڕ لە تەمەنی 16 ساڵی و کچ بەزۆری لەنێوان 9 بۆ 14 ساڵی خۆی دەناسێت و دوای ئەم خۆناسینەش راست و چەوت لێکدەکاتەوە. راستە مەبەست لەم خۆناسینە زیاتر گۆڕانگارییە جەستەییەکانە کە بەسەر منداڵدا دێت و بەرەو ژیانی هەرزەکاری پاڵی پێوە دەنێت، بەڵام لەوەدا کە خۆی ناسیبێت و رەچاوی بەرژەوەندییەکانی ژیانی خۆی کردبێت بەپێی ویست و ئامانجەکانی،بەبڕوای من، تاکی کورد رەنگە تا تەمەنی چل ساڵیش نەگاتە ئەو ئاستە. ئەوکاتە کە تەمەنێکی بەسەر بردووە، دەرفەتێک دەداتە خۆی ئاوڕێک لەرابردوو بداتەوە، ئینجا سەرەڕای ئەوەی رەنگە بەپێی پێوەرەکانی کولتووری کوردەواری ژیانێکی بێ کەموکوڕیی هەبووبێت، لەوانەیە هەست بە بۆشاییەک بکات. دوای هەستکردن بەم بۆشاییە رەنگە لەخۆی بپرسێت ئەو کێیە و هەوڵی خۆناسین بدات. بەڕاستی هەوڵێکی ناوەختە و درەنگە. لە ژیاندا هیچ ئامانجێکی نەپێکاوە و هێز و گوڕ تینیشی ئەوەندە نییە کە بتوانێت سەرلەنوێ دەست پێ بکاتەوە، رەنگە ئەگەر هەوڵیشبدات دەسکەوتێکی بەرچاوی نەبێت.

هەربۆیەش رەگ و ریشەی ئەو گرفتەی کە ئێمە بەگەندەڵی ناوی دەبەین هەر خۆمانین. هەر خۆمانین کە سەرەتا بە خۆنەناسین و دواتر بە نەناسینی خەڵکیتر و گەیاندنیان بەپلە و پایە رێگە بۆ کولتووری خۆفشکردنەوە و لووتبەرزی و بێئامانجی خۆش دەکەین. هەر خۆمانین کە منداڵەکانمان هاندەدەین بخوێنن تەنیا بۆ ئەوەی بژێوی ژیانیان مسۆگەر بێت نەک بۆ ئەوەی خۆشیان بناسن. با بێ ئامانجەکانمان نەختێک دابێنەوە و خاکەڕایی بنوێنن، با هەوڵبدرێت سەرنجڕاکێشیمان لەبڕوابەخۆبوون و ناخێکی پڕ و پتەوەوە سەرچاوە بگرێت. ئەوانەشمان کە لە خۆیان تێگەیشتوون پێداگیرانەتر بۆ ئامانجەکانیان هەوڵبدەن تاوەکو گۆڕانێکی لێ بکەوێتەوە لەبەرژەوەندی هەمواندا بێت.



## نەوزاد هادی، پارێزگاری هەولێر:

# دەوروبەری باخی شار وەک ناوەندی بەرلین دەکەینە شوێنی پارک و فاست فوود

**رووداو-هەولێر**

لــە قۆناخــی دووەمــی جێبەجێکردنی ماســتەر پلانی شــاری هەولێردا، ئەمساڵ دەســت بەهەڵوەشــاندنەوەو گواستنەوەی بینای پارێزگای هەولێر و دادگا دەکرێت و، دەوروبــەری باخی شــاریش لەهەولێر وەک سەنتەری بەرلین دەکرێتە شوێنی فاستفوود و کۆفی شۆپ.

### پارێزگا دەگوازرێتەوە لای پەرلەمان

نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر،رایگەیاند کــە لەمــاوەی ئەمســاڵدا دەســت بــە هەڵوەشــاندنەوەی بینای ئێستای پارێزگاو دادگای هەولێر دەکرێت، پارێزگا دەگوازرێتەوە ســەر جادەی 60مەتری لە شوێنی گەراجی شارەوانی تەنیشــت پەرلەمان، باڵەخانەی دادگاش لــە بەرامبەر کتێبخانەی گشــتی تازە دروســتدەکرێت لە پشت قەسابخانەی کۆن، وەک ئەو ئاماژەی پێدا "بایی 2ملیۆن دۆلار کەرەستەی بەکارهاتوو بۆ باڵەخانەی دادگا لە ئەمریکییــەکان وەرگیراوە، هەر لە ماوەی ئەمســاڵدا دەست بە جێبەجێکردنی دەکرێت".

نەوزاد هادی لــە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) روونیکردەوە کە " لە بەرنامەی ئێمە دایە لە ساڵی 2009دا دەست بە جێبەجێکردنی قۆناخی دووەمی ماستەرپلانی هەولێر بکەین، کــە دەوربەری قەڵا لە بازنەی ناو 30مەتری دەکرێتە پارک و باخچە و شوێنی جموجۆڵی رۆشــنبیری، ئەو قۆناخــەش بریتی دەبێت لەلابردن و نەهێشــتنی بینایەکانی پارێزگا و دادگای هەولێــر و تــەواوی ئەو فەرمانگە حکومییانەی، کە کەوتوونەتە ئەو ناوە".

### قەیسەری نۆژەندەکرێتەوە

لەبارەی بازاڕی قەیسەریش نەوزاد هادی رایگەیانــد، کە ئەو بازاڕە بەچەند قۆناخێک نۆژەندەکرێتــەوە " ئەگــەر گیروگرفتــی موەلیدەکانی کارەبا نەبوایە ئێستا بەتەواوی دەستمان پێکردبوو"، ئەوەشی روونکردەوە کە سەرەڕای ئەوەش"نۆژەنکردنەوە دەستی پێکردووە، سەرەتا بە مزگەوتی حاجی نوری، ئێستاش کار لە مزگەوتی گەورە دەکرێت".

لەبارەی ســەربان و دیکۆری سەرەوەی قەیسەریش،کە وەک دیمەنێکی زۆر ناشرین خۆی دەنوێنێ، پارێــزگاری هەولێر گوتی" سەرەوەی قەیسەری کەرپووچ بووە، بەشی زۆریشــی دوونهــۆم بووە، بۆیــە بەهەمان شــێواز چاکدەکرێتەوە، لــە هەر قۆناخێک ناوچەیەک دەســکاری دەکرێــت بۆ ئەوەی خەڵک زەحمەتی نەکێشێت، چونکە بازاڕی ژمارە یەکە لە هەولێر". هەر لە قســەکانیدا رایگەیاند کە دەروبەری باخی شار دەکرێتە شوێنی کۆفی شۆپ و فاستفوود،جادەی قیرِ نامێنێت و دەکرێتــە بیهارتۆن وەک بەرلین قەرەباڵغییەکــی زۆری لێ کۆدەکەینەوە بۆ پارک.

هەروەهــا ئامــاژەی بۆ ئــەوە کرد کە تێچووی ئەو شــوێنانەی بۆ دەســگێڕەکان تەرخانکراوە زۆر نییە، هەر هەمووی 1000دۆلارە و بە مانگانە دەدرێت "ئەمــە هەلێکە بۆ خەڵکە هەژارەکە لەکاری خۆیان بەردەوام بن، بەڵام لە شوێنی کۆنی خۆیان نا، هەر خەڵکێک کــە بەرژەوەندی لە شــوێنێک تێکبچێت ئێمە بە شێوەیەکی دیکە قەرەبووی دەکەینەوە، هەموو پلانێکی ئێمەش بۆ ئەوەیە هەولێر بکەینە ناوەندێکی بەهێزی ئابووری بۆ ئــەوەی لە ناوچەکانی دیکەی عێراقەوە رووی تێ بکەن".

لەبارەی تەواوکردنی پارکەکانی دەوروبەری مەحەتــە و باخی گلکەندیــش، پارێزگاری هەولێر گوتی"چەند گرفتێکی یاسایی لەنێوان شارەوانی و ئەو کەســانە هەیە کە پێشتر گرێبەستی یاساییان بۆ بەکارهێنانی پارکی گلکەند هەبووە،دوای چارەســەرکردنی ئەو گرفتانە دەســتدەکرێ بــە نۆژەنکردنەوەی پارکەکە بە ســتایلێکی تــازە". وەک ئەو ئامــاژەی پێدا پارکێکی گەورەش لەســەر رووبــەری 300دۆنم لە نێوان بنەســڵاوە و باداوە دروســتدەکرێ و لەلایــەن وەزارەتی کشــتوکاڵ جێبەجێدەکرێــت. هەروەهــا پشتێنەی سەوزی ئاویش لەلایەن وەزارەتی کشــتوکاڵ ئەنجامدەدرێــت و کۆمپانیــای پرۆتێکتی تورکی پرۆژەکە دەکات. هەردوو کۆمپانیای ئەلعەلمەین و ئەلخەتیب ماستەر پلانیان بۆ داناوە.

بەهۆی کەمی پــارەی ماوە لە بودجەی گشتیی حکومەت زۆری ژمارەی فەرمانبەران و مووچەخــۆران،

### ئەمساڵ زیاتر بایەخ بە گەڕەکە نوێیەکان دەدرێت

بودجــەی پەرەپێــدان وێــرای پرۆژەکانی وەبەرهێنــان بووەتە بڕبڕەی پێشــکەوتنی پارێــزگاکان. پارێــزگاری هەولێر رایگەیاند پلانی ئەمساڵی پەرەپێدان زیاتر بۆ گەڕەکە نوێییەکان تەرخاندەکرێت وەک کەرتی 32و 8ی حەسارۆک و هەولێری نوێ.

نەوزاد هادی گوتی"بودجەی ساڵی 2007 بۆ خزمەتگوزاری گەڕەکە کۆنەکان تەرخانکرا، زۆربەی ئــەو گەڕەکانــە خزمەتگوزارییان تەواوبووە، لە 2008بایەخی پتر بە گەڕەکە نوێیەکان درا، گەڕەک هەیە تەمەنی دووساڵە، بەڵام هەموو خزمەتگوزارییەکی بۆچووە، وەک شارەوانی و 7ی حەسارۆک و بەهاری نوێ".

هەروەها گوتیشی"پارێزگای هەولێر هەمیشە توانای جێبەجێکردنی لە قەبارەی پرۆژەکان زیاتــر بووە، هەربۆیــە کورتهێنان هەبووە، چونکە قەبارەی پــرۆژەکان لەو بودجەیەی لەبەردەستماندا بووە زیاتر بووە".

ســەرەڕای تێپەڕبوونی 4 مانگ لەساڵی تازە، هێشتا بودجەی ئەمساڵی عێراق لەلایەن سەرۆکایەتی کۆمارەوە پەســەند نەکراوە، بەهەمانشــێوە لە کوردستانیش بەوهۆیەوە هێشتا پەسەند نەکراوە. پارێزگاری هەولێر گوتی ئەو دواکەوتنە ســاڵانە لە سێ چوار مانگــی یەکەمدا، ریتمی پرۆژەکان سســت دەکات "لەبەرئەوەی یەکێک لە سەرچاوەکانی پارەی بــازاڕ پرۆژەکانــی حکومەتە، بە خەرجکردنــی ئەو پارەیە تــەواوی بازاڕ جموجۆڵی تێدەکەوێت، ئێستا ئێمە چل ملیار دینار قــەرزاری بەڵێندەرەکانین، خەڵک داوامان لێدەکات و چەکەکانیان لایە، بەڵام پارە نییە، بەتەواوبوونی رێوشوێنەکانی پەســندکردنی بودجەی وەبەرهێنان پارەی پێویســت دێتە بــازاڕ، لەگــەڵ کردنەوەی پــرۆژەکان بازاڕیش بەگــەڕ دەکەوێتەوە".

سەبارەت بەو گلەییانەش کە لەلایەن چەند کەسێکەوە لەبارەی تێکدانی هەندێ ناوچەی شوێنەواری هاتوونەتە ئارا، کە یەکێک لەوانە عەبدولرەقیب یوسفی راوێژکاری ئەنجوومەنی وەزیرانە، پارێزگاری هەولێر گوتی " ماستەر پلان پەســندکراوە، لە تابلۆ هەڵواسراوە و ئیمزای خودی کاک عەبدولرەقیب یوسفیشی لەســەرە، هەر شوێنێک شــوێنەوار بێت، دەسکاری ناکرێت و دراوەتــە فەرمانگەی شــوێنەوار، نۆژەنکردنەوەشــی هــەر لەو چوارچێوەیەدا دەبێت".

گەشــتیاران هێدی هێدی و بەشێوەیەکی هەســتپێنەکراو لە ئەوروپــاو و ئەمریکاوە روویــان لە کوردســتانە، بەڵام بەگشــتی بیانییــەکان گلەیی لە نرخــی هوتێلەکانی هەولێر دەکەن بەبــەراورد لەگەڵ ئەوروپا.

لەبــارەی رۆڵی پارێزگاش لە کۆنترۆڵکردنی نرخی هوتێل و شــوێنە گەشتوگوزارییەکان نەوزاد هادی گوتی" گرانی نرخی هوتێلەکان پەیوەنــدی بەکەرتــی تایبەتــەوە هەیە، یاســای بــازاڕ کۆنترۆڵــی دەکات، هەولێر پێویســتی بە هوتێلی زیاترە، ئێستا چەند

### چل ملیار دینار قەرزارین

مارکەیەکــی جیهانی وەک کەمپانســکی و رۆتانا دروستدەکرێن و کێبڕکێ لە نێوانیان دروســتدەبێ و بەپێی داخــوازی بازاڕ نرخ دادەنرێــت، نابــێ ئــەوەش لەبیربکرێ کە هوتێلەکان بەهۆی کارەبا و پێداویستییەکانی دیکەوە خەرجییەکی زۆریان کەوتووەتەسەر و بارەکەیان گرانبووە".

لەم دواییەدا نزیکەی 1500شوقەی سەر رێی کەســنەزان بە تیروپشک دابەشکران، بڕیار وایە لە داهاتووش2000شوقەی دیکە، کە لە کۆمپانیای چەڤیکلەر وەرگیراونەتەوە تەواو بکرێن و دابەشــبکرێن، بۆ شوقەکانی سەرڕێی عەنکاوەش پارێزگاری هەولێر گوتی" لەوانە 200یان هی شــەهیدان بوو وەزارەتی شــەهیدان دابەشــیکردن، ئەوانیتریش هی ئــەو فەرمانبەرانە بوون کــە 444ناوبوون، ئەوانە مەرجی وەرگرتنیــان تێدابوو، دوای پێداچوونەوە بەسەریاندا دابەشکران".

هەفتەی رابــردوو شــاندێکی پارێزگای هەولێــر ســەردانی ورمــێ (ئوســتانی ئازربایجانی رۆژئاوا)ی کرد، پارێزگای هەولێر ئەو پەیوەندی و ســەردانەی بەگرنگ دانا و رایگەیاند لە ماوەی ســاڵی 2008قەبارەی ئاڵوگــۆڕی بازرگانــی لە حاجــی ئۆمەران 280ملیۆن دۆلاربووە.



## نرخەکەی لەپۆستی ئەهلی هەزرانترە

# هاووڵاتییان کار بەپۆستی حکومی ناکەن



**رەوا عەبدوڵڵا**

rawaebdalla@yahoo.com

**رووداو - هەولێر**

بــۆ ناردنــی پاســپۆرت و ناســنامە بۆ براکەی لەئەڵمانیا، بۆ ســێیەمین جار مەهدی رێــگای کۆمپانیــای پەلەپۆســت دەگرێت و پێداویســتییەکانی بۆ رەوانــە دەکات، بەڵام ئەمجارە چانس یاوەری مەهدی نابێت و لەبر 72 کاژێر نزیکەی 45 رۆژی پێدەچێت تا پۆستەکە دەگاتە دەست براکەی، دەڵێت "زۆر دەترساین هــەر ون بووبێ". مەهدی گوتیشــی "ئەوەی کۆمپانیا ئەهلییەکان دەیڵێن تەنیا بۆ ریکلام و بازاڕ دروستکردنە، ئەگینا زۆربەی پۆستەکان زۆر زیاتر لەوادەی خۆیان دوادەکەون".

مەهــدی نامیق، 26ســاڵ، گلەیــی زۆری لەوە هەبوو، کۆمپانیا ئەهلیەکان بەئارەزووی خۆیان پارە لەخەڵک وەردەگرن و بە بەرچاوی حکومەتەوە ریکلامی نادروســت هەڵدەواسن حکومەتیش هیچ لێپێچینەوە یان لەگەڵ ناکات. بەپێی ئامارێک کە لەوەزارەتی گەیاندن دراوەتە (رووداو) 5 کۆمپانیای ئەهلی کاری پۆســت لەکوردستان ئەنجام دەدەن.

پێشــتر هاووڵاتییان دەیانتوانی لەرێگەی نووســینگەکانی پۆستەی حکومی، ئاڵوگۆڕی پۆستە بۆ گشت شــارەکانی عێراق و وڵاتانی جیهانیــش بکەن، بەڵام لــەدوای داگیرکردنی کوێت لەســاڵی 1990 لەلایەن عێراق بەهۆی گەمارۆی ئابووری پۆســتەی عێراق سســتی تێکەوت، لەکوردســتانیش لــەدوای راپەڕین لە1991 کاری پۆستە لەکوردستان بەتەواوەتی لەکار کەوت.

لەمانگی ئابــی 2006 وەزارەتی گەیاندنی کوردســتان رەزامەنــدی بەغــدای وەرگرت لەســەرکردنەوی ســەنتەری ئاڵوگۆرکردنــی پۆســتەی نێودەوڵەتی لەشاری هەولێر، دوای چەند مانگێــک لەســاڵی 2007 لەوەزارەتی گەیاندن بەڕێوەبەرایەتیەکی تایبەت بەپۆستە لەکوردستان دامەزرا.

هەرچەندە ئێستا نرخی یەک کیلۆ لەپۆستەی نێردراوی حکومــی 8 دۆلارە بەبەراورد لەگەڵ نرخی کۆمپانییە ئەهلییەکان کە نزیکەی 90 تا 100 دۆلارە زۆر کەمترە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا رێژەیەکی کەم خەڵک روو لەپۆســتی حکومی دەکەن.

تەها مستەفا، بەڕێوەبەری پۆستەی هەولێر هۆکاری کەمی پۆستەی حکومی گەڕاندوە بۆ بێ هێزی راگەیاندن وریکلامی بەڕێوەبەرایەتیەکەیان "نەبوونی ریــکلام کاریگــەری زۆری هەبووە لەســەر ئاگادار نەبوونی خەڵک لەپۆســتەی حکومی، داوامان لەوەزارەت کردووە یارمەتیمان بدەن تا ریکلامی بۆ بکەین" لەبارەی دواکەوتنی پۆستەکانیش، تەها گوتی"پێشترپۆستەکانمان لەرێگەی فرۆکەخانەی بەغدا دەنارد، زۆر جار دوا دەکەوت، بەڵام ئێستا لەرێگەی فرۆکەخانەی هەولێر دەینێرین، لەمەودوا دەتوانین رکابەری پۆستە ئەهلییەکان بکەین".

بەڵام شــێرزاد ناســح، بەڕێوەبەری گشتی کۆمپانیای پەلەپۆست، رەتیکردەوە هۆکارەکە کەمی ریکلام بێت، پێیوایە هۆکاری سەرەکی کەمی ئەو کەســانەی روو لەپۆستی حکومی دەکەن دەگەڕێتەوە بۆ کۆنی ئەو سیستەمەی کاری لەســەر دەکات، گوتیشی "جگە لەوەی پۆســتەی حکومی زۆرخێرا نییــە، پەیرەوی سیســتمی چاودێری پۆســتی تێدا ناکرێت، ئەمەش وایکردوە خەڵک زیاتر روو لەکۆمپانیا ئەهلییەکان بکەن نەک پۆستەی حکومی".

کۆمپانیــای مەتین ئیکســپرێس یەکێکە لەو کۆمپانیایانەی لەســاڵی 2004 دامەزراوە، نووســینگەی ســەرەکی لەدوبەیە و لەعێراق و کوردســتانیش نووســینگەی هەیە، ئاریان عوســمان، بەڕێوەبەری فرۆشــتن و رێکلامی کۆمپانیاکە پێیوایە ئەوەی وایکردوە نرخەکان زیــاد بن، "نەبوونی دڵنیایــی فرۆکەیە، نەک ئیستیغلالیکۆمپانیاکان".

ئاریان پێیوایــە ئەگەر کۆمپانیای دڵنیایی هەبێت نرخــەکان زۆر دادەبەزن، بۆیە دەڵێت "پێویســتە حکومەت بیر لەدانانی کۆمپانیای دڵنیایی بکاتەوە، چونکە جگە لەوەی دەبێتە هــۆی دابەزاندنــی نرخەکان، هۆکارێکیشــە بــۆ دڵنیابوونــی خەڵــک لــە ون نەبوونی پۆستەکان".

بەڕێوەبەرایەتــی پۆســتەی هەولێــر 45 نووسینگەی لەهەموو شــار و شارۆچکەکانی کوردستان هەیە، بەڕێوەبەری پۆستەی هەولێریــش ئامانجی کردنەوەی ئــەم نووســینگانەی بۆ ئا ســا نکا ر ی کاروباری هاووڵاتییــان گەڕاندەوە، ئاماژەی بەوەشــدا بەنیازن لەماوەیەکــی نزیکدا لەهەموو گەڕەک و شوێنە گشتییەکان سندوقی پۆستە دابنێن، گوتیشــی"هاووڵاتیان دەتوانن سندوق و ژمارە و ناونیشــانی نێودەوڵەتــی تایبەت بەخۆیان هەبێــت، دوای ئــەوەی هاوبەشــی لەرێگەی پۆستەی هەولێر وەردەگرن".

هەروەها بەڕێوەبەری پۆستەی هەولێر، باس لەوە دەکات چەندینجار داوایــان لەوەزارەتی گەیاندن و پلاندانان و تەنانەت پارێزگای هەولێر کردووە کێشەی پۆست کۆد چارەسەر بکەن، بەڵام تا ئێســتا کاری لەسەر نەکراوە، دەڵێت "بەهۆی نەبوونی پۆســت کۆدەوە لە 99%ی ئەو پۆســتانەی دەگەن بەناچــاری لەرێگەی تەلەفۆن خاوەنەکانیان دەدۆزینەوە".




ڕای شەقام



## "زنجیری ملی کوڕانم پێ جوانە"

**سۆزان محەممەد، قۆناخی دووەمی کۆلیژی زمانی زانکۆی سەلاحەددین، شێوازی خۆ رێکخستن و ئەو جلانەی کوڕان لەبەری دەکەن بەدڵە.**

**رووداو-هەولێر**

**رووداو: تاچەند شێوازی پۆشینی جلو بەرگ و خۆ ڕازاندنەوەی ئێستای کوڕانت بە دڵە؟**

**سۆزان:** تاڕادەیەکی زۆر شێوازی خۆڕێکخستنی کوڕانم بەدڵە بەتایبەت ئەو ستایلانەی هی کوڕانی ڕۆژئاوایە.

**رووداو: ئایا شێوازی پۆشینی جل و بەرگ و قژی کوڕان لەگەڵ کۆمەڵگەی کوردی دەگونجێت؟**

**سۆزان:** پێمباشە کوڕان سنورێکیان هەبێت بۆ ڕێکخستن و ڕازاندنەوەی خۆیان و لەگەڵ کۆمەڵگە بگونجێت، لەگەڵ ئەوەشــدا هەموو کەس سەربەستە چی دەکات و چی دەپۆشێت بەمەرجێک زەرەری بۆ بەرامبەرەکەی نەبێت

**رووداو: بەکارهێنانی مکیاج و ئیکسسوارات لەلایەن کوڕانەوە شتێکی جوانە؟**

**سۆزان:** نەخێر هەموو کەسێک بە سروشتی جوانە بەتایبەت کوڕان، بەڵام بەکارهێنانی زنجیر زۆر جوانە.

**رووداو: کەسایەتی کوڕان بە پۆشاک و پرچیان هەڵدەسەنگێنیت؟**

**سۆزان:** هەرچەند جل و بەرگیش زۆر گرنگە، بەڵام ناخی مرۆڤ لە سەروو هەموو شتێکەوەیە بۆ هەڵسەنگاندنی کوڕان.



## ئاسایش هێزێکی حیزبییە

**ئومێد خالید، دوکاندار پێیوایە ئەو هەڵسوکەوتەی ئاسایش هەیەتی دەیسەلمێنێ کە ئاسایش هێزێکی حیزبییە نەک حکومی.**

**رووداو-سلێمانی**

**رووداو : رات چییە بەرامبەر رۆڵی ئاسایش لەهەرێمی کوردستان؟**

**ئومێد خالید :** وشەی ئاسایش بۆ خۆی وشەیەکی قورسە لەسەر دڵی خەڵک، ئاسایش زۆربەی جاران مامەڵەیەکی رەق و زبری هەبووە لەبەرامبەر خەڵکدا.

**رووداو : بۆچی پێتوایە ئاسایش مامەڵەی توندە؟**

**ئومێد خالد :** چونکە ئەوانەی دەبنە ئاسایش زۆربەیان خوێندەوارییان نییە، رەنگە نەشزانن چۆن مامەڵە لەگەڵ خەڵک بکەن؟

**رووداو : پێتوایە ئاسایش زیاتر وەک هێزێکی حیزبی دەردەکەوێت یان حکومی؟**

**ئومێد خالد :** هەڵسوکەوتی ئاســایش دەیســەلمێنێ، کە ئەوان زیاتــر هێزێکی حیزبین تا حکومی؟

**رووداو : چی بەپێویست دەزانی بۆ گۆرینی ئاسایش ؟**

**ئومێد خالید :** بەتەواوی ببێت بەهێزێکی حکومی و خولی راهێنان و فێرکردنیان بۆبکرێتەوەو خەڵکی شیاو بخرێنە ئەو شوێنانەوە، تەنانەت لەرووی رووخسارو باڵاش شیاو بن.

# هەمەجۆر



بە ئاو خۆت لاواز بکە

**ڕووداو- ئینروز**

بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی تازە، خواردنەوەی یەک تا سێ پەرداخ ئاو پێش نان خواردن یارمەتیت دەدات بە شێوەیەکی خێرا کێشەکەت دابەزێنی. لەوبارەیەوە پسپۆڕێکی خواردن و لەشجوانی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە پێکهاتەی لەشی مرۆڤ ناتوانێت جیاوازی لەنێوان برسێتی و تینوێتیدا بکات، بۆیەش هەندێکجار مرۆڤ وا هەستدەکات برسییەتی، بۆیە خواردن دەخواتو دەبێتە هۆی زیادبوونی کێشی. پسپۆڕەکە ڕوونیشیکردووەتەوە مەرج نییە هەموو برسێتییەک بەخواردن تێر بکرێت، بەڵکو هەندێک جار کەسەکە پێویستی بە ئاوە، بەڵام هەستی پێ ناکات و خواردن دەخوات. لێکۆڵینەوەکە داواشدەکات ئەو خواردنانە بخۆن کە ئاویان زۆر تێدایە و یارمەتیدەرن بۆ دابەزاندنی کێشی لەش.

## نازدار :
# چێشتەکانی دایکم لە هی من خۆشترن



جارێک وێنەگرێک پێیگوتم هەرکەسێک ببینێت حەز دەکات بۆ ئەو بیت

**نەوزاد چارلس**
**ڕووداو- هەولێر**

گۆرانیبێژ نازدار دەڵێ چێشتەکانی دایکی لە چێشتەکانی ئەو خۆشترن و زۆر حەز لە خواردنەکانی ناوچەی خۆیان دەکات.

نازدار کچە گۆرانیبێژی کوردی نیشتەجێی ئەڵمانیا، کە لەناوچەی جزیرەی باکووری کوردستانەوە بەهۆی چالاکی سیاسی باوکییەوە ئاوارەی ئەوروپا بوونە، ئێستا لە شاری بیلەفیلدی ئەڵمانیا دەژین. نازدار لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) گوتی "خۆشترین کاتەکانی ژیانم تەمەنی منداڵیم بوون"، ئەو باسی لەوەشکرد کە لە قوتابخانە قوتابییەکی زیرەک بوو، ئێستاش هەروایە "ئێستا مامۆستایەکانم بەکەسێکی زیرەک و سەرکەوتوو دادەنێن، لەبەر ئەوەی دەخوێنم و کاری هونەریش دەکەم لە یەک کاتدا".

ئەو کە ئێستا تەمەنی 21 ساڵە و بەردەوامە لە خوێندن، جگە لە کاری هونەری لە ماڵەوەش هاوکاری دایکی دەکات "لەچێشت لێنان هاوکاری دایکم دەکەم، منیش چێشت لێدەنێم، بەڵام چێشتەکانی دایکم لە چێشتەکانی من خۆشترن". زۆریش حەز لە چێشتەکانی ناوچەی جزیرەی بۆتان دەکات.

نازدار کاتە بەتاڵەکانی بۆ چوونە سەیران و گەشتوگوزار دەقۆزێتەوە. بۆ پێکهێنانی ژیانی هاوسەریش نازدار دەڵێ "تائێستا ژیانی هاوسەریم پێکنەهێناوە، ئەمەش لەبەرئەوەی دەیەوێت خوێندنەکەی تەواو بکات، جگە لەوەی دەمەوێ بگەمە کەسێکی شیاو، تاکو دواتر بتوانم ژیانی هاوسەری لەگەڵ پێکبێنم".

نازدار، کچێکی جوانە، ئەو دەڵێ زۆر جار داوای پەیوەندی خۆشەویستی لێکراوە "زۆر جار ئەوە ڕوویداوە کە هەرجارێک چوومەتە شوێنێک هەندێ کەس پێم سەرسام بوونەو داوای پەیوەندیان لێکردووم، بەڵام ڕەتم کردووەتەوە، جارێکیش وێنەگرێک کە وێنەی گرتم گوتی بەراستی جوانی هەرکەسێک بتبینێت حەز دەکات تۆ بۆ ئەو بیت".

دەربارەی دوایین کاری هونەری خۆیشی، نازدار گوتی "بەرهەمی ڕابردووم توانی جێگای خۆی لەلای جەماوەر بکاتەوە، بۆیە ئێستا کار بۆ بەرهەمێکی دیکە دەکەم، دەمەوێت ئەم کارەم بەکوالیتی و تەکنیکێکی باشترەوە ئەنجامبدەم".

# باری دارایی بەرهەمەکەی عەدنان کەریمی دواخست

نەوزاد
ڕووداو- هەولێر



سەرچاوەیەکی نزیک لەهونەرمەند عەدنان کەریم بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە بەرهەمی نوێی عەدنان کەریم ئامادەیە بۆ بڵاوبوونەوە، بەڵام خۆی ڕایگرتووە.

ئەو سەرچاوەیە باسی لەوەکرد کە بەرهەمەکەی عەدنان کەریم لە 13 گۆرانی پێکهاتووە، هۆنراوەی گۆرانییەکانی هی شاعیرانی کۆن و کاری لەسەر دەقی فۆلکلۆری کردووە، بۆ مۆسیقاکەشی لەگەڵ گرووپی کامکاران کارەکانیان تۆمارکردووە. ئەو سەرچاوەیە دەڵێ "هونەرمەند عەدنان کەریم دواکەوتنی بەرهەمەکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ خراپی باری دارایی خۆی، کە ئەوەش وایکردووە بەرهەمەکە دوا بکەوێت، ئێستاش بەشی زۆری کارەکانی بەرهەمەکەی تەواوبوونە، بەڵام بەهۆی هەندێ هۆکاری تایبەتی بەرهەمەکەی ڕاگرتووە".

لەو بەرهەمەدا عەدنان کەریم بۆ دووەمین جار لەگەڵ گرووپی کامکاران کاریکردووە، ئەلبوومی پێشووشی (ئەمشەو) لەگەڵ کامکاراندا ئەنجامدا و سەرکەوتنێکی باشی بەدەستهێنا.

## خۆبەخشانە وانە دەڵێتەوە
# ڕواندزی قەت بیری لەکچان نەکردووەتەوە



**ڕووداو- هەولێر**

هونەرمەندی موزیکژەن سەید ئەحمەد ڕواندزی کەسێکی هێمنە و لە تەمەنی لاویشدا هەر سەرقاڵی کاری هونەری بووە و دەڵێ "ئەوکاتیش قەت بیرم لەکچ و گەنجایەتی نەدەکردەوە".

سەید ئەحمەد، لەساڵی 1963 لە ڕواندز لەدایکبووە، لەساڵی 1991وە ژیانی هاوسەری پێکهیناوە. سەید ئەحمەد چەند وێستگەیەکی ژیانی خۆی بۆ (ڕووداو) باسکردو گوتی "پێکهێنانی ژیانی هاوسەری من بەسوودفە بوو نەک بە خۆشەویستی، ئەو کچەی بووە هاوسەرم جیرانمان بوو، تێکەڵاوی خێزانیمان هەبوو، مرۆڤیکی پاک و جوان بوو، بۆیە ئەوم خواست"، سەید ئەحمەد ئێستا باوکی 3 کوڕو کچێکە.

سەید ئەحمەد ڕواندزی، چەند ساڵێکە بەهۆی کارەوە ماڵی هێناوەتە هەولێر، سەید بیری خەرەند دەکات و دەڵێ "بەڵام بەدڵ هەر لەڕواندزم، زۆر حەزم لە کفتە و کەنگر بەماستی ڕواندزە". ئەو ڕۆژانە لەماڵ وەرزش دەکاو سەیری یارییەکانی تۆپی پێدەکات "هاندەری یانەی ڕیال مەدریدم".

زۆر سەرقاڵی وانە گوتنەوەیە لەپەیمانگەی هونەرەجوانەکان و، بەرپرسی بەشی موزیکی سەتەلایەتی کوردستانە، لەگەڵ ئەوەشدا کار بۆ زۆر هونەرمەند دەکات "جگە لەکاتی دەوام هەر دەرفەتێکی دیکەم هەبێت تەرخانمکردووە بۆ خێزانەکەم و کتێب خوێندنەوە، زۆر کەم دەخەوم".

سەید ئەحمەد کە ئێستا کاربۆ هونەرمەند زەکەریا دەکات، زۆر کەس پێیوایە کەسێکی زۆر دەوڵەمەندە "تەنها لەکوردستان تیقی مووچەم هەیە، ئەویش 640 هەزار دینارە، لەپەیمانگە خۆبەخشانە وانە دەڵێمەوە، بۆ زەکەریاش بەبێ بەرامبەر کار دەکەم".

سەبارەت بە دوایین کاری خۆی، ڕواندزی گوتی "ئێستا سەرقاڵی تۆمارکردنی پارچە مۆسیقایەکی کلاسیکم بەهاوکاری پیانۆژەن بۆران محەممەد جەزا".

## لەبەر فەوازیرەکان یەک هەفتە لە هەنگویندا دەبێت
# هەیفا: گۆرانی بە تورکی نالێم

**ڕووداو-قاهیرە**

هەرەچەندە گۆرانی (ڕەجەب)ی هەیفا وەهبی لە کەناڵە تورکییەکاندا بڵاوکرایەوە، بەڵام هەیفا وەهبی دەڵێ گۆرانی بە تورکی نالێم.

هەیفا وەهبی، گۆرانیبێژی نێوداری لوبنانی کە ئەم مانگە بۆ دووەم جار مێرد دەکاتەوەو، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ گۆڤاری (المx‌ری الیوم)دا دەڵێ " ئاهەنگێکی ساکار دەگێڕم و تەنیا برادەرە نزیکەکانم بانگ دەکەم و چەند گۆرانیبێژێکی عەرەب و بیانی گۆرانی تێدا دەڵێن"، مانگی هەنگوینیشی نابێت و لەوبارەوە دەڵێت " بەهۆی بە پەلە گەڕانەوەم بۆ وینەگرتنی فەوازیر، مانگی هەنگوینیشم نابێت تەنیا (هەفتەی هەنگوینی) دەبێت". هەیفا کە تازە لە بەشداریکردنی لە یەکەم فیلمی سینەمایی بەنێوی (دکان شحاتە) تەواو بووە، ئەمساڵ ڕەمەزان فەوازیری هەزار و یەک شەو پێشکێش دەکات، کە هەر لە ئێستاوە تەلەڤزیۆنەکان کەتوونەتە خۆیان بۆ کڕینی.

هەر لەو هەڤپەیڤینەدا هەیفا، کە عەرەبێکی شیعەی لوبنانییە دەڵێ ئامادەنییە بە تورکی گۆرانی بڵێت و، هۆی بڵاوکردنەوەی گۆرانی دەجەبیشی لەهەندێ کەناڵی تورکیا دەگەڕێنێتەوە بۆ هۆکاری سیاسی " گۆرانییەکە کراوەتە شتێکی سیاسی بەرامبەر ڕەجەب ئەردۆغانی سەرۆک وەزیرانی تورکیا". کە هەیفا وەهبی حەز لە سیاسەت ناکات و هەر لەبەر ئەوەش ڕەتیکردەوە نێوی لە نێو لیستی پاڵێوراوانی ئەندامێتی پەرلەمانی لوبنان دا بمێنێتەوە، کە ئەو بە گاڵتە گوتبووی ڕازیم ناوم دابنرێ " ڕەتمکردەوە چونکە خەڵک وەک گۆرانیبێژ منیان خۆشویستووەو، من بۆ کاری سیاسی دەستنادەم".

# ئەمریکا دەمانچەیەک بۆ کوشتنی مێشوولە دروستدەکات



**ڕووداو- پانێت**

بەمەبەستی لەنێوبردنی مێشوولە لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەمانچەیەک دروستکرا.

بەپێی لێدوانی تیمی زانستیی زانکۆی موناش، لە ئەمریکا ئەو دەمانچەیە دەشێت کاریگەری باشی هەبێت بۆ کۆنترۆڵکردنی نەخۆشی لەرزوتا کە بەهۆیەوە لەسەر ئاستی جیهانداو لەهەر سێ چرکەیەکدا، منداڵێک گیان لەدەستدەدات. وەکو تیمەکە ئاماژەی پێدا ئەو دەمانچەیە بە سیستەمی تیشکی لەیزەر کار دەکات و هەموو مێشوولەیەک لەنێو دەبات.

هەروەها تیمەکە دەڵێ "لەماوەی تەنها چەند خولەکێکدا دەتوانرێت بەو دەمانچەیە ژمارەیەکی زۆر مێشوولە لەنێو ببرێت".



# بەختی ڕووداو



ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی
ayarfalaky@hotmail.com

### کاوڕ
Mar 21-Apr 19

پێویستە هەمووو کارە لاوەکییەکان فەرامۆش بکەن و تەنها گرنگی بە باری دارایی بدەن، چونکە ئەم هەفتەیە سەرەتای چەند کارێک دەردەکەوێت کە ئەنجامەکانی دڵخۆشی زۆری دەبێت.

### تەرازوو
Sep 23-Oct 23

دەتوانن لە ڕێگەی گفتوگۆوە ئەو کێشانە چارەسەر بکەن کە لە نێوان ئێوە و هاوبەشەکانتان یان هاوسەرەکانتان هەیە، ڕۆژانی پێنج شەممە و هەینیتان باش دەبێ.

### گا
Apr 20-May 20

بێزارییەکان کۆتاییان پێدێت، لە ناوەندی ئەم هەفتەیە بەدواوە بە هۆی هاتنی هەسارەی خۆر بۆ بورجەکەتان، ئاسودەییەکانتان بۆ دەگەڕێتەوە، ئەو کارانە بەگەڕ دەخەنەوە کە چەند مانگێکە گرفتیان تێکەوتووە. هەموو نیشانەکان چاوەڕوانی داهاتووی گەش دەکەن.

### دووپشک
Oct 24-Nov 21

سەرقاڵی کارەکانتان دەبن و دەتوانن چەندهەونگاوێکی نوێ ببڕن، هەندێکیشتان دەتوانن کارێکی زیاتر لە کارەکەی خۆتان بکەن. وا باشە بۆ گرفتەکانتان پشت بە زمانی گفتوگۆ ببەستن.

### جمک
May 21-Jun 21

پێویستە ئەو کارانە بکەن کە تەنها بە فکر ڕێکدەخرێن، ڕەنگە هەندێک بێزاریتان هەبێت بە بێ هۆیەکی دیاریکراو، ئەو کارەی بە نیازی ئەنجامدانین، هێشتا وادەی نەهاتووەتە پێش، وا باشە ئامادەکاری زیاتری بۆ بکەن.

### کەوان
Nov 22-Dec 21

ڕۆژانی دوشەممە و سێشەممە و چوارشەممە بۆ هەموو ئەو کارانە باشە کە پەیوەندی بە ماڵ و خێزانەوە هەبێت، یان گۆڕانکاری بکەن، بەڵام پێنج شەممە و هەینی ڕۆژانی بەختی ڕاستەقینەن .

### قرژاڵ
Jun 22-Jul 22

زیاتر سەرقاڵی ئەو کارانە دەبن کە کەسایەتیتانی تێدا بناسرێت و بازنەی پلەو پایەی کۆمەڵایەتیتان بەرفراوان بکات، ئەم هەفتەیە تەواو سەرقاڵی ئامادەکاری دەبن بۆ کارەکانتان.

### کارژۆلە
Dec 22-Jan 19

ماوەی ساڵێکە چاوەڕوانن، لە ئێستاوە تا یەک مانگیتر بە مانگی بەختەوەریتان دەزانرێت، ئەم هەفتەیەش دەسپێکی سەرەتای ئەو مانگە باشەی بەختەوەریتانە، بەتایبەت لە سۆزداری.

### شێر
Jul 23-Aug 22

ئەوانەتان کە چاوەڕوانی سەفەرێک دەکەن، لەم هەفتەیەدا هەواڵی خۆشتان لەو بارەیەوە پێدەگات. ڕۆژانی پێنج شەممە و هەینی ئەم هەفتەیە هەواڵی خۆش دەبیستن، بە تایبەت لە جێگە دوورەکان.

### سەتڵ
Jan 20— Feb 18

سەرەتای هەفتە پارەیەکی چاوەڕواننەکراوتان چنگ دەکەوێت، پێویست دەبێت گرنگی زیاتر بەماڵ و خێزانەکانتان بدەن. پێنج شەممە و هەینی دیداری نوێ دەکەن .

### گوڵەگەنم
Aug 23-Sep 22

هەوڵبدەن بە هۆی بێزاریتانەوە دەست لە کارەکەتان نەکێشنەوە، داهاتوو لەوەش باشتر دەبێت کە چاوەڕوانی دەکەن، بەڵام پێویستان بە ئامادەکاری زیاترە.

### نەهەنگ
Feb 19-Mar 20

پێویستە هاوسەنگییەک لە نێوان دەسکەوت و خەرجیدا ڕابگرن، بەخت بە شێوەیەکی باشتر لە جاران یاوەرتان دەبێت، گەڕان و پەیوەندییەکان زیاتر سەرقاڵتان دەکات.

### بەگشتی :

بە شێوەیەکی گشتی بۆ هەموو بورجەکان، واتە هەستی خەڵکان لەم ماوەیەدا بەم شێوەیە دەبێت :

1- ڕۆژی 2009\4\21 هەسارەی خۆر لە بورجی کاوڕ دەچێتە بورجی گا، ئەمەش وا دەکات خەڵک زیاتر دوای ئارەزووەکانیان بکەون و بەهۆی زۆر خەرجکردنی پارەوە تووشی قەیران ببن.

2- ڕۆژی 2009\4\22 هەسارەی مارس ( مریخ) لە بورجی نەهەنگەوە دەچێتە کاوڕ و بۆ ماوەی 45 ڕۆژ دەمێنێتەوە، لەم ماوەیەشدا هەست بە ئازادی دەکەین و چاونەترسانە بڕیار دەدەین و ئارەزووە سێکسیەکانیش تووشی هەڵچونی کتوپڕ دەبن.

3- ڕۆژی 2009\4\24 ڤینۆس لە بورجی نەهەنگ دەچێتە بورجی کاوڕ، ماوەی 25 ڕۆژی دوای ئەو ڕۆژە، بە تەنها دیدارێک دەوروژێنن و بە ئاسانی بە کەسانێک سەرسام دەبین کە پێشتر هیچ گرنگییەکمان پێ نەداون.

4- لەبەر ئەوەی ئەم هەفتەیە گۆڕانی زۆر لە ئەستێرەکان هەیە، هەر کەسێک ئاواتێکی تایبەتی هەیە مۆمی هەنگوینی دابگیرسێنیت ئەو ئاواتەی بۆ بەدی دێت.

لە تۆرنتۆوە



# هەڵبژاردن مێژوو دووبارە دەکاتەوە

رامیار مەحمود–کەنەدا
karwanmramyar55@gmail.com

هاورێیەکی من تێبینییەکی جوانی هەبوو دەربارەی ئەو هەڵبژاردنەی دەشێت لە کوردستاندا بەڕێوە بچێت، ئەو لە گفتوگۆکردن لەگەڵ من لەو بڕوایەدا بوو ئەو وێنەیەی خەڵک بەرامبەر بە هێزەکانی دەرەوەی پارتی و یەکێتی هەیەتی وەک ئەلتەرناتیفێکی باش لە هەمان ئەو وێنەیە دەچێت کە پێشووتر ئێمە هەمان بوو بۆ پارتی و یەکێتی بەرامبەر بە بەعس لە پێش ڕاپەڕین. گفتوگۆکانی ئێمە بۆ سەر چەندین بابەتی جیاواز و دابڕاو لە یەکتر دەچوو، بەڵام من حەزدەکەم ئەو تێبینییەی ئەو زیندوو بکەمەوە. من لەو بڕوایەدام هەندێک ڕاستی لەنێو ئەم جۆرە تیبینیکردنەدا هەیە بە بەڵگەی ئەوەی هەست بە نائومێدییەکی گەورە دەکرێت لەنێو خەڵکی گشتیدا بەرامبەر بە بەڵێن و مژدەکانی هەردوو حیزبەکە، لە هەمانکاتیشدا هیوایەکی گەورە دەدرێتە پاڵ بەرهەڵستکارانی دوو پارتە خاوەن دەسەڵاتەکە، هیچ بەڵگەیەک ناتوانێت ئەوە پیشانی ئێمە بدات کە ئەم هێزە سیاسیانەی ئێستا لە کوردستان هەن جیاوازییەکی سیاسی و ئایدیۆلۆجییان لەگەڵ یەکتردا هەیە، چ ئەوانەی لە دەسەڵاتدان و چ ئەوانەی بە شوێن گۆڕان و ریفۆرمەوەن، لەبەرئەوەی بەرهەمی یەک ژینگەی سیاسی و هەڵگری یەک گوتاری سیاسی چونیەکن لەسەر مەسەلەکان. هەموو حیزب و ڕێکخراوەکان هەڵگری هەمان دروشم و هیواو مژدەن. من خۆم ناتوانم دڵنیابم لەوەی کام گرووپی سیاسی لە هەرێمی کوردستان دەشێت باشتر ئەو ئامانجانە بەرجەستە بکات، چونکە ناتوانم بڕیار بدەم کێ لە نیەت و بەڵێنەکانیدا ڕاستگۆترە لەویتر. دەنگدانیش لە دوو دۆخ زیاتری نییە، یان ئەوەتا ئیلزامییە وەک نموونەی ئوستورالیا، دەبێت هەموو هاووڵاتییەکی دەنگدەر دەنگبدات ئەگینا تووشی لێپرسینەوەی یاسایی دەبێتەوە، چونکە بە پێی یاسای ئەو وڵاتە هەموو دەنگدەرێک دەبێت دەنگبدات، ئەگەر دەنگ نەدات بە شێوەیەکی یاسایی و لە ڕێی خستنەڕووی بەڵگەی تەواوەوە دەبێت هۆی دەنگنەدانەکەی ڕوونبکاتەوە. یان دۆخە پێچەوانەکەی ئەوەیە دەنگدان بەرپرسیارێتییە و ئەرکێکی یاسایی نییە، ئەگەر بەشداری نەکەی بە دەرچوون و شکاندنی یاسا دانانرێت وەک نموونەی کەنەدا یان هەرێمی کوردستان. من ئەو بەرپرسیارێتییە چۆن تاقیبکەمەوە؟ لە هەڵبژاردنی ئایندەی کەنەدا دەزانم دەنگ دەدەمە کام گرووپی سیاسی لیبرال یان کۆنسێرڤەتیف یان نیودیموکراتیک پارتی یاخود گرین پارتی. بێگومان من دەنگدەدەمە لیبراڵەکان چونکە دەزانم دەتوانم داکۆکییەکی سەرەسەختانە لە تێزەکانی بکەم و بیانوی ڕۆشنم دەبێت سەبارەت بەوەی کێ هەڵدەبژێرم. مەسەلەکە بێگومان هەرگیز ئەوە نییە (ئگناتیف) سەرۆکی بەرهەڵستکاری ڕەسمییە لە پەرلەمان و نووسەرو ئەکادیمیستە و دۆستی کوردەو بە چاوی خۆی کوردستانی بینیوە لە ساڵانی یەکەمی دوای ڕاپەریندا و فەسڵێکی یەکێک لە کتێبەکانی بە ناوی کودستانەوەیە لە بواری تاوتوێکردنی ناسیونالیزمی نوێ. بەڵکو دەزانم لیبراڵ وەک پارتێکی گەورە لە ئەزموونی کەنەدا لە ڕووی سیاسییەوە لە پشت کۆمەڵێک دۆزەوە ڕاوەستاوە کە پەیوەندییان بە خواست و ژیانی منەوە هەیە.

بەڵام لە کوردستان دەنگدەر نازانێت چۆن دەنگبدات، چونکە ئێمە لەبەردەم کۆمەڵێک گرووپی سیاسی جیاوازدا نین کە هەر یەکەیان لێکدانەوەیەکیان هەبێت بۆ ئابووری و سیاسی و مەسەلە کۆمەڵایەتییەکان و ژینگە و مەسەلەی کار...هتد. لەباشترین حاڵەتدا رەنگە تەنها من حەز بکەم خەڵک پەرلەمانێکی هەمەڕەنگ دروست بکەن، لیستی جیا جیا هەبێت بۆ ئەوەی ببێتە هۆی بەرزکردنەوەی ڕێژەی بەشداریکردنی سیاسی هەروەها پارتی و یەکێتی بە لایەنی کەمەوە لیستە داخراوەکانیان بە مەبەستێکی ئیجابی بەکاربێنن بۆ ئەوەی ڕێژەیەکی زیاتر لە ژن و خەڵکی شارەزا بنێرنە پەرلەمانەوە، چونکە ژن و خەڵکی ئەکادیمی توانای ئەوەیان نییە بە شێوەیەکی دیکە دەنگ بە دەستبێنن و بچنە پەرلەمان. ئەم هەڵبژاردنە جێگای تاقیکردنەوەی هیچ بەختێکی سیاسی نییە بەقەد ئەوەی سەرەتایەک دەبێت لە وەرچەرخان لە ماناکانی سیاسەتکردندا، بۆ یەکەمجار هەموو هێزێک هەستدەکات چارەنووس و هەلی تاقیکردنەوەی دەسەڵات بەرهەمی بڕیاری ئەو کەسانەیە بە ڕەزامەندی خۆیان دەنگ بە هێزێک لە هێزەکان دەدەن. ئەم هەڵبژاردنە سیاسەتکردن دەخاتە ژێر رکێفی رازیکردنی خەڵکەوە. ئەو شۆکەی پارتی و یەکێتی تووشی بووە لە ئێستادا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەوان لەو بڕوایەدان خەڵک بە شێوەیەکی سروشتی دەبێت دەنگ بەوان بدات. ئاسان نییە بەم خێراییە لەوە تێبگەن ئەوانە بۆ لە نوێنەری نەتەوەوە دەبن بە نەیاری کۆمەڵگە لە زەینی زۆر لە خەڵکیدا. ئەم شۆکە هەر لەو شۆکە دەچێت کە کورد نازانن بۆ دەوڵەتییان نییە، هەر لە هەمان ئەو شۆکەش دەچێت کە کورد هەمیشە گلەیی ئەوەیان هەیە خەڵکیتر بۆ برینەکانیان نابینێت و هاوئاین و دراوسێیەکانیان بۆ نازانن ئەوان چەند لەسەر هەقن، بەڵام ئەو کەرەستانەی بۆ دەوڵەتداری پێویستن و ئەو کەرەستانەی بۆ پیشەسازی دەبێت بخرێنەگەڕ چین، هەرگیز پرسیار نییە.

کورد لێرەدا لەو تێکستە نووسراوانە دەچێت کە لە هەندێک کەلچەردا بەرهەمدێت، خوێنەر تێیدا تۆمەتبار دەکرێت کاتێک تێگەیشتن بەرهەمی لێوە نایێت، بە پێچەوانەی کەلچەری ئینگلیزییەوە کە کێشەی تێگەیشتن لە نووسین گرفتەکەی لە نووسەردایە نەک خوێنەر.



# چارەسەری ئاشتیانە یان چەکدانانی بێ بەرامبەر

مستەفا شەفیق– ئەلمانیا
gare2005@hotmail.de

ئەم ماوەیە چەکدانانی PKK بووەتە لێدوانی بەرپرسان و باسی میدیاکان. سەردانی عەبدوللا گول بۆ بەغدا و سەردانی سەرۆکی ئەمریکا بۆ تورکیا و عێراق ئەم باسەیان گەرمتر کردووە. هەرچەندە ئەوە بابەتیکی کۆنەو تازە دەبێتەوە. خاڵێک کە ئەمجارەیان زیاتر دووپاتدەکرێتەوە ئەوەیە: PKK" یان چەکدابنێ یان عێراق بە جێبێڵە". بەڵام ئایا کێشەکە بەم سادەییە چارەسەر دەکرێت؟ کێشەیەک 30 ساڵ تورکیای خستبێتە شەڕێکی بەردەوام، زیاتر لە چەند جار باشووری کوردستانی دووچاری شەڕی ناوخۆ کردبێت، بەشێکی گرنگی کێشەکانی ئەم دەڤەرەیە و، هەشتا ساڵە سەرچاوەی هەموو کیشەکانی تورکیابێت، دەکرێت بە دوو قسە کۆتایی بێت؟ بەرای من ئەوە بۆچوونێکی زۆر سەرەڕۆیانە و هەرزانەیە.

ئەگەر لە تورکیادا شەڕێک هەیە، ئەو شەڕە هەر ناوێکی لێ بنرێت "شەڕی تیرۆر"، " شەڕی ئازادی" یاخود وەکو هەندێک کەس دەڵێن شەڕێکی بێ مانابێت، لە واقیعدا شەڕێک هەیە. کورد گوتەنی هیچ شەڕێک بە یەکلا ناکرێت بە دوولا دەکرێت. ئەگەر هەڵگیرسانی شەڕ بەرپرسیاری دوولایەنە بێت،کۆتایی هێنانیشی بەویستی هەردوولایەکە سەردەگرێت. لەم نێوەدا ئەگەر لایەنی سێیەم بیەوێت کۆتایی بە شەڕبێنێت و نەبێتە بەشێک لە کێشەکە ناچارە دادپەروەرانە و بێ لایەن هەڵسوکەوت بکات، ئەگەر نا نیاز هەر چییەک بێت بە لایەنگیر دەژمێردرێت، واتە دەبێتە بەشێک لە کێشەکە. ئەوەی تاوەکو ئێستا بۆ باشووری کوردستان بووەتە گرفت ئەم گرێ کوێرەیە، هەرچەند باشوور نەیویستبێت، بەڵام هەر بووەتە بەشێک لە گرفتەکە. پێویستە باشووری کوردستان نەکەوێتە ئەو هەڵەیەوە کە تورکیا تێیکەوتووە و سی ساڵە دەخوازێت بەشەڕ کۆتایی بەم مەسەلەیە بێنێت. باشووری کوردستان چەند جارێک ئەم ئەزموونەی تاقیکردەوە، بێ ئەوەی ئەنجامی هەبێت. دووبارەکردنەوەی هەڵە کارێکی ژیرانە نییە، باشووری کوردستان تەنها بە هەوڵدانی سیاسیانە دەتوانێت زیانی کێشەکە کەم بکات.

شەڕی PKK دژی تورکیا بووەتە بارگرانی بۆ باشووری کوردستان، بەڵام ئایا بەردەوامبوونی شەڕ تەنها لە لای PKK گیری خواردووە؟ سەرۆک کۆماری تورکیا دووپاتیکردەوە کە ئەوان تا دوا هەناسە شەڕی PKKدەکەن. هەروەها دوا کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی ئاسایشی تورکیا داکۆکی لەسەر درێژەپێدانی شەڕ کرد. ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان لە باکووری کوردستان بەردەوامن. لەمەیدانی سیاسیدا هەڵمەتێکی بەرفراوانی دژی کادیرو ئەندامانیDTP دەست پێکردووە .بە کورتی نیازی کۆتایی هێنان بەشەڕ لە لایەن کاربەدەستانی تورکیا لاوازە. لە رەوشێکی بەوشێوەیەدا چەکدانانیPKKچ و مانایەک دەگەیێنێت؟ ئایا چەکدانان خزمەتی چارەسەری ئاشتیانە دەکات؟ یان تەسلیمبوونێکی بێ بەرامبەرە ؟

تورکیا دەخوازێت لەرێگای ئەمریکاوە فشار بخاتە سەر عێراق و باشووری کوردستان و، ئەو ئەنجامەی 30 ساڵە بۆی بەدەستنەهاتووە لە رێگای ئەوانەوە بەدەستی بێنێت. ئەمە نیازێکی چاک نییە بۆ بەرقەراربوونی ئاشتی، بەڵکو گەرمکردنی شەڕە. کورد ناتوانێت خۆی بخاتە ژێر ئەو بارە. ئاشتی داوایەکی رەوایەو هەموو مرۆڤ دۆستێک دەبێ پشتیوانی بکات، بەڵام بۆ ئاشتی دادپەروەری پێویستە، ئەگەرنا بەدیهاتنی ئاشتی مەحاڵە.

ئەگەر هەموو ئەم راستیانەی سەرەوە بە چاوێکی دادپەروەرانە بخەینەڕوو، دەبێ دان بەوە دابنێین کە لەم هەلومەرجەدا، سەختە باسی چەکدانان و کۆتایی هێنان بەشەڕ بکریت . مەگەر تورکیا زەمینە بۆ چارەسەری برەخسێنێت، ئەوکات هەوڵە مرۆڤ دۆستی و ناوبژیوانییەکان دەرەنجامی ئەرێنییان دەبێت، ئەوکات پێویستە کوردیش فیداکاری زیاتر بکات. ئەگەر نا تەنها بە دووبارەکردنەوەی :" یان چەکدابنێ یان وڵاتمان بەجێبهێڵە". کورد دەکەوێتە تەنگانەی زیاتر و شەڕ بۆ کورد زیانی زیاتری دەبێت. خۆ ئەگەر PKK لەم هەلومەرجەدا چەکدانان قبوول بکات ئەوکات خۆی دان بەوە دادەنێت کە شەڕی 30ساڵەی شەڕێکی تیرۆریستی بێ مانا بووە، قبووڵکردنی ئەمەش بۆ بزاڤێکی چەکداری ئاسان نییە. 10 ساڵ شەڕی ئەمریکا دژی تیرۆر قەناعەتی بە ئەمریکا هێنا کە شەڕ چارەسەر نییەو ئامادەیی خۆی بۆ دانوستان تەنانەت لەگەڵ قاعیدەش دەربڕی . ئەزموونی ئێرلەندای باکوور، تامیل و باسکی ئیسپانیا ئیسپاتیانکرد کە بە شەڕ هیچ هێزێک لەناونابرێت. سووربوونی تورکیا لەسەر درێژەپێدانی شەڕ،حاڵەتیکی سایکۆلۆژی سەربازانی تورکیایەو بە بۆچوونی خۆیان کەس ناتوانێت بە شەڕ چۆک بە تورکیا بدات، جارێ کورد هەر هیچ ناتوانێت. تێکشکاندنی ئەم سایکۆلۆژیە بۆ تورکیا زۆر سەختترە لە کۆتایی هێنانی شەڕ . سەرباری هەموو ئەمانە دەبێ لەبیرنەکەین تەنها هەر ئاشتی دەتوانێت کۆتایی بەشەر بێنێت و بەشەڕ، ئاشتی وەدینابێت.



# سیستێمی هەڵبژاردن و بەڕێوەبردن لە سوێد

کاوە ئەمین– سوێد
kawe35@hotmail.com

لەگەڵ ئەوەی ژمارەی دانیشتوانی سوێد لە 9 ملیۆن تێناپەڕێت، بەڵام سوێد هەم وەک وڵات، هەمیش سوێدییەکان وەکو تاکە کەس دەورێکی گرنگیان هەیە لە داوودەستگا نێودەوڵەتییەکاندا. کەم ڕێکخراوی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان و یەکێتی ئەوروپا هەیە کە سوێدییەکان پۆستی گرنگیان تێدا نەبێت.

وڵاتی سوێد پاشایەتییە، بەڵام سیستێمێکی پەرلەمانی حوکمی وڵات دەکات کە هەر چوار ساڵ جارێک لە ڕێگەی دەنگدان و بە لیستی کراوە، ئەندامانی پەرلەمان هەڵدەبژێردرێن، هاوکات نوێنەر و سەرۆکی شارەوانی و ئەنجوومەنی هەرێمەکان هەڵدەبژێردێن . ڕۆژی هەڵبژاردن دەکەوێتە سێیەمین یەکشەممەی مانگی سێبتێمبەرەوە. دوا هەڵبژاردن لە ساڵی 2006 دا کرا، ئێستا حکومەتێکی موحافەزەکار بە سەرۆکایەتی فرێدریک راینفێلد، سەرۆکی پارتی مۆدرات لەسەر کارە.

پەرلەمان و حکومەتی سوێد، وڵات بەڕێوە دەبەن، پاشای وڵات هیچ دەسەڵاتێکی سیاسی نییە و بۆی نییە خۆی لە کاروباری سیاسی، هەڵبقورتێنێ.

## پەرلەمان

پەرلەمانی سوێد 349 ئەندامی هەیە و تەلاری پەرلەمان دەکەوێتە ناوەندی ستۆکهۆڵم، کە هاوکات جێگایەکی کۆن و پڕبایەخە و ساڵانە دەیان هەزار گەشتکار سەردانی ئەو ناوچەیە دەکەن. هەموو هاووڵاتییەکی سوێدی کە هەژدە ساڵی پڕکردبێتەوە مافی دەنگدان و خۆ کاندیدکردنی هەیە.

سیستێمی هەڵبژاردن لە سوێد رێژەییە. ئەمەش بەو مانایە دێت کە ئەو پارتە سیاسیانەی بەشداری هەڵبژاردن دەکەن، بەگوێرەی دەنگەکانیان نوێنەریان لە پەرلەماندا دەبێت، بۆ ئەو مەبەستەش دەبێت هەر پارتێک رێژەی %4ی دەنگەکان بەدەستبێنێ تاوەکو بتوانێت بچێتە نێو پەرلەمانەوە، بەڵام قانونێکی تایبەتیش هەیە ئەگەر پارتێک لە هەرێمێکدا رێژەی %12ی دەنگەکانی بەدەستهێنا، مافی ئەوەی هەیە نوێنەری لە پەرلەماندا هەبێت، بەڵام تا ئێستا شتێکی وا ڕوونەداوە.

## کێبڕکێ لەسەر پەروەردەو تەندروستییە

وڵاتی سوێد بەسەر 29 هەرێمی هەڵبژاردندا دابەشکراوە، گەورەترین هەرێمی هەڵبژاردن ستۆکهۆڵمە و بچووکترینیش هەرێمی گوتلاندە. نزیکەی ساڵێک پێش هەڵبژاردن، پارتە سیاسییەکان دەست بە پروپاگەندەی هەڵبژاردن دەکەن تا بتوانن لە ڕێگای ئەو بەڵێنانەی دەیدەنە خەڵکی سوێد، دەنگەدەران بەلای خۆیاندا رابکێشن، زۆربەی جاریش پەروەردە و تەندروستی دەبنە پرسی سەرەکی و کێبڕکێ لەسەرکردنی نێوان پارتە جیاوازەکان.

راگەیاندن بە گشتی و تەلەڤزیۆن بە تایبەتی دەورێکی گرنگ و یەکلاکەرەوەیان هەیە لە هەڵبژاردنەکاندا، هەر بۆیە تەلەڤزیۆنی دەوڵەت بەتایبەتی، دەبێتە پلاتفۆرمی گفتوگۆی نێوان سەرۆکی پارتەکان، بەتایبەتیش هەردوو پارتی گەورەی سۆسیالدیموکرات و مۆدرات کە سەرکێشی بەرەی چەپ و بەرەی راست دەکەن.

## حیزبەکان بەرنامەکان بۆ ماڵان دەنێرن

لە هەموو شار و شارۆچکەیەک، ژمارەیەک شوێنی تایبەتی بۆ دەنگدان ئامادە دەکرێن، زۆربەی کاتیش قوتابخانە و ساڵۆنی کۆبوونەوە گشتییەکان دیاریدەکرێن بۆ دەنگدان.

پسولەی دەنگدانی پەرلەمان رەنگی زەردی بۆ دیاریکراوە. بۆ نموونە، پارتی گەل، ناوی پاڵێوراوانی خۆی بە گوێرەی بڕیاری پارتەکە کە کام ناو یەکەم بێت و هەتا دوایی، ریزبەند دەکات. دیارە ئاواتی پارتەکان ئەوەیە کە بە گوێرەی لیستەکەیان کاندیدەکان بنێرنە نێو پەرلەمان، بەڵام هاوکات دەنگدەران مافی ئەوەیان هەیە کە دەنگ بدەنە کاندیدی دڵخوازی خۆیان. بەم جۆرە هەڵبژاردنەش دەوترێت "هەڵبژاردنی کەسێتی" . هەر کاندیدێک با ناوەکەیشی لە خواری خوارەوەی لیستدا بێت، بتوانێت %8ی دەنگەکان بەدەستبێنێت، ئەوا ئۆتۆماتیکی ناوەکەی دەچێتە سەرەوە و دەبێتە ئەندامی پەرلەمان. بۆ نمونە ئەگەر پارتێک لە هەرێمێکدا 50 هەزار دەنگ بێنێت، ئەوا دەبێت ئەوانەی کە وەکو شەخش دەنگیان بۆ دراوە، چوار هەزار لە دەنگەکان مسۆگەر بکەن، واتە %8ی دەنگەکان.

ئەگەر دەنگدەرێک نەتوانێت رۆژی هەڵبژاردن دەنگبدات، دەتوانێت پێشتر لە رێگای پۆستەوە دەنگبدات. ئەوانەی هاووڵاتی سوێدن و لە دەرەوەی وڵات دەژین، دەتوانن لە ڕێگەی باڵیۆزخانەی سوێد لەو وڵاتەی لێی دەژین دەنگبدەن. دەنگدەران پێویستیان بەوە نییە پێشتر خۆیان ناونووس بکەن بەڵکو چەند هەفتەیەک پێش هەڵبژاردن پسوولەی دەنگدانیان لە رێگەی پۆستەوە بۆ دێتە ماڵەوە. پارتە سیاسییەکانیش، پرۆگرامی هەڵبژاردنی خۆیان لە شوێنە گشتییەکاندا دادەنێن و ماوەیەک پێش ڕۆژی هەڵبژاردن دەخرێنە پۆستی هەموو ماڵێکەوە.

## دوای هەڵبژاردن

دوای جیاکردنەوەی دەنگەکان، 349 ئەندامەکەی پەرلەمانی نوێ دیاردەبن . کارەکانی پەرلەمان لەلایەن سەرۆکی پەرلەمانەوە بەڕێوە دەبرێت کە زۆربەی جار سەر بە پارتی براوەیە، یانیش سەر بە یەکێک لەو پارتانەیە کە بەشداری لە دروستکردنی حکومەتدا دەکەن . یەکێک لە کارە گرنگەکانی سەرۆکی پەرلەمان ئەوەیە کە دوای هەڵبژاردن پێشنیاز دەکات کام سەرۆک پارت دەتوانێت دەوڵەت دابمەزرێنێ، هەروەها کاروبارەکانی پەرلەمان لە کاتی کۆبوونەوەکاندارێکدەخات.

## ئەرکی پەرلەمان

گرنگترین کاری پەرلەمان، قانوون دانان و بڕیاردانە لەسەر دەرماڵەی حکوومەت و خەرجییەکانی . سەرەڕای ئەوەی کە بە بەردەوامی کۆنترۆڵی حکوومەت دەکات و لە کارەکانی دەپێچێتەوە. هەروەها بە هاوبەشی لەگەڵ حکوومەت لەسەر پرسە گرنگە دەرەکییەکان بڕیار دەدەن کە سوێد بە چ شێوەیەک هەڵسوکەوت بکات، واتە سیاسەتی دەرەوەی سوێد.

بۆ ئەوەی کارەکانی پەرلەمان بەشێوەیەکی باش وخێرایی بەڕێوە بچن، پەرلەمان بەسەر 16 لیژنەدا دابەشکراوە. هەر لیژنەیەک بەرپرسە لە کارێک، بۆ نموونە لیژنەی پەروەردە بەرپرسە لە کاروباری پەروەردە و خوێندن. هەر لیژنەیەک دەتوانێت پێشنیاز لە بوارەکەی خۆیدا بکات، بەڵام دەبێت پەرلەمان بڕیار لەسەر پێشنیازەکە بدات.

بڕیارەکانی پەرلەمان لە ڕێگەی دەنگدانی ئەلکترۆنییەوە دەکرێت،واتە پەرلەمانتارەکان بۆیان هەیە لە سێ دوگمەی "بەڵێ"، "نەخێر" یان "دەنگ نەدان" کەڵک وەربگرن، ئەوەش دوای مشتومڕێکی زۆر، ئەو بڕیارانەی کە لەبەرژەوەندی سوێد و خەڵکەکەیەوە بێت، پارتە ئۆپۆزسیۆنەکانیش دەنگی بۆ دەدەن. دوای دەنگدانەکە، بڕیارەکە دەدرێتە حکوومەت بۆ جێبەجێکردن.

## پێکهێنانی حکوومەت و کارەکانی

دەوڵەت لەلایەن ئەو سەرۆک پارتەی کە زۆرترین پشتیوانی هەبێت لە پەرلەماندا، پێکدەهێنرێت، واتە دەبێت زۆرترین ئەندام پەرلەمان لەگەڵیدا بێت. پاشان سەرۆک وەزیر، ئەندامانی دەوڵەتەکەی دیاریدەکات.

حکوومەت لە ڕێگای هەزاران بڕیاردەر کە سەر بە وەزارەتەکانن، وڵات بەڕێوە دەبات، بەڵام بڕیارە گرنگەکان دەبێت لەلایەن پەرلەمانەوە، پەسەندبکرێن. بۆ نمونە دەوڵەت پێشنیازی بودجەی وڵات دەکات، بەڵام دەبێت پەرلەمان پەسەندی بکات.

بۆ ئەوەی حکوومەتێک بتوانێت لەسەر کار بمێنێتەوە دەبێت هەمیشە متمانەی پەرلەمانی هەبێت. ئەگەر پەرلەمان بڕیارێکی گرنگی دەوڵەت رەتبکاتەوە، ئەوا دەبێت حکوومەت دەست لەکار بکێشێتەوە. ئەگەر حکوومەت لە هەڵبژاردنی داهاتوودا نەتوانێت دەنگی پێویست بەدەست بێنێت، ئەوا دەبێت حکوومەت جێگا بۆ ئەو پارتانەی کە زۆرینەی دەنگیان هێناوە و پێش هەڵبژاردن بڕیاریانداوە کوالیسۆن دروست بکەن، چۆڵ بکات.

## جۆرەکانی حکوومەت

ئەگەر پارتێک بتوانێت زۆرینەی دەنگەکان لە %50 زیاتر بە دەستبێنێت ئەوا دەتوانێت بە تەنیا حکوومەت دروست بکات و پێیدەوترێت حکوومەتی زۆرینە. حکوومەتێکی وا، دەتوانێت بە دڵنیاییەوە پێگەی خۆی قایم بکات چونکە هەموو پێشنیازێک کە دەیداتە پەرلەمان، بە ئاسانی دەنگی پێدەدرێت. قانوونی سوێد ریزپەڕێکی داناوە بۆ ئەو پارتەی کە نزیکەی کەمتر لە پەنجا لەسەتی دەنگەکان بەدەستبێنێت، ئەویش پێیدەوترێت حکوومەتی کەمینە، ئەوەش لە ڕێگای پێکهاتنی ئەندامانی پەرلەمانەوە دەبێت، بەڵام حکوومەتێکی وا زۆر شانسی نابێت تا سەر بتوانێت بمێنێتەوە.

## حکوومەتی کوالیسیۆن

هەندێک جار ڕوودەدات دوو پارت یان زیاتر بەیەکەوە حکوومەت دروستبکەن، ئەمەش پێیدەوترێت حکوومەتی کوالیسیۆنی. بەڵام زۆر جار مەترسی ئەوە هەیە کە پارتێک یان زیاتر لە نیوەی رێدا بەهۆی نارازیبوونەوە پاشگەز ببنەوە و هاوکارییەکە هەڵدەوشێننەوە، لە حاڵەتێکی وادا، دەبێت حکوومەت دەستبەجێ دەست لەکار بکێشێتەوە و هەڵبژاردنی پێشوەخت بکرێت.

کاتێک وڵات ڕووبەڕووی هەڕەشەیەکی گەورە ببێتەوە، بۆ نمونە هەڵگیرساندنی شەڕ، ئەو کاتە رەنگە پارتێک یان دووان نەیانەوێت بە تەنیا بەرپرسیارێتی بخەنە سەر شانی خۆیان لە حاڵەتێکی وادا هەموو پارتەکانی نێو پەرلەمان بەبێ گوێدانە ئایدۆلۆژی پارتەکان، حکوومەتێکی هابەش پێکدەهێنن. لە سەردەمی شەڕی جیهانی دووەمدا، سوێد لەلایەن حکوومەتێکی گشتگیرەوە حوکومڕانی کرا، بەڵام کاتێک شەڕەکە لە ساڵی 1945 کۆتایی هات، سۆسیالدیموکراتەکان بە تەنیا، حکوومەتیان پێکهێنا.

## چاودێریکردنی حکوومەت لە لایەن هاووڵاتیانەوە

لە سوێد کە یەکێکە لە وڵاتە دیموکراسییە پێشکەوتووەکانی جیهان، لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە هاووڵاتیان چاودێری دسەڵات دەکەن. هەموو ئەو بڕیارانەی لەلایەن دەوڵەتەوە دەدرێن و هەموو کارەکانیان وەکو دێکۆمێنێت کۆدەکرێنەوە، هەر هاووڵاتییەک بیەوێت دەتوانێت بیانخوێنێتەوە، تەنها ئەو دێکۆمێنتانە نەبن کە پەیوەندیان بە ئاسایشی وڵاتەوە هەیە. هاووڵاتیان دەتوانن پەیوەندی بەو کەسانەوە بکەن کە بڕیارەکان دەردەکەن، هەروەها لە ڕێگای پەرلەمانتاری هەرێمەکانیانەوە دەتوانن بیروڕای خۆیان بگەیێننە نێو پەرلەمان. بۆ ئەو مەبەستەش ڕۆژانی دووشەممە، دەستی پەرلەمانتارەکان ئاواڵا کراوە تا بتوانن لەو هەرێمانەی لێوەی هاتوون لەگەڵ هاووڵاتیان و ئەندامانی پارتەکانیان کۆببنەوە و گوێ لە داخوازی و رەخنەکانیانبگرن. ئەوە جگە لەوەی کە سەدان رۆژنامەی رۆژانە دەردەچن و هاووڵاتیان دەتوانن لە لاپەڕەی ئازاددا، بیروڕاکانیان دەربڕن و رەخنە لە حکوومەت و پەرلەمان و پارتە سیاسییەکان بگرن. سەرۆک وەزیری پێشووی سوێد، یۆران پەرشۆن لە وەڵامی پرسیارێکدا کە ئاخۆ سەرەتا کام لاپەڕەی رۆژنامەکان چاو لێدەکات، وتبووی: لاپەڕەی ئازاد کە بیرو بۆچوونی خەڵکی تێدا بڵاو دەکرێتەوە، چونکە بۆ من گرنگە بزانم خەڵک چی دەڵێن!

## چوار قانوونە بنچینەییەکە بە ئاسانی ناگۆڕدرێن

لە ساڵی 1974 دا لە سەر شکڵدانی دەوڵەت هاتووە، کە چۆن پەرلەمان و حکوومەت هەڵدەبژێردرێن، هەروەها باسی ئازادی و مافی هاووڵاتیان کراوە. لەیەکەمین پەرەگرافدا نووسراوە:"هەموو دەسەڵاتێکی ئاشکرا لە لایەن خەڵکی سوێدەوە دیاری دەکرێت".

لە ساڵی 1810 دا، بڕیاردراوە کە کێ دەتوانێت میراتگری پاشا (ببێتە پاشا دوای مردنی پاشای سوێد) بێت، کە تەنها پیاو بۆی هەبووە ببێتە پاشا. بەڵام پەرلەمانی سوێد لە ساڵی 1980 ئەو قانونەی گۆڕی، کە ژنیش دەتوانێت جێگای پاشا بگرێتەوە و ببێتە پاشای وڵات.

قانوونی چاپ و بڵاوکردنەوە ئازادی بۆ هەموو تاکێکی سوێدی دیاریکردووە کە دەتوانێت هەموو بیروڕایەکی خۆی بە شێوەی نووسراو بڵاوبکاتەوە، بۆ نمونە رۆژنامە دەرکردن و بڵاوکردنەوەی کتێب. هەروەها هەموو تاکێکی سوێدی مافی ئەوەی هەیە دێکۆمێنتە ئاشکراکانی دەوڵەت و کۆمۆنەکان بخوێنێتەوە.

قانوونی ئازادی رادەربڕین. مافی ئازادی بەیان (بێ سانسۆر) لە رادیۆ، تەلەڤزیۆن، فیلم و بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆ، دەپارێزێت.

گۆران محەممەد



goransalih@hotmail.com

# شین و شادی لە تیڤی کوردی

بەش بە حاڵی خۆم، کاتی زێڕینی خۆم، هەرگیز بە تەماشاکردنی تیڤی کوردییەوە بە هەدەر نادەم. ئێوە دیوتانە کە سەتەلایتەکانتان کۆپی دەکەنەوە، چەند تیڤی کوردی دێت؟ وابزانم کەم نییە ژمارەی ئەو کەسانەی دەبێ دانیشن زۆربەی زۆری ئەو کەناڵانە بسڕنەوە، یان بیانهاوێژنە دوای دواوە.

تۆ لەوە گەڕێ تیڤی کوردی هیچ پلان و ستراتیژ و ڕێچکەیەکی نییە لە سەری بڕوات، بەڵکو زۆر جار خۆشیان نازانن، کەی، چی پەخش دەکەن. شازدەی سێ، هەر کەناڵێکی کوردی دەکەیتەوە، وێنەی هەڵەبجەی سووتاو و تەرمی منداڵ و پیر بە مووزیکێکی خەمگینەوە نیشاندەدەن، بەشەری خوام دەوێت دە دەقیقە خۆی پێڕاگیرێت و بە کوڵ نەگری. هەمووی پێنج ڕۆژی دیکەیە و لە نەورۆزدا دەیکەنە دەهۆڵ و زوڕنا ژەنینێک، تەعزێ بار دەخاتە سەرچۆپی کێشان.

لە مانگی ئاداردا، ڕۆژێک شینە و ڕۆژێکیش شادی، تیڤی کوردی لەمیاندا قوڕ دەپێوێت و لەویاندا وێنەی تەپ و تۆزی سێ پێیی نیشاندەدات. خەڵکی کوردستان وەک قەرەقوز دەبێ ڕۆژێک بگرین و هێشتا فرمێسکیان وشک نەبووەتەوە دەبێ ڕۆژی دوای ئەوە قوون بادەن. تیڤییەکانمان نە لە ساڵیادی کارەساتەکاندا و نە لە ڕۆژانی خۆشیدا بەرنامە و پلانی پێشوەختەیان نییە. تەنیا بیر لەو ڕۆژە دەکەنەوە و خەیاڵیان نە ڕۆژێ پێشتر و نە ڕۆژێک دواتر بڕ ناکات.

تیڤی کوردی ئەوەی لە یاد کردووە کە نەسڵێک هەیە نە ڕاپەڕینی دیوە، نە کۆڕەو و نە کیمیاباران، لەوانەیە بۆ کەسێک کە ئەو ڕووداوانەی دیون نیشاندانی فیلمی دۆکیومێنتاری هەڵەبجە و ئەنفال و کۆڕەو، تا ڕادەیەک ئاسایی بێت، بەڵام بۆ نەسلێک کە ئەو ڕووداوانەی تەنیا لە گێڕانەوەی کەس و کارەوە بیستووە، نیشاندانی ئەو وێنانە لە زیان زیاتر، هیچ سوودێکی نییە.

لەوانەیە عەبقەرییەکانی نێو تیڤییە کوردییەکان بڵێن ئاخر دەبێ نەوە دوای نەوە، نەهامەتی و مەینەتی باو باپیرانیان لە بیر بێت. ئامەنتو بیلا، بەڵام ئەم کارە بە دووبارە کردنەوەی ئەو وێنە جەرگبڕانە لە هەموو ئان و ساتێکدا ناکرێت، هەر چۆن ناشکرێت ئەمڕۆ لاشەی سووتاوی منداڵی هەڵەبجە نیشان بدەیت و سبەی ئەحە خولە سنەیی.

پلانی تیڤیی کوردی، بە لۆژیکی قەزا و قەدەرە. هیچ تیڤییەک نییە، لە بارەی سیستمی بەرنامەکانیەوە، ڕاوێژ بە دەروونناسێک یان کۆمەڵناسێک بکات، هەر بابایە لای خۆیەوە بە ئارەزووی هەرامەی خۆی، گەمە بە هەستی خەڵک دەکات. ڕاستە کورد خوێندەواری کەمە، بەڵام گومانم لەوەدا نییە کە بە هەموو تیڤییە کوردییەکان، شەش خوێندەوار و عەقڵداریان تێدا نییە.






# سەروەری و برسێتی بۆ پاشماوەی ئەنفال سەرشۆڕی و کۆشک و تەلار بۆ ئەنفالچی

حەکیم کاکەوەیس
kakaways@hotmail.com

زۆر جار بەرچـاو و گوێمان کەوتووە پیاوە سیاسـییە ئاینییەکان خۆیان لە (ئەنفال) دەبوێرن و لە بری ئەوەی بڵێن تاوانی ئەنفال یا کارەساتی ئەنفال، دەڵێن تاوانی بەناو ئەنفال، یا کارەساتی بە ناو ئەنفال. کەواتە پێیان باش نییە وشەی ئەنفال بۆ ئەو کارەساتانە بەکاربێنن کە بە دەستی عارەب بە سەر میللەتەکەیاندا هاتووە، چونکە ئەو وشـەیە لە قورئاندا باسی هەیە و کردارەکەش، موسڵمانان لە دژی بێ بڕوایان ئەنجامیانداوە!

جارێ دەبێ بزانین مەرج نییە هەرچی وشـەیەکی کە لە قورئاندا هاتووە پیرۆز بێ، دەنا دەبێ شـەیتان و ئەبو لەهەب و سـەگ و کەر و خوێـن و دار و بەرد و وەئـد و زۆر شـتی دیکەش کە پیرۆز نیـن بە پیرۆز بزانین چونکە لە قورئاندا باسیان هەیە و ناویان هەیە و قورئانیش هەر بەو زمانەیـە کە ئەو دەمە خەڵکی ئەو ناوچەیە قسەیان پێکردووە. عارەب بەر لە دابەزینی قورئـان و پەیدابوونی ئیسلام هەندێ وشـەیان بەکار هێناوە، دوای ئـەوە لە قورئانیشـدا بە هەمان واتاوە باسیان کراوەتەوە و هەموو قورئان بە زمانی خۆیان بووە. وشەی ئەنفالیش وەک وشـەی وەئد و قتل و جەهەننەم و جەننەت لە پێش پەیدابوونی ئیسلامدا و لە کاتی هێرش و پەلاماری خێڵەکان بۆ سەر یەکتر، لە ناو عارەبدا بەکار هێنراوە و لەگەڵی راهاتوون و بە لایانەوە ئاسایی بووە چونکە دەسـتکەوتیان لە ئەنفالدا بووە و دوژمنی خۆیانیان زەلیل و رەزیل و سەفیل کردووە و دوای ئیسلامیش ئەو وشـەیە هاندەرێکی باش بووە تا بە دڵ و بە گیان شـەڕ بکەن و تاڵان بکەن و بکوژن و نەیاری خۆیـان زەلیل بکەن. واتە، ئەنفال لە دوای هاتنی ئیسلامدا پڕ بە پێستی سروشتی عارەبی بیابانشین بووە.

عەنتـەری کـوڕی شـەدداد کە بەر لە ئیسـلام ژیاوە لە بەیتە شـیعرێکی خۆهەڵکێشانیداگوتوویەتی:

**انا اذا حمس الوغى نروى القنا ونعف عند تقاسم الأنفال**

واتە: ئێمە خەڵکانێکین ئەگەر شـەڕ گەرم بێ خوێن دەڕێژین و لە پێشەوەین، بەڵام لە دابەشکردنی ئەنفالدا شەرمن و تەریکین.

کەواتـە ئەو کاتەش لە نـاو عارەبدا ئەنفـال کاری پیـاوی زەریـف و رێزلەخۆگرتوو نەبووە و تەنها مشەخۆران پەلاماریـان داوە، بۆیە عەنتەر خۆی لێ لاداوە و شەرمی پێ هاتووە. خۆ ئەگەر وا نەبوایە ئەویش شـانازی بە ئەنفالەوە دەکـرد. بەڵگـەی ئەوەی کـە عەنتەر بەرانبەر مشەخۆری شەهامەتی هەبووە، ئەم بەیتەیە کە تێیدا

دەڵێ: **لاتسـقني ماء الحياة بذله بل فاسقني بالعز كأس الحنظل**

واتە: ئـاوی ژیانم بە سەرشـۆڕی و زەلیلی مەدەیێ بەڵکو کاسی گوژاڵکم بە سەروەری پێبدە.

بەعس قەسابخانەیەکی بۆ کورد بەرپا کرد و ناوی لێ نا ئەنفال. هیچ یەکێکیش لە زانایانی عارەبی و ئیسـلامی عێراقی و ناعێراقـی، چ نارەزاییەکی دەرنەبڕی بەرانبەر بەکارهێنانی ئەو وشـەیە و ئەو کـردارە. خۆ ئەگەر رێزیـان بۆ خوێنی کورد نەبوو، دەبوو رێزی وشەکە بگرن. ئەو کردارە تاوانکارییانەی کە بە ئەنفال ناونران پڕ بە پێستی بۆچوونی ئەو زانا ئیسلامییانەنەبوایەهەڵبەتەنارەزاییەکیان دەردەبڕی یـا هیچ نەبێ گلەییەکیان لە بەعس دەکـرد ئەو ناوە پیـرۆزەی لە کوردی موسڵمان سەرفکردووە!!

زانا سیاسـییە ئیسـلامییەکانمان، ئەوەندە بەوە سـەغڵەتن کە کورد ئەو تاوانـە گەورانە بە ئەنفـال ناو دەبا، بە خودی کردارەکەی بەعس سەغڵەت نابن. هەر دەڵێی ئێمەی کورد بە زۆری زۆرداری و بە ناهەقی ئەو ناوەمان بە سـەر ئەو قەسابخانەیەدا سەپاندووە کە بەعس لە دژی کورد بەرپای کرد.

ئەنفالە ئەنفالە ئەنفـال! ئەنفال، لە ناو رەگی مێـژووی لەمێژینەی عارەبی بیابانەوە سـەری هەڵداوە و رەگی زۆر لە رەگی ئیسـلام قووڵتـرە و تەنانەت رەسەنتریشـە، بۆیە ناتوانن هەر وا بە ئاسانی دەستبەرداری ببن. بیابانییەکان، لە پێناوی دەسـکەوتی شـەڕ نەبوایە، هەرگیـز بەو گەرموگوڕییە پشـتگیری لەشـکری ئیسـلامیان نەدەکرد. ئاخر هەتا سـەردەمی غەزا و ئەنفال بەسەر نەچوو، ناتەبایی و شەڕی ناوخۆ نەکەوتە ناویانەوە.

ئاسـاییە عارەبەکان، جا چ مەلا بن یـا نامەلا، گەمە بە وشـە بکـەن و لە پێناوی سەروەری میللەتی خۆیاندا و بۆ پاکڕاگرتنی نەژادی خۆیان پشتگیری لە تاوانی ئەنفالی ئەمڕۆ و دوێنێ و سبەینێی خۆیان بکەن و بیانـووی بۆ بدۆزنەوە، بەڵام نائاسـاییە مەلای کـورد تاوانی ئەنفـال وا باس بکا، کە بە ناو ئەنفالە. زانیمان ئەنفالی سەردەمی غەزاکانیان بە لاوە پیرۆزە، بەڵام بۆ دەبێ ئەنفالی پێش ئیسلامیش کە هی سەردەمی جاهیلییە هەر پیرۆز بـێ؟! دەکرا ئەو بەڕێزانە لە بری ئەوەی بڵێن بە ناو ئەنفال، بیانگوتبا ئەنفالی جاهیلی!

سیاسـەتمەدارانمان بەرگـری لـە ئەنفالچـی دەکـەن جـا کـورد بێ یا عارەب، مەلا بەڕێزەکانیشمان بەرگری لە وشـەکە دەکەن و ئەوەی خەسارەتمەند دەمێنێتەوە کوردی ئەنفالکراو و کەسوکار و پاشـماوەکانی ئەنفالـە، کە ئێمەی پاشماوەی ئەنفالیش دەگرێتەوە.

ئەنفالـە، ئەنفـال! ئەنفالچییەکان، هەندێکیان لـە کورد دەکرێنە خەباتگێڕ و شۆڕشـگێڕ و هەندێکیشیان لە پەنای ئەو سەرکردانەدا پارێزراون کە خەڵکیان ئەنفال دەکرد و بە ئەنفالکردنیان داون. ئەدی ئەوان بەخۆیـان ئەنفالچی نین؟! کوان ئەو کوردانەی لە ئەنفالدا نیشانەی ئازایەتییان لە سەددام حوسێن وەرگرت؟ هەموویان لە سایەی سەرکردە باڵاکانی کـورددا حەسـاوە و ئاسـوودە نین؟! ئەی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان؟ بەشی ئەنفالکراو دیارە و هی ئەنفالچیش دیارە. سروود و تابلۆ و رۆمان و چیرۆک و شیعر بۆ ئەنفالکراو، کۆشک و تەلار و پارە بۆ ئەنفالچی. گریان بۆ پاشماوەی ئەنفال و پێکهەڵدان و خۆشگوزەرانی بۆ ئەنفالچی. ئەم دنیـا بۆ ئەنفالچی و ئـەو دنیاش بۆ ئەنفالکـراو!! سـەروەری و هەندێ زاراوەی عەوامخەڵەتێـن بۆ ئەنفالکراو و پاشماوەی ئەنفال، سەرشۆڕی بە پارە و دوامۆدێلی هەموو شتێکەوە بۆ ئەنفالچی. ئیتر پاشماوەی ئەنفال بۆ خۆپیشاندان دەکەن؟!

پەیامی ڕووداو

# راگەیاندن لە تاقیکردنەوەی هەڵبژاردن دا

بەرنامەیەکی تەلەڤزیۆنی دەوڵەتیی سوێدم بینی، چەند رۆژێک پێش رۆژی دەنگدان وەک یەک ماوەی قسەکردنی بە حیزبە کێبرکێکارەکان دا، کە بەرنامەی یەکێک لەو حیزبانە پێداگیری لەسەر چاککردنەوەی ددان و دابینکردنی تاخمی ددان بۆ هاووڵاتیانی سوێد دەکرد، چونکە پێیوابوو ئەوە بووەتە کێشەیەکی بڵاو لە کۆمەڵگەی سوێددا.

لـەو نمونەیـەدا، دوو لایەنـی گرنگ بۆ سـود لێوەرگرتن هەن. یەکەمیان پێویسـتە تەلەڤزیۆنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەک لە هەموو وڵاتانی دیموکراسیدا دەکرێ لە کاتی هەڵبژاردن دا، وەک یەک تەلەڤزیۆنی هەموو لایەنە بەشـدارەکانی هەڵبژاردن بێت. دووەمیش پێشکێشکردنی بەرنامە و کارنامەی درێژ بۆ لیسـتەکان کە زیاتر دروشمبازی بێت نەک بەرنامەیەکی کردەنـی، کە لە وڵاتانی جیهان باوی نەماوە هەقە لە کوردستانیش بۆ چەند مەسەلەیەک کورتبکرێنەوە، با کێشەکانی کوردستانیش زۆر لەو وڵاتانە زیاتر بن.

راگەیاندن لە پرۆسەکانی هەڵبژاردن دا دەکەوێتە بەر تاقیکردنەوە، بۆ سـەلماندنی پیشـەیبوون و بێلایەنی خـۆی. ئەو هەڵبژاردنەی کوردسـتان لە هەڵبژاردنەکانی پێشووتر فرە لیستتر دەبێ، بۆیەش ململانێیەکـەی فراوانتر و تۆختـر دەبێت . ئەوەی پێش راگەیاندنی حکومـی و حیزبی دەکەوێتە بەر ئەو تاقیکردنەوەیە، راگەیاندنی ناحیزبی و ناحکومی و ئەهلییە.

چەند جارێک وتومانە، رۆژنامە یان هەر رۆژنامەیەکی ئازاد کە رێ بە خۆی دەدات لە رۆڵی چاودێریکردن و پێشکێشکردنی زانیاری بەخشین بەخوێنەر، بچێتە پێگەی بەرهەڵستکاریکردن و ئۆپۆزسیۆن بوونەوە، ئەوا بنەمای کارکردنی پیشـەیی و بێلایەنی خۆی لە دەسـتدەدات، چونکە ئۆپۆزسـیۆن بەرنامەی سیاسی هەیە و، خاوەن بەرنامەی سیاسیش حیزب و بەرەیەکـە و هیچ حیـزب و بەرەیەکیش بێلایەن نییە. رۆژنامەکان لەکاتی هەڵبژاردن دا زیاتر دەکەونە بەر رێ لێتێکچوونەوە، هـەر لەبەرئەوەش یەکێک لەو بوارانەی لەلایەن رێکخراوەکانی پەیوەسـت بە چاودێریکردنـی هەڵبژاردنەوە چاودێـری دەکەن، دەزگاکانی راگەیاندنە.

بۆیەش هەموو ئەو رۆژنامانەی لەکاتی ئاسـاییدا بەنێـوی چاودێریکردنی دەسـەڵاتەوە، کەوتبوونە بەرەی ئۆپۆزسیۆنی دەسەڵاتەوە، لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردن دا پێویست دەکات بکەونەوە رۆڵی زانیاری بەخشـین و بێلایەنییەوە، هەروەک چۆن حکومەت دەبێ بێلایەن بن و دەزگاکانی راگەیاندنیشی بەرنامەی هاوبەشـی وەک یەکی بۆ هەموو لایەنە بەشدارەکان هەبێ. دەزگاکانی راگەیاندنی هەموو حیزبەکانیش بە وشیار تەماشاکردنی هاووڵاتیان نەک بە پێچەوانەوە، دەتوانن رێز لە هەست و ویستی خەڵک بگرن، چونکە وەک دەڵێن :ئێسـتا خەڵک وشیارەو کاغەزی سپی دەخوێنێتەوە.

ئاکۆ محەممەد



# کوردینە شەرمەزارمان مەکەن

عەدنان حوسێن

بەرپرسـانی حکوومەتـی هەرێمـی کوردسـتان تووشـی هەڵەیەکی گەورە دەبـن، کە ئومێد دەکەیـن تێینەکەون، ئەگەر ئەوان بە هەمان شـێوەی رژێمی سەدام حوسێن و رژێمە دیکتاتۆریەکانی دیکە، پێشوازی لە راپۆرتەکەی رێکخراوی لێبوردنـی نێودەوڵەتـی (ئەمنسـتی ئینتەرناشناڵ) بکەن.

زۆر ئاسانە وەها وەڵامی راپۆرتەکانی ئەو رێکخراوە بدرێتەوە و بگوترێ راست نییە، یـان ورد نییە، یان بێلایەن نییە، یان تەنانەت هەڵبەستراویشـە، چونکە رەتکردنەوە لە نێو یەک دەرزەن قسـەی فەرمانبەرێکی ماستاوچیدا لە یەک رستە زیاتری ناوێت . بەڵام ئەمە هیچ شـتێک لە واقیعەکـە ناگۆڕێت، بەڵکو خەڵکانی سەرپێچیکار و یاساشکێن هاندەدات کە درێژە بـەو رێچکەیە بـدەن کە دەگاتە ماڵوێرانـی . ئەمنسـتی درۆ نـاکات، چونکە بـێ لایەنترین و باوەڕپێکراوترین رێکخراوی نێودەوڵەتییـە. بەڵگەش بۆ ئەوە ئەزموونـی ئێمە عیراقییەکانە، کە لـە رۆژگاری میحنەتمـان لەگەڵ رژێمی سەدام، هەستماندەکرد ئەو رێکخراوە تاکە پشـتیوانی ئێمەیە، بە شەرمەزارکردنی زۆر لەو تاوانانەی لەسـەردەمی کۆماری ترس و تۆقێنەری سـەدامدا روویاندەدا . هەرچەنـدە راپۆرتەکانی بە هۆی زۆر پێداگیریکردنی لەسەر کۆکردنەوەی بەڵگە و راستی رووداوەکان هەموو راستییەکانی پەیوەست بەو پێشێلکارییە زەقانەی تێدا نەبوون، کە دژ بە ماف و ئازادییەکان لەو سەردەمدا دەکران.

پێویسـتە حکوومەتـی هەرێمـی کوردستان، سوپاسی ئەو رێکخراوە بکات لەسەر دەرکردنی ئەو راپۆرتە، کە تێیدا زنجیرەیەک پێشێلکاری و دەستدرێژیکردنە سەر ئازادییەکان و مافەکانی لە هەرێمی کوردسـتان تۆمارکردوون. ئەم ئاشکرا کردنـەش یارمەتی حکوومـەت دەدات کە ئاوڕ لـە کەموکوڕی و هەڵەکانی نێو کاری خۆی بداتەوە، حکوومەتی هەرێمی کوردسـتان هەرچەنـدی هەوڵیبدابا و پارەی خەرجکردبا نەیدەتوانی بگاتە ئەو راستییانە، بە هۆی خەڵکانی بیرۆکراسییە ماسـتاوچییەکان . نەک هەر زۆر کورد دەزانن ئـەوەی لەو راپۆرتـەدا هاتووە راستە، بەڵکو ئێمەی دۆستانی کوردیش دەیزانین، هەندێکیشـمان زۆر بۆنەمان قۆسـتوونەتەوە بۆئەوەی لەوبارەوە لە بەردەم بەرپرسـانی حکوومەتی هەرێم و هەردوو پارتە سـەرەکییەکەی بەڕێوەی دەبەن، باسیان بکەین .

لە رۆژگاری رەشی سەردەمی دەسەڵاتی سـەدامدا، وەک پاڵپشـت و داڵدەدەرو پشتیوانی بزووتنەوەی نیشتمانی عێراقی، ئومێدمان بە بزووتنەوەی کوردی بەستبوو، هەروەها وەک رێبەری پرۆسـەی گۆڕان لـە رژێمێکی دیکتاتـۆری مەرکەزییەوە بەرەو سیسـتەمێکی دیموکراتی فیدراڵ . ئێسـتاش لە سـایەی باڵادەسـتیی سیستەمی بەشبەشکردنی تایفەگەری لە بەغدا، کە مەحاڵە بـەو رێگەیە بگەینە ئەو سیستەمەی دەمانەوێ، هیوامان بە ئەزموونی هەرێمی کوردستانە کە پەتای تایفەگەری نەیگرتووەتـەوە، بۆ ئەوەی نموونەیەک پێشـکێش بـکات بۆ گەلی عێراقی بسـەلمێنێ کـە بەرژەوەندی و ئایندەی پڕ لە ئاسایش و خۆشگوزەرانیی، لە سیستەمێکی دیموکراسی راستەقینەی دژ بە تایفەگـەری و مەزهەبی و قەومی شۆڤینیدایە.

ئێوە، ئەی سەرکردەکانی کورد، ئێمە شـەرمەزار دەکـەن، کە گەلـی خۆتان شەرمەزاردەکەن بە پێشێلکردنی ئەو ماف و ئازادییانەی یاساکانی ناوخۆ، سەرباری یاسا نێودەوڵەتییەکان بۆی دابینکردوون.

تکایە بە هەمان شـێوەی سـەدام و رژێمە دیکتاتۆرییەکانی ئێستا، بەرامبەر راپۆرتەکەی ئەمنسـتی ئینتەرناشـناڵ نەوەسـتنەوە، چونکە ئەگەر واتان کرد، ئیدی ئێمـەش دوایین هیـوای خۆمان بـە هاتنەکایەی عێراقێکـی دیموکرات لەدەسـتدەدەین، کـە ئێمـە و ئێـوە سـەردەمێکی درێژە چاومان تێی بڕیوە پێکەوە رۆژگارێکی خۆشی تێدا بژین .

لە رۆژنامەی (اوان)ی کوێتییەوە



# دەنگ بە کێ دەدەم؟

هاوڕێ باخەوان- هۆڵەندا
hawreh@bakhawan.com

لەم وەرزی دەنگدانەدا لە خۆم دەپرسم، ئەگەر لە کوردستان بوومایە دەنگم بەکێ دەدا؟ پرسیارێکە و دەبێت هەموو دەنگدەرێک لە کاتی دەنگدانەکاندا لەخۆی بکات.

خودی خۆم دەنگدەدەم بەو لایەنەی:

- شەڕی براکوژی نەکردووە!
- بەوەی سازشی لەگەڵ دوژمناندا نەکردووە!
- بەوەی کەرکووک و ناوچە دابڕاوەکانی بۆ گێڕاینەوە، یان بەردەوام خەریکی گێڕانەوەیەتی!
- بەوەی تەرمی هەموو ئەنفالکراوەکانی بۆ هێنایەنەوە بەبێ جیاوازی!
- بەوەی بەردەوام لە خەمی ئاوەدانکردنەوەی گوندەکانی کوردستاندایە!
- بەوەی یەک فلسی ئەم میللەتەی نەدزیوە و بودجەی وڵاتەکەم ترانسپەرانتانە بۆ پرۆژە پێویستەکان خەرجدەکات و دز و گەندەڵ نییە!
- بـەوەی بـەرژەوەنـدیـی نەتەوەییم دەخاتـە سـەروو لایەنەکەیەوە!
- بەوەی ژەهری بیابان لە مێشکمدا ناچەسپێنێت و بەردەوام ئەنفالم ناکاتەوە!
- بەوەی بازرگانی بەدەنگەکانمانەوە ناکات و ئەوەی بەڵێنیداوە پاشان جێبەجێی دەکات!
- بەوەی خزم خزمێنە ناکات!

بـەڵام لەمسەری راسـت بۆ ئەوسـەری چـەپ، لەمسەری کۆنسێرڤاتیف بۆ ئەوپەڕی پێشکەوتنخواز، بە تەواوەتی ئەو مەرجانەی منی بەسەردا ناچەسپێت! لەبەرئەوە ئەمجارەش دەڵێم دەنگ نادەم.



# پلانی ئەمریکا بۆ کورد

مەلیە ئاشک

مرۆڤ دەتوانێت پلانی ئەمریکا لەبارەی کوردەوە کە خۆی بۆ کشانەوە لە عێراق ئامـادە دەکات، بەکورتی بەم شـێوەیە لێکبداتەوە:

1- چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان بەڕێوەبەرێتی هەرێمی کوردی لە باکووری عێـراق و حکومەتـی ناوەنـدی عێراق (دابەشـکردنی داهاتی نەوت، کێشەی ئاوارەکان و بابەتی لەوجۆرە).

2- پشتگیریکردنی سیستەمی فیدراڵی دەستووری.

3- بەهێزکردنی دیالۆگ لەنێوان تورکیا و بارزانی و تاڵەبانیدا.

4- کارکردنی هاوبەشی تورکیا لەگەڵ عێراق و یەکێتی ئەوروپا، بۆ تەنگاوکردنی PKK بۆ ئەوەی چەکدابنێت.

5- هاوکاریکردنـی تورکیـا لـە چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەناوخۆی تورکیادا .ئـەم پلانـە بەهەوڵدانێکـی هاوبەش بـۆ لەنێوبردنی PKK دەچێتە پێشەوە، بۆیە PKK ئەنجامی هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی 29ی ئادار بۆ خۆی وەک مانەوە دەبینێت.

سـەرکەوتنی DTP لەباشـووری رۆژهەڵات، بەگوێـرەی PKK راگەیاندنی خەڵکی هەرێمەکـە ئەوەیە کە نوێنەری راسـتەقینەی ئەوان AKP نییە، بەڵکو DTP یە.

بڕوانن بەرپرسێکی باڵای PKK ئەنجامی هەڵبژاردنەکە چۆن شیدەکانەوە:

"بەم ئەنجامانە گەلـی کورد پەیامی پێویستی دایە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریـکا و یەکێتی ئـەور وپا. وەرگری سـەرەکی ئەم پەیامە کە گەلەکەمان لە هەڵبژاردنەکاندا دای ئەمریکایە، بەتایبەتی بەڕێز ئۆبا، لەبەرئەوەی لەبارەی باکووری کوردستان و لەناوەندی پلانی لەنێوبردنی بزاڤی رزگاریخوازیدا ئەمریکا هەیە، گەلی کورد گوتوویەتی ئێوە بەتووندوتیژی هیچ ئەنجامێک بەدەسـتناهێنن، ئێمە مافی بوونی نەتەوەییمان هەیە، لەسەر بنەمای وەرگرتنی ئەم مافانە بۆ پێشـڤەبردنی پرۆسـەی چارەسـەری ئاشـتیانە و دیموکراسـیانە ئامادەین. ئـەم پەیامە لەسەرەتادا بۆ ئەمریکا و یەکێتی ئەوروپا و تورکیایە". PKK ئیدی وابیردەکاتەوە کـە لەگەڵ گەلـی باشـوری رۆژهەڵات بووەتە یەک، واباوەڕ دەکات ئەنجامەکانی هەڵبژاردن گەرەنتی پێدەبەخشێت.

بیرکردنەوەی قەندیل ئەمەیە.

# بە 223 دۆلار لە جێی سەدام ببە زاوا

**رووداو–سەندەی تایمز**

کۆشکەکانی سەدام لە بابل دەکرێنە هوتێل و، سیسەمەکەی سەدام یەک شەو بە 223دۆلار بە کرێ دەدرێتە بووک و زاوایان.



کاربەدەستانی گەشتوگوزار لە بابل، کۆشـــکەکەی سەدامیان رازاندووەتەوە و بووک و زاوای نوێ دەتوانن شەوی یەکەمیان لەسەر سیسەمە کۆنەکەی سەدام بە بڕی 223 دۆلار رۆژ بکەنەوە. وەک لە رۆژنامەی سەندەی تایمزدا هاتووە" ئەگەر بەدوای شوێنێکدا دەگەڕێیت بۆ بەسەربردنی یەکەم شەوی زاوایەتیت، رووبکەرە شـــاری حلە لە باشـــووری عێراق". کاربەدەستێکی گەشتوگوزار لە شاری حلە دەڵێ" هیوادارین بەم کارەمان خەڵکێکی زیاتر رووبکاتە بابل و کاتێکی خۆش بەسەربەرن".

# مەڕی هەریرێ دەتەقن

**شەوقی کانەبی**

**رووداو–هەریر**



لە گوندی ئامۆکانی ســـەر بە شـــارۆچکەی هەریر، بە هۆی خواردنی جۆرە گیایەک، 50 سەر مەڕ تەقین و مردن. مەڕدارێکی گوندەکە بە (رووداو)ی راگەیاند "ئەمساڵ بە هۆی زۆری لەوەڕو شینبوونی گیای هەمەجۆر، نزیکەی 50 سەر مەڕ لەو گوندە بە هۆی خواردنی جۆرە گیایەکـــەوە تووشـــی بەلبوون (هەڵئاوســـان) بوون و تەقیـــون". عەباس عەلی، دکتۆری ڤێرتێرنەری و بەڕێوەبـــەری بەیتەرەی هەریر لەو بارەیەوە بە (رووداو)ی راگەیاند" ئـــەو گیایەی مەڕەکانی پێدەتەقن ناوی (نەفەل)ە و لەشێوەی وێنجەیە، ئەمساڵ بە هۆی زۆری باران ئەم جۆرە گیایە زۆر بووەو مێگەل زۆر لەو گیایە دەخوات و تووشی غازاتێکی زۆر دەبێت و دەتەقێت". سەبارەت بە چارەسەرەکەیشی دکتۆر عەباس گوتی "چارەسەری ئەوەیە ئامێری (مبزل) لە سکی ئاژەڵەکە دەدەین و هەواکەی بەتاڵدەکەین، بەڵام زۆربەی جار پێڕاناگەین و تا دەیانگەینێ دەتەقن".

# زەکەریا نیشان شکێنە

**رووداو–کارزان حەیدەر**



زەکەریا عەبدوڵلای هونەرمەند بیر لە دروستکردنی کەناڵێکی ئاسمانی دەکاتەوە، حەزی بەشداریکردنیشی لە بەرهەمێکی سینەمایی دەخاتەڕوو بە مەرجێک سیناریۆ و دەرهێنانێکی چاکی بۆ بکرێت.

زەکەریا لە هەڤپەیڤینێکی تایبەت بە (رووداو)دا هەندێ لایەنی ژیانی تایبەتی خۆی دەخاتەڕوو، کە حەزی لەنیشانشـــکێنیی و تەزبیح هەڵگرتنە لەمبارەیـــەوە دەڵـــێ" زۆر حەزم لـــە تەزبیحە، سەبووریم پێ دەبەخشێت و یارمەتیم دەدات بۆ بیرکردنەوە". زەکەریا، ئەوەشـــی نەشاردەوە، کە بەهۆی زۆری سەفەرەکانیەوە حەزدەکات فڕۆکەیەکی تایبەت بەخۆی بکڕێت.

» 10

Rûdaw
Rudaw readers know more

خاوەنی ئیمتیاز: کۆمپانیای رووداو
سەرۆکی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن: نوورەدین سەعید وەیسی nu rad inwaisi@rudaw.net
سەرنووسەر: ئاکۆ محەممەد akopress74@yahoo.com
جێگری سەرنووسەر: سەلام سەعدی salam2004s@yahoo.com
بەڕێوەبەری نووسین: ساڵح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوبەری هونەری: حوسێن هیممەتی himmati@rudaw.net
نوێنەری ئەوروپا: هێمن عەبدوڵلا hemnabdulla@rudaw.net
دیزاین: عەبدوڵلا رەفیق- بەختیار مستەفا- ڤیان سلێمان

...ی سیاسی گشتییە کۆمپانیای رووداو دەریدەکات
نووسینگەی سلێمانی: شەقامی کانێسکان پشت پارێزگای سلێمانی 07501130997
ناونیشان: هەولێر- بەرامبەر نیوستی
Tel: 0750 488 5696
rudaw@rudaw.net
www.rudaw...



# نۆرە گەیشتە قەیسەری هەولێریش

**رووداو–هەولێر**

پارێـــزگاری هەولێر رایگەیاند، پرۆســـەی نۆژەنکردنـــەوەی قەیســـەری هەولێـــر بـــەم نزیکانە دەســـت پێدەکرێت، کە بەهۆی گرفتی موەلیدەکانی کارەبای ناو قەیسەری دواکەوت. هەروەها گوتیشی لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی ماستەرپلانی هەولێـــردا ئەمســـاڵ پارێزگا دەگوازرێتەوە تەنیشـــت پەرلەمان و دادگاش دەبرێتە بەرامبەر کتێبخانەی گشتی.

نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر بە (رووداو)ی راگەیاند" قەیسەری هەولێر بەچەند هەنگاوێک نۆژەندەکرێتەوە، ئێســـتا بەشـــێکی دەســـت پێکراوە، کە بە مزگەوتی حاجی نوری دەستی پێکرد، ئێستا خەریکی مزگەوتی گەورەین".

وەک پارێزگاری هەولێر لە هەڤپەیڤینێکیدا لە گـەڵ (رووداو) ئامـــاژەی پێـــدا، بەرنامەیەکـــی تایبەتیـــان بۆ قەیســـەری هەیـــە و بەچەنـــد قۆناخێک جێبەجێدەکرێت و، روونیکردەوە" نۆژەنکردنەوەی قەیســـەری پەیوەســـتە بە بارودۆخی کارەبا، بوونی موەلیدەکانی کارەبا لە ناو قەیســـەری رێگـــری یەکەم بـــووە لـــە نۆژەنکردنەوەی".

لە بارەی بەشی سەرەوەی بازاڕی قەیسەری کە دیمەنێکی ناشیرینی هەیـــە، پارێزگاری هەولێر گوتی" ســـەرەوەی قەیســـەری کەرپووچ بووە، بەشـــی زۆریشی دوونهۆم بووە، بەهەمان شێواز چاکدەکرێتەوە، کە ئەویش بە چەند قۆناخێک دەبێت و لە هەر یەکێکیان بەشێک دەسکاری دەکرێت بۆ ئەوەی خەڵک زەحمەتی نەکێشـێت، چونکە بازاڕی ژمارە یەکە لە هەولێر".

» 16



# پەرلەمان لێینەخوڕی

**رووداو–هەولێر**

هەرچەنـــدە وا بڕیار بوو 8 پەرلەمانتار لە رۆژی کردنەوەی پرۆژەی پایسکلسواری بەشداربن، بەڵام بەهۆی سەرقاڵی خەمان زرار، ئەوانیدیکەش نەیانتوانی بەشـــدار بن.

عەلـــی ژاراوەیی خاوەنـــی پرۆژەکە، بە (رووداو)ی راگەیاند "پێشـــتر خەمان زرار بڕیاریدابـــوو 7 پەرلەمانتـــار لەگەڵ خۆی بێنێ لە رۆژی کردنەوەی پرۆژەکە، پایسکل لێبخوڕن، بەڵام خەمان ئەو رۆژە لە کۆنسولخانەی فەرەنسا لە چالاکییەک بوو، بۆیە نەیتوانی بەشدار بێ و چەندین جار بە تەلەفۆن داوای لێبووردنی کرد".

جگە لە خەمان، وەزیری تەندروستی و وەزیری شەهیدانیش بڕیاریاندابوو بەشدار بن، بـــەڵام وەک عەلـــی ژاراوەیی گوتی "د.زریان لەدەرەوەی وڵات بوو، د.چناریش لە مەراسیمی یادکردنەوەی کیمیابارانی دۆڵی بالیسان بوو".

ئەو پرۆژەیە کـــە رۆژی 2009/4/16 لـــە رۆژی ژینگەی کوردســـتان لەبەردەم سەنتەری رۆشنبیری کۆمەڵایەتی زانکۆی ســـەلاحەددین تاوەکو کۆلیژی زانســـت کرایەوە، جگـــە لە قوتابیانی زانکۆ چەند بەرپرسێکی حیزبی وحکومی ومامۆستایانی زانکـــۆ پایســـکلیان لێخـــوڕی. لەوانەش د.ئیدریس هادی، وەزیری خوێندنی باڵا، تەها بەرواری، وەزیـــری وەرزش و لاوان، د.محەممەد ســـدیق، ســـەرۆکی زانکۆی ســـەلاحەددین. 5 بەڕێوەبەری گشتی لە وەزارەتی خوێندنی باڵا، تاهیر عەبدوڵلا جێگری پارێزگاری هەولێر، شیرین ئامێدی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی، زۆر لە یاریدەدەرانـــی راگرەکان لـــە کۆلیژەکانی زانکۆی سەلاحەددین.

» 15

# مەلا ئاسایشی بەگرتن دا

**رووداو–کەسنەزان**

هەینـــی رابردوو لـــە مزگەوتی گەورەی کەســـنەزان، لەکاتێکدا مـــەلای مزگەوت، بەپێی رێنماییەکانی وەزارەتی ئەوقاف، لە وتاری هەینیدا باســـی پاکڕاگرتنی ژینگەی دەکرد کارمەندێکی ئاسایش لێی بڵنددەبێت و بڵندگـــۆی مزگەوتەکـــە دەکوژێنێتەوەو پێیدەڵێ "مامۆســـتا تۆ هەواڵ دەخوێنیەوە یان خوتبـــە دەدەی". دواتر کارمەندەکەی ئاسایش دەستگیر کرا.

مەلا نادر بیلال، پێشـــنوێژو وتارخوێنی مزگەوتی ناوبـــراو، هەواڵەکەی بۆ (رووداو) پشتڕاســـتکردەوە و گوتی "لە وتارەکەمدا باســـی ژینگەم دەکـــرد، بـــەڵام گەنجێک بڵندگۆکەی کوژانـــدەوە، من وامزانی گرفت لە بڵندگۆکە هەیە بۆیە کوژاندییەوە، بەڵام رووی لە خەڵکەکە کردو گوتی ئەوە هەواڵ دەخوێنێتەوە یان وتاری هەینی". ئەو مەلایە گوتیشی "خەڵکەکە ویســـتیان لێی بدەن، بەڵام من نەمهێشت".

ئـــەو کارمەندەی ئاســـایش کـــە ناوی (ر.ر.ح) لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیر کراوە. مەریوان نەقشـــبەندی، وتەبێژی وەزارەتی ئەوقاف لەو بارەوە بـــە (رووداو)ی راگەیاند "بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی دەوروبەری هەولێر، ســـکاڵای دژی ئەو کارمەندەی ئاســـایش تۆمارکردووە، چونکە لە کاتی کاری رەسمی مامۆستای ئاینیدا، هێرشیکردووەتە سەرو ســـووکایەتی پێکردووە، بەپێی نووسراوی ئێمە بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ئاسایش، دەســـبەجێ خۆیان دایانە دەست پۆلیس، بەمەبەستی دانی بەدادگا".

هەر لـــەو بارەیەوە عەمیـــد عەبدولخالق تەلعـــەت، بەڕێوەبـــەری پۆلیســـی هەولێر بە (رووداو)ی راگەیاند "نازانم ئەو هاووڵاتییە بە چ ماددەیەکی یاســـایی دەستگیرکراوە، چونکە هیـــچ ماددەیەکی یاســـایی بۆ ئەو کارەی ئەو کەســـە کردوویەتی نییە، مەگەر بەپێی یاســـای تەمبێ، تەمبێـــی بکەین، جارێکیتر شتی وا نەکاتەوە".

# شوهرەو شەهرام هوتێلەکان گەرم دەکەن

**رووداو–هەولێر**

1800 هاووڵاتی ئێرانـــی مانگێک پێش ئاهەنگی شوهرەو شارام سۆڵەتی لە هوتێلەکانی هەولێر ژوور بۆ خۆیان مسۆگەر دەکەن، نرخی بلیتی ئاهەنگەکەش زیاد دەکرێت.

بەڕێوەبـــەری کۆمپانیای سانفرانسیســـکۆ، کە کۆنســـێرتی ئەو دوو هونەرمەندە فارســـە ئەمریکا نشـــینە رۆژی 2009/4/24 لەهەولێر ســـازدەکات، رایگەیاند بەهـــۆی زۆری داخوازی بۆ ئامادەبوون لە ئاهەنگی شوهرەو شـــەهرام سۆڵەتی نرخی بلیتیان بەرزکردووەتەوە.نەجات ئەحمەد سەعید بەڕێوەبەری کۆمپانیای سانفرانسیسکۆ، کە بە"نگینخان" ناسراوە بە (رووداو)ی راگەیاند" پێشبینیمان نەدەکرد داخوازی لەسەر بلیتی ئەم ئاهەنگە بەم شێوەیە بێت و ئێستا بیر لە فرەوانکردنی شوێنی کۆنسێرتەکە دەکەینەوە بۆ ئەوەی دەرفەت بۆ هەموو ئارەزوومەندانی ئەم دوو گۆرانیبێژە برەخسێنین،ئامادەی کۆنسێرتەکە بن".

وەک ئاماژەیشی پێدا نرخی بلیتی کۆنسێرتەکەیان لە 25هەزار دینارەوە کردووەتە 35هەزار و بلیتی شوێنی تایبەتیش لە 35دۆلارەوە کراوەتە 50دۆلار.

بەپێی قسەی بەڕێوەبەری کۆمپانیای سانفرانسیسکۆ نزیکەی 1800کەس لە ئێرانەوە، لە رێگەی کۆمپانیای فیدراڵەوە ژووریـــان بۆخۆیان لە هوتێلەکانی هەولێر گرتـــووە، گوتیشـــی "زۆربـــەی ئارەزوومەندانی ئەم کۆنسێرتە خەڵکی ســـلێمانی و ئێرانن". کۆمپانیاکە ویستوویەتی کۆنسێرتێکیش لە سلێمانی سازبکەن، بـــەڵام وەک نگینخان گوتی "شـــوهرە و شـــەهرام بەرنامەیەکی دیکەیان لە لۆســـئەنجلس هەبوو،بۆیە دەرفەتی دووئاهەنگیان لە کوردستان نەبوو".

وەک ئەو بەڕێوەبەرە ئامـــاژەی پێدا "ئاهەنگەکە جگە لە مەبەســـتی بازرگانی و قازانج، مەبەستێکی دیکەشـــمان لێـــی ئەوەیە کە وێنەیەکـــی وا بدەینە جیهـــان، کـــە کوردســـتانیش وەک زۆر وڵاتی دیکە شوێنێکی ئارامە بۆ کار و چالاکی هونەری".



# جەبار شێخانی دوور لە سیاسەت

**رووداو– لەندەن**

جەبار شێخانی خاوەن ماڵپەڕی (جەبار ئینفۆ) نیـــازی وایە گۆڤارێکی هەمەڕەنگی دوور لەسیاسەت دەربکات و ماڵپەڕێکیش بە زمانی ئینگلیزی بکاتەوە.

ماڵپەڕی جەبارئینفـــۆ، کە یەکێکە لە ماڵپەڕە قەرەباڵغە کوردییەکان لە داهاتوودا هەر دوور لە سیاســـەت بەزمانی ئینگلیزی دەکرێتەوە، لەمبارەیەوە جەبار شێخانی لە بە (رووداو)ی راگەیاند"دەمەوێت ماڵپەڕەکە تایبـــەت بێت بە گەنجـــان وەک رایەڵێکی کۆمەڵایەتی و هونەری بمێنێتەوە".

ماڵپـــەڕی جەبارئینفـــۆ لەســـەرەتادا وەک هەوێنـــی تەنیایـــی تاراوگە و حەزی دۆزینەوەی هاوڕێکانی بووە، جەبار شێخانی وێنە و ناونیشـــان و ژمـــارەی تەلەفۆنی خۆی لەسەر داناوە. لەبارەی ناوی ماڵپەڕەکە جەبار شێخانی روونیکـــردەوە" ناونانی ماڵپەڕەکە بەناوی خۆم هەڵەیەک بوو کردم و، بەهۆی نەشارەزاییەوە بوو، ئێستاش ناتوانم بە ئاسانی ناوەکەی بگۆڕم، چونکە خەڵکێکی زۆر پێی ئاشنان".

خاوەنی ماڵپەڕەکە رۆژانە 8 تا 12کاژێر بـــۆ راپەراندنـــی کارەکانـــی ماڵپەڕەکەی تەرخانکـــردووە، خۆی و هاوســـەرەکەی بەڕێـــوەی دەبەن و دوو کەســـی دیکەش هەنـــدێ جـــار هـــاوکاری کاری دیزاینـــی دەکەن. وەک جەبار شێخانی گوتی زۆربەی هۆگرانی ماڵپەڕەکەی گەنج و بەتایبەتیش کچـــن، لە رێگـــەی ماڵپەڕەکـــەی ئەوەوە چـــات و یەکتر ناســـین هەیـــە، ئەنجامی هەندێکیان بەهاوسەریی کۆتایی پێهاتووە، لەمبارەیـــەوە جەبار شـــێخانی گوتی" لە مەکۆی جەبار شێخانی گۆشەیەک هەیە بە ناوی یەکترناسین، تا ئەمڕۆ 4 کچ و کوری بەیەکگەیاندووە".

یەک لـــەو چالاکیانەی کە خـــاوەن ماڵپـــەڕی جەبار ئینفـــۆ شـــانازی پێـــوە دەکات گواســـتنەوەی ئاهەنگێکی عەزیز وەیسییە لە بێرمینگهـــام، کە یەکەم ماڵپەڕی کوردییە بتوانێت بە دەنگ و رەنگەوە راستەوخۆ ئاهەنگ بگوازێتەوە.



**درێـــژەی راپۆرتەکەی (جەبارئینفـــۆ) لـــە (رووداونێت)دا بخوێننەوە.**

# برۆکسل بۆ کورد گریا

**رووداو– هەولێر**

لەو ســـیمینارەی پێش دووهەفتە لە برۆکســـلی پایتەختی یەکێتی ئەورووپا پێشکەشـــکرا فیلمی (دایکانی من) یەکێکبوو لە بڕگەکانی سیمینارەکە و، بە پێی قسەی بورهان جاف نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە یەکێتی ئەورووپا ئەو فیلمە زۆربەی ئامادەبووانی لەناخەوە گریاند. بورهان جاف لەمبارەیەوە گوتی" زمانی فیلمی دایکانی من زۆر لە زمانی سیاسەت کاریگەرتر بوو، هەندێکیان دەســـتیان بە گریان کرد وچوونە دەرەوە، دەبێ لەمەودوا بە زمانی ســـینەما لەگەڵ رای گشـــتی قسەبکەین". بە پێی زانیاری نوێنەری حکومەت بڕیارە ئەو فیلمە بەشداری فستیڤاڵی نێودەوڵەتی کان بکات. نوێنەری حکومەتی هەرێم هیوای خواست نەک هەر هەڵەبجە و ئەنفال، بەڵکو کارەساتەکانی سەردەمی شۆڕشـــی ئەیلوولیش بەدیکیۆمێنت بکرێن، لەوانەش بۆردومانی قەڵادزێ کە جگە لە فیلمی (ژیان)ی جانۆ رۆژبەیانی هیچ کاری دیکەی بۆ نەکراوە.



# تەڵاق بە مەسیج

**رووداو– سعودیە**

رۆژنامەکانی سعودیە هەفتەی رابردوو دیاردەی ژنهێنانی پیاوانی سعودیەیان، لەکچانی ئەندەنووسیا تەقاندەوە، کە بەجۆرێک لە زیادبووندایە پێشـــبینی دەکرێت دوای 20 ســـاڵی دیکە 80%ی دانیشتوانی سعودیە رەنگ و رەگەزی ئەندەنووسیایی وەربگرن. بەپێی رۆژنامەکانی سعودیە ئێستا پیاوانی ســـعودیی بۆ ماوەیەک دەچنە ئەندەنوســـیا لەوێ کچێکی ئەندەنوسی لەسەر بنەمای (زەواج بەنیازی تەڵاقدان)مارە دەکەن و مارەکردنەکەش لەناو باڵیۆزخانەی سعودیە لەئەندەنوسیا ئەنجامدەدرێت، زۆربەی شـــایەت و مەلا و وەلی ئەمری کچەکە خەڵکی وەهمین و تەنیا بۆ خەڵەتاندنی باڵیۆزخانە کۆدەکرێنەوە، لەســـەرەتادا بڕێک پارە بە کچەکە دەبەخشن و لەسەر نەختـــی دواخراویـــش رێکدەکـــەون. دوای ماوەیـــەک پیاوە ســـعودیە دەوڵەمەندەکان دەچنە باڵیۆزخانە و موئەخەرەی هاوسەرگیرییەکەیان رادەستی ئەوان دەکەن و تەڵاقنامەیەک بۆ ژنە ئەندەنوسیەکەیان بەجێدەهێڵن و بەرەو وڵاتی خۆیـــان یان بەرەو وڵاتێکی دیکە وەڕێ دەکەون. وەک ئەو راپۆرتە هەواڵانە ئاماژەی پێدەدەن زۆرجـــار تەڵاقدانی ژنان بە مەســـج یان بە ئیمێل یان بەتەلەفونێک دەکرێت.

Reklam

